# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣١٠)- (٢٨)ی ئاداری ٢٠٢٢

### بەشداریی کوردستان لە لوتکەی کۆڕبەندی وزەی جیهانیدا

# سەرۆکی حکومەت لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکان باس لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی وزە دەکات



**لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٤٣ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ و ٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە**




# بێتەل و پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی شۆڕش

١١

بێتەل، هەمیشە ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەر و گەورەی بینیوە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی شۆڕش و گواستنەوە و گۆڕینەوەی زانیاری و هەواڵەکان.


بە مەبەستی ڕێکخستنی تۆڕی پەیوەندی و گەیاندن و پێکەوە بەستنی ناوچەکانی شۆڕش، ڕۆژی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ کۆبوونەوەیەکی تێر و تەسەلمان لەگەڵ ژمارەیەک پسپۆڕ و تەکنیککاری بواری لاسلکی و بێتەل ساز دا. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە و جێی خۆشحاڵی بوو.

دوابەدوای کۆبوونەوەکەمان هەوڵێکی تەواو درا بۆ بەکارخستنەوە و کارکردن بە پەیوەندییەکان لە ڕێی بێتەلەوە، دوای ماوەیەکی کورتیش، هەوڵەکان ئەنجامیان هەبوو. دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، یەکەم پەیوەندی لە ڕێی بێتەلەوە لە ناو شۆڕشدا، سەعات هەشتی بەیانی ڕۆژی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠ لە نێوان وێستگەکانی لقی دوو لە کەوپەڕ و وێستگەی مەکتەب سیاسی لە ڕاژان بەسترا.

ڕۆژ ٢٦ی شوباتی ١٩٨٠، لە ئەنجامی شەونخوونیی کادیرە بەتواناکانی بواری گەیاندنەوە، یەکەم پەیوەندی لەگەڵ لقی یەک گیرا کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو و توانرا لە ڕێی بێتەلەوە ئاگاداری هەموو چالاکی و بابەتەکان بین لە زاخۆوە تا خانەقین. ئەمە دەستکەوتێکی گرینگ بوو. دوای دامەزراندنی تۆڕی پەیوەندییەکان لە ڕێی بێتەلەوە، لە ڕێی کردنەوەی خولی پێگەیاندنەوە لە بواری بێتەل و لاسلکیدا، هەوڵی پێگەیاندنی کادیری تازە و پێشکەوتوو درا. لەو پێناوەدا چوار خولی پێگەیاندنی کادیری بێتەل کرایەوە کە سێیان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی و بە سەرپەرشتیی هەر یەکە لە سلێمان مەولوود و زکری حەبیب و مستەفا ئامێدی و عەبدوڵڵا دەرویشەوە بەڕێوە چوون. حەفتا و پێنج قوتابی بەشدارییان لە هەر سێ خولەکەی ناو بارەگای مەکتەبی سیاسیدا کرد.

خولی چوارەمی پێگەیاندنی کادیرانی بێتەل لە سنووری لقی یەک کرایەوە، شەش کادیری بواری بێتەل بەشدارییان تێدا کرد، دواتر بە سەر وێستگەکانی سنووری لقدا دابەش کران.

# چاپکراوی نوێ




چاپی دووەمی کتێبی (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی دیوانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی) کە بە عەرەبییەکەی (قراءة نقدية في ديوان فريدون عبدول برزنجي) لە نووسینی دکتۆر کەمال غەمبار بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە نێو کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، نووسەری کتێبەکە گەشتێکی بەم دیوانە شیعرەیدا کردووە، پێشەکییەکەی بە کوردی نووسیوە دواتر چەندین شیعری شاعیری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەسەری نووسیون، سەرەتا دەڵێت: ئەگەر شاعیری بەرگریی فەرەنسی لویس ئەراگۆن بۆ چاوەکانی ئەلێزا دیوانێکی شیعری دانابێت، یان شاعیری نوێخوازی عێراقی بەدر شاکر ئەلسەیاب دیوانەکەی پێشکەش بە کچە خوێندکارەکانی خانەی باڵای مامۆستایان کردبێت، ئەوا فەرەیدوونیش دیوانێکی شیعری بۆ خۆشەویستی نووسیوە، بەڵام ئەوەی کە دکتۆر فەرەیدوون لە ئەراگۆن جیادەکاتەوە، تەنیا شەیدابوونی جوانیی چاوی دڵبەر نییە، بەڵکو هەموو ئەندامە جوانەکانی ئافرەتە کە بە عەشقێکی دەروونپاکییەوە وەسفیان دەکات.

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەدا دکتۆر غەمبار ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیر بە زمانێکی ڕەوان و سفت و سۆڵ و بێ گرێ و گۆڵ شیعرەکانی داڕشتووە، زمانەکەی وەك خەڵکی ڕەمەکی مۆری بازاڕی پێوە دیار نییە، شیعرەکانی بەزۆری شێوازی ڕوونبێژی و تەئویلیان بەخۆوە گرتووە، لە ڕووی یەکێتیی بابەتەوە، شاعیر یەکێتیی بابەتی پاراستووە و بنیاتی شیعرەکانی بە شێوەیەکی گشتی توکمە و پتەون، هەروەها دەڵێت: لە هارمۆنییەتی نێوان فۆرم و ناوەرۆکدا شاعیر پەیوەندییەکی هارمۆنی لەنێوان فۆرم و ناوەرۆکدا دروست کردووە، کێش و ریتم و ترپەی مۆسیقای ناوەوە دەرەوەی هۆنراوەکانی پاراستووە.

دەستخۆشی لە دکتۆر کەمال غەمبار دەکەین کە زۆر بە توانایەکی بێ هاوتای زمانەوانییەوە لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە سەرکەوتوو بوو.


# چاپکراوی نوێ






دوو کتێبی چاپکراو یەکێکیان بە ناوی( جەلال مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا ) و دووەمیشیان بە ناوی (زرەی زنجیرەی وشە دیلەکان)ی جەلال مەلەکشا گەیشتنە دەستمان، کتێبی یەکەم بریتییە لە کۆمەڵە نووسین و وتارێکی ئەدەبیی تایبەت بە شاعیری کۆچکردوو جەلال مەلەکشا، یەکێك لەو بابەتانە ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیر لە تەمەنێکی کەم و هەر لە هەرەتی منداڵی و مێرمنداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە، بە وتەی خۆی یەکەم شیعری کاتێ پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە نووسیوە، هاوکات مەلەکشا لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٨دا، نووسین بە زمانی زگماکی خۆی دەست پێ دەکات و لە ماوەی چەند ساڵدا وەك شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناوبانگ دەردەکات. جگە لە شیعر دەستی باڵای هەبووە لە نووسینی چیرۆکدا ساڵی ٢٠١٣ کۆمەڵە چیرۆکێکی بە کوردی بە ناوی (کارەسات)کە لە نۆزدە کورتە چیرۆك پێکهاتبوو، چاپکرا. بۆ ماوەیەك لە دامەزراوەی






فەرهەنگیی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ، سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەران و شاعیرانی گەنجی کورد بووە. کتێبی دووەم بە ناوی (زرەی زنجیرەی وشە دیلەکان- جەلال مەلەکشا )کە بریتییە لە دیوانە شیعرێك دەیان دەقی شیعری لەخۆ دەگرێت، کە زۆربەی ئەو شیعرانە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بەڵاڤۆکە کوردییەکان بڵاوبوونەتەوە. هەندێك لە دەقە شیعرییەکان جەلال مەلەکشا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕووسی و عەرەبی.

شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بواری نیشتمانی و نەتەوەیی و بەرگری دەگرێتەوە، جگە لە شیعری ویجدانی و دڵداری و هەستی پاکی خۆشەویستیی دڵبەر کە شاعیریش وەك هەر مرۆڤێکی دیکە بە پەیڤە ناسکەکان هەستی خۆی دەربڕیوە.

جەلال مەلەکشای شاعیر لە ڕۆژی ۳۱ی تشرینی یەکەمی ۲۰۲۰ بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە زێدی باب و باپیرانی، شاری سنە بە خاك سپێردرا.





# عێراق و
# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
## لەسەر لێواری هەژانێکی گەورە و ناسەقامگیرییەکی ئاڵۆزدا

دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو :



## گەڕانەوەی پارەی قەرزە بازرگانییەکان بە یاسا ڕێکخراوە

برانتلی وۆماک :



## کارێکی گەمژانەیە ئەگەر چین ببێتە هۆکاری درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

ستیوارت کۆفمان :



## پرسیارەکە ئەوەیە کاردانەوەی پۆتین چی دەبێت، ئەگەر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا شکستی هێنا؟


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

هێڤیدار ئەحمەد :

## لە دەروازەکانی سنووری سلێمانی بە ڕۆژی ڕووناک قاچاخچێتی دەکرێت و کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێ بکات






دیزاینەر شنیار تەها :

## بە بڕوابەخۆبوون و هەوڵەکانم توانیم متمانەی بەرامبەر بە دەست بهێنم

## سەرسووڕان لەکاتی هەڵسانەوەدا



## کۆمپیوتەرێکی بچووک هاوتای کۆمپیوتەرە مەزنەکان




هێرۆ جەمال :

## لە هەر یانەیەک یاریم کردبێت ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە



## کۆڕەوە ملیۆنییە جەماوەرییەکەی کوردستان تەواوکەر و درێژەپێدەری ڕاپەڕین بوو



# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان

## دەرفەتێک بۆ مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی



**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر وا دابنێین مانگی پڕ خێری ڕەمەزان، مەوسمی خواپەرستی و بەڕۆژووبوون و نزیکبوونەوەیە لە خوای گەورە، ئەوە لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانین ئەو مانگە وێستگەیەکی گرنگە بۆ بەخۆداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دڵ و دەروون لە لایەك و وەرگرتنی ڕەوشتە بەرز و ئاکارە جوانەکان لە لایەکی ترەوە. چونکە فەلسەفەی خواپەرستی خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە کاریگەریی هەمەلایەنەی ئەرێنی چێ دەکات و تاکەکان لە فۆڕمێکی تازە و پاك و دروست و بەرزەوە دادەڕێژێتەوە و ئاراستەی کۆمەڵگەیان دەکاتەوە، مەبەستیش لەو ئاراستە ئەوەیە کە خودی ئەو تاکە ببێتە فاکتەری خێر بۆ خۆی و دەوروبەری و پاڵنەرێکی چاکەخوازیش بێت بۆ کۆمەڵگە و کیان و ئەو نیشتمانەی لێی دەژێت، دروستبوونی ئەو جۆرەی کەسایەتییش لە کەسێتیی هەر مرۆڤێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: وازهێنان لە هەڵە و کەموکووڕی و تاوان و هەموو ئەو دیاردە قێزەونانەی دەبنە هۆی تێکچوونی شیرازەی بنچینەیی و کەسایەتی مرۆڤەوە.

دووەم: خۆڕاهێنان لەسەر چەمکی لێبوردەیی و نەرمی و بەزەیی هاتنەوە و ویژدانێکی زیندووەوە.

بۆ ئەوەی وردتر بچینە کرۆکەی باسەکەوە و شیکارێکی تەعبیری و وێنایی بۆ حاڵەتی یەکەم بکەین، دەکرێ بڵێین ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی و لە پێناو وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خواوە هۆشیار نەبێ، ئەوە ڕێك سەرپێچی و تاوانەکان دەیخەنە پەرێزێکی ناتەندروستو سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشیی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، لەبەر ئەوەی گوناە و تاوان هەمیشە مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕەشبینانە ئاراستە دەکەن و ژەنگ و ژاڵی زۆریش بە سەر دەروونیەوە جێدەهێڵێ.

هەر کات مرۆڤ خۆی وا ڕاهێنا، تاوانی گچکە ئەنجام نەدا، ئەوە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لە تاوانە گەورە و مەترسیدارەکان، هەرکاتیش نەیتوانی بە سەریاندا زاڵ ببێ، ئەوە دەکەوێتە داوی هەڵە و کەموکووڕی و تاوانەوە، کە سەرەنجام کاریگەری و دەرهاوێشتەی سەلبی بە سەر کەسایەتییەوە لێ دەکەوێتەوە. چونکە تاوان و نەخۆشی دوو لای یەك دراون، وەك چۆن نەخۆشی هەیە سادەیە و بە خواردنی حەبێك چارەسەر دەبێ، بە هەمان شێوە تاوانیش هەیە بە سادەیی بنەبڕ دەبێ و نامێنێ، وەك چۆن نەخۆشی هەیە پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن و داخیلبوون هەیە، بە هەمان شێوە تاوان و ڕەوشتی خراپی واش هەیە پێویستی بە کات و دەرفەرت و گرتنەبەری



ئامـرازی پێویسـت هەیـە، تـا لێـی دەربـاز دەبـێ، وەك چـۆن نەخۆشـییش هەیـە کوشـندەیە و چارەسـەری نییـە و دەبێتـە سـەرەتان و بـە ناخـی مرۆڤـدا دەچێتـە خـوارەوە و بەرۆکـی دەگـرێ و ژیانـی دەخاتـە مەترسـییەوە، بـە هەمـان شـێوە تـاوان و گوناهیـش هەیـە دەبێتـە دەردێکـی بـێ چارەسـەر و سـەرەنجام ئەگـەر ئـەو کەسـە چارەسـەری بـۆ نەدۆزێتـەوە، مەترسـیی زۆر و گـەورە لـە سـەر ژیـان و کەسـایەتییەکەی دەنێتـەوە و ئەسـتەمە لـە ژێـر کاریگەرییـە خراپەکانـی دەربـاز بێـت.

بۆیـە باشـترین وێسـتگە و چارەسـەری هۆشـیاربوونە لـە بەهـای مانگـی ڕەمـەزان، کـە زێڕینتریـن دەرفەتـە بـۆ مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بتوانـێ تێیـدا خـۆی پـاك بکاتـەوە و کەسـایەتیی خـۆی دابڕێژێتـەوە، ئـەوەش بـە گەڕانـەوەو وازهێنـان لـە هەڵـە و تـاوان دروسـت دەبـێ و بـەو هۆیەشـەوە دەروون و جەسـتە دەکەونـەوە حاڵەتـی تەندروسـتییەکی بـاش و ئەخلاقێکـی بـەرز و جوانـی کۆمەڵایەتییـەوە.

سـەروەری مرۆڤایەتـی حەزرەتـی محەمـەد (درودی خوای لەسـەر بێت) لـە چەندیـن فەرمـوودە، هێمای بۆ ئـەوە کـردووە، کـە لـە مانگـی ڕەمـەزان خـوای گـەورە لێبوردەیـی خـۆی دەکاتـە خەڵاتـی ئـەو بەندانـەی تەوبـە دەکـەن و ڕێگـەی چاکـەکاری دەگرنەبـەر و خۆیـان لـە پەرێزی خراپە و تـاوان و سـەرپێچییەکان دوور دەخەنـەوە. هـەر بۆیـەش یەکـێ لـە ناوەکانـی خـوای گـەورە (عفـو _ لێبوردە)یە، لەگـەڵ ئـەوەش زۆرتریـن نزای پێغەمبـەر (درودی خـوای لـە سـەر بێت) لـە مانگـی ڕەمـەزان ئـەوە بـوو، کـە دەیفەرمـوو: (خوایـە تـۆ لێبـوردەی و حەزیـش بـە لێبـوردن دەکەیـت، دەسـا لێمـان ببـوورە)، کەواتـە بـە بەڵگـەوە مانگـی ڕەمـەزان دەرفەتێکـی گرنگـە بـۆ هەمـوو ئەوانـەی بـە دوای لێبوردەیـی تامـەزرۆن و دەیانـەوێ خـوای گـەورە تەوبەیـان لـێ قەبـووڵ بـکات.

کـە وایـە بـا ئێمـە بەخۆداچوونەوەیـەك لـە کـردار و ڕەفتـار و گوفتارەکانمـان بکەیـن، سـا بـە ئومێـدی لێبوردەیـی پـەروەردگارەوە هەڵەکانمـان ڕەش بینـەوە و بکەوینـە حاڵەتێکی باشتری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە. لـە هەمـان کات ئەرکـە ئـەو وانـەش لـە نێوەرۆکـی چەمکـی لێبوردەیـی پـەروەردگارەوە فێـر ببیـن، کـە بریتییـە لـەوەی: مـادام خـوای گـەورە لێبوردەیـە بـە هەمـان شـێوە کەسـانی لێبوردەشـی خـۆش دەوێـت.

دەی بـا لـەو دەرفەتـە و لـە نـاو خۆمانـدا لێبـوردن بکەینـە هەوێنـی تەبایـی و برایەتـی و بەهـای کۆمەڵایەتییەوە و، هـەر یەکێکمان با لـە ئاست هەمـوو ئـەو کەسـانە لێبـوردە بیـن، کـە هەڵەیـان بەرامبـەر ئەنجام داویـن، با لـە هەمـوو ئـەو دراوسـێ و دەوروبـەر و خەڵکانـە ببوورێـن، بـۆ ئـەوەی لاپەڕەیەکـی تـازە لـە جـۆری پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانمـان دروسـت بـێ و تەبایی و ئاشتبوونەوە و برایەتی و یەکڕیزی بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگـە و، لە سایەی کاریگەریی ئەو تەباییەش هەمـوو لایـەك لـە بەختـەوەری دەروونـی و ویژدانـی و ژیانـەوە نزیـك ببینـەوە.

بەتایبـەت لـەو مانگـە پیـرۆزە ئەرکـە هـەر تاکێـك چەمکـی لێبوردەیـی لـە خۆیـدا بەرجەسـتە بـکات و ئاشـت بێتـەوە لەگـەڵ ئەوانـەی کێشـەی لەگەڵیـان هەیـە و، لـە هەمـان کاتیـش بـۆ دەربازبـوون لـە قەیرانـە دەروونی و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە گیانی لێبوردەیـی ببێتـە چارەسـەر و خەڵکیـش بـە هۆیـەوە بکەونە شادومانی و ئاسوودەیی و ناخێکی پاك و دوور لـە ڕق و کینـەوە.

**ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی و له پێناو وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خواوە هۆشیار نەبێ، ئەوە ڕێک سەرپێچی و تاوانەکان دەیخەنە پەرێزێکی ناتەندروستو سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە**

**لە مانگی ڕەمەزان خوای گەورە لێبوردەیی خۆی دەکاتە خەڵاتی ئەو بەندانەی تەوبە دەکەن و ڕێگەی چاکەکاری دەگرنەبەر و خۆیان لە پەرێزی خراپە و تاوان و سەرپێچییەکان دوور دەخەنەوە**



# کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە دوبەی لە چوارچێوەی دارشتنەوەی نەخشەی جیهانیی وزە دێت



## د. بێوار خنسی

**راوێژکاری سەرۆکی حکومەت**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لووتکەی کۆڕبەندی جیهانیی وزە کە لە رۆژانی ٢٨-٢٩ی ئادار لە دوبەی لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوە دەچێت و، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای دەبێت و، یەکێك دەبێت لە قسەکەرە سەرەکییەکانی ئەو کۆڕبەندە، کە تێیدا چەندین بەرپرس و کەسایەتیی بەناوبانگی جیهانی و گەورە کۆمپانیاکان تێیدا بەشدار دەبن، لە کاتێکدا دێت کە جیهان بە ئاڵۆزییەکی گەورەدا تێپەڕ دەبێت، کە بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەڵکشانی نرخی نەوت و دەیان ئەگەری دیکەی پەیوەندیدار بە مەترسییەکانی سەر چارەنووسی نەوت و گازی سرووشتی لە ئارادایە، بە تایبەتی دوای ئەوەی شەڕەکە ڕەهەندێکی گەورەی ئابووری، بە تایبەتی گازی سرووشتی بە خۆوە دەبینێت و، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە دوای ئەڵتەرناتیڤی نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیاوەن. دوور لە سیاسەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆربەندەدا دەیەوێت لە نزیکەوە جیهانی وزە و گەورە کۆمپانیاکان بەرەو هەرێمی کوردستان ڕابکێشێت و، هەرێم ببێتە فاکتەرێکی تەناهی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا و، ئەو هەلە گەورانەی نەوت و گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو، کە دەکرێت گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بێن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیاوی و دروستکردنی پاڵاوتگەی گەورە، هەروەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڕایگەیاند: «دوا پەرەسەندنەکانی ناوچەکە لە کۆڕبەندی وزە باس دەکەین»، ئاماژەی بەوەش دا «تاوتوێی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی کوردستان دەکەین. «

ئەمرۆ لە جیهاندا نزیکەی ١٢٣٦ ملیار بەرمیل نەوت هەیە و، زیاد لە ٦٠٪ی لەو وڵاتانەدایە کە ئەندامی «ئۆپێك»ـن، لە ناویشیاندا وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان دێت، کە لە ڕیزبەندی سێیەم و چوارەم دێن، کە تەنیا لە هەرێمی کوردستان مەزەندە دەکرێت ٤٢ تا ٤٣ ملیار بەرمیلی نەوتی یەدەگ و ٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا گازی سرووشتی هەبێت، خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان بخرێتە ناو ڕیزبەندێکی ١٣ وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێك، دەبینین لە ڕیزبەندی شەشەم وڵات دێت. بوونی جوگرافیای ئابووری و تۆپۆگرافیای ناوچەکە و بوونی لوولەکێشەکانی گواستنەوەی نەوت بۆ بەندەری جیهانی تورکی لەسەر دەریای ناوەڕاستی نزیك کیشوەری ئەورووپا و، کەمیی تێچوونی دەرهێنان و گواستنەوەکەی، بەهێزیی پێگەی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات لەسەر نەخشەی جیهانی وزە، خۆ ئەگەر عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە کار بۆ وەبەرهێنانی نەوت و گازی سرووشتی بکەن و پێکەوە کاری هاوبەشی ئابووری بکەن، ئەوا عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە قەیرانی دارایی دەربازیان دەبێت و، عێراق دەبێتە وڵاتێکی بەهێزی وزە و لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاندا حیساباتی وردی بۆ دەکرێت، ئەمەش بە دڵی زۆر وڵاتی ناوچەکە نییە و بە واتایەکی دیکە ئەرکی سیاسەتمەدارەکانە بە زمانی ئابووری و بەرژەوەندیی هاوبەش ئاراستەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بگۆڕن، نەك بە پێچەوانەوە، وەك ئەوەی هانی دادگای فیدراڵیی عێراقیان دا لە دژی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات. هەر چۆنێك بێت لەم کۆڕبەندەدا جگە لە گەورە وڵاتانی پیشەسازیی جیهان و گەورە کۆمپانیاکانیان، چوار وڵاتی ناوچەکە لە یەدەگی نەوت و گازی سرووشتی جێگای بەهێز و گەورەیان هەیە، ئەویش سعودیە و ئیمارات و عێراقە و ڕۆڵی تورکیاش وەکو پێگەیەك بۆ گواستنەوەی نەوت و گازی سرووشتی دیار و بەرچاوە، کە دەکەونە سەر هیلالی گازی سرووشتی لە قەزوینەوە بۆ عێراق و وڵاتانی کەنداوی

**تەنیا لە هەرێمی کوردستان مەزەندە دەکرێت ٤٢ تا ٤٣ ملیار بەرمیلی نەوتی یەدەگ و ٥,٧ ترلیۆن مەتر سێجا گازی سرووشتی هەبێت**

**ئەگەر عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە کار بۆ وەبەرهێنانی نەوت و گازی سرووشتی بکەن و پێکەوە کاری هاوبەشی ئابووری بکەن، ئەوا عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە قەیرانی دارایی دەربازیان دەبێت**

**ئەرکی سیاسەتمەدارەکانە بە زمانی ئابووری و بەرژەوەندیی هاوبەش ئاراستەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بگۆڕن، نەک بە پێچەوانەوە، وەک ئەوەی هانی دادگای فیدراڵیی عێراقیان دا لە دژی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات**

عەرەبی. یەکێك لە گرنگیەکانی ئەم کۆڕبەندە ئەوەیە لەکاتێکدا دێت جیهان و بەتایبەتیش ئەورووپای ڕۆژئاوا، مەترسییەکی زۆری هەیە لەسەر پشتبەستن بە گازی سرووشتی وڵاتی ڕووسیا و، کەوتوونەتە بەردەم گرفتێکی سیاسی و ئابووری، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەردەوام بن لە هێنانی گازی سرووشتی لە ڕووسیا، واتا تەمویلی شەڕی ڕووسیا دەکەن لە دژی ئۆکرانیا، خۆ ئەگەر دەستبەرداری ڕێککەوتنی هێنانی گازی سرووشتی بن، گرفتێکی گەورەی وزە لە ئەورووپا ڕوودەدات، وەکو ئەوە وایە گەمارۆ لەسەر خۆیان دابنێن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە ئەوان بە دوای بەدیلی گازی سرووشتیی ڕووسیادا دەگەڕێن. ئەو گازە سرووشتییەی کە لە جیهاندا مەزەندە دەکرێت ٢٠٥ تریلیۆن مەتر سێجا تۆن گازی سرووشتی هەبێت و، ڕۆژانە ٣٨٠٠ تۆن لە گازی سرووشتی بەکار بهێنرێت، زۆربەی ئەو وڵاتانەی خاوەنی گازی سرووشتین لە مونتەدای گازی سرووشتی ئەندامن و ١١ وڵات پێك دەهێنن، کە ڕووسیا و ئێران و قەتەر و جەزائیر و نێچیریا و میسر و عێراق و زۆر لە وڵاتانی کەنداو هەن، هەرێمی کوردستانیش مەزەندە دەکرێت، خاوەنی ٥،٧ تریلیۆن مەتر سێجا بێت و لە ڕووی جیوپۆلەتیك و باشیی گازەکەی و کەمیی تێچوونی گواستنەوەی و سەقامگیریی هەرێمەکە، هەمووی کۆمەڵێك خاڵی ئیجابین .

ئەم نەوت و گازە سرووشتییەی هەرێمی کوردستان خۆ ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی زانستی و بە سوودوەرگرتن لە گەورە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی نەوت و گازی سرووشتی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و زانستی بەکار بهێنرێت، دەبێتە بنەمایەکی بەهێزی ئابووری و پێگەی هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی سەقامگیر و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی دراوسێتی و پاراستنی یەکڕیزی لە نێوخۆی کوردستان و، بە هێمنی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا هەمووی کۆمەڵێك فاکتەری بەهێزی دیکەی گەشەکردنی وەبەرهێنانی وزەیە لە هەرێمی کوردستان، نزیکیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی ئیمارات، وا دەکات نزیك بین لە ناوەندی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و گازی سرووشتیی جیهانی کە لە وڵاتی ئیمارات هەیە، گەورەترین بڕیارەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوێوە دەردەچن.

بە خۆشحاڵییەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەیان پێکەوە ڕۆڵیان لە پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەیە و خەڵکی کوردستان مەینەتی و دەربەدەری و کارەساتی زۆری بەسەر هاتووە، بە گرنگییەوە دەڕواننە کاری ئابووری و بووژانەوەی سێکتەرەکان و پێشوازیی جوان لە هەموو ئەو هەوڵانە دەدەن کە دەبێتە بنەمای پێشکەوتنی ئابووری و باشکردنی بژێوی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، ئەمەش بەهێزترین فاکتەری پاراستنی سەقامگیری و هەڵوەشانەوەی پیلان و مەرامی دژایەتیکردنی کوردستانە. عەقڵ و مەنتیق ئەوەمان پێ دەڵێت ڕاستە پشتبەستن بە بەشە بودجەی هەرێم لە بەغدا و پەیوەندیی ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و یارمەتیدانی ئەمریکا گرنگە، بەڵام لەمانەش گرنگتر پشتبەستنە بە توانا و هێزی ناوخۆ، بەدەستهێنانی داهاتی نەوت، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بەهای بەرمیلێك نەوت ١٢٠ دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەوە باشترین هەل و دەرفەتە بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم ببووژێتەوە و ببینە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز کە هاووڵاتیان تێیدا متمانەیان بە دوارۆژی هەرێمەکەیان هەبێت، هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوەیەدا دێت، خۆ لە پەراوێزی کۆڕبەندە جیهانییەکەی وزە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ و دیدارەکانی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە گرنگی و بەهێزیی خۆی هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ بوونی گەورە کۆمپانیایەکی ئیماراتی کە لە بواری گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

سەردانەکەی بایدن بۆ کیشوەری ئەورووپا و دواتر باس لەوە دەکرێت سەردانی ژمارەیەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکات، لە ناویشیاندا گفتوگۆکانی لەگەڵ سعودیە و بەشێك لە وڵاتانی کەنداو، بەو ئاراستەیە دەبێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سرووشتی بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەدیلێکی نەوت و گازی سرووشتیی ڕووسیا بۆ ئەورووپا دروست

**سیاسەتی سەقامگیر و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی دراوسێتی و پاراستنی یەکڕیزی لە نێوخۆی کوردستان و، بە هێمنی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا هەمووی کۆمەڵێک فاکتەری بەهێزی دیکەی گەشەکردنی وەبەرهێنانی وزەیە لە هەرێمی کوردستان**

**لەم کاتەدا کە بەهای بەرمیلێک نەوت ١٢٠ دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەوە باشترین هەل و دەرفەتە بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم ببووژێتەوە و ببینە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز کە هاووڵاتیان تێیدا متمانەیان بە دوارۆژی هەرێمەکەیان هەبێت**

**کاتی ئەوە هاتووە کار بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی گەورە کۆمپانیاکانی نەوت و گازی سرووشتی بکەین، بۆ ئەوەی لە کەرتەکانی پیشەسازیی نەوت و پاڵاوتگە و بەرهەمەکانی نەوت سوودی لێ وەربگرین**

بکات. ساڵانە بە بەهای ٦٤ ملیار یۆرۆ وڵاتانی ئەوروپا گازی سرووشتی لە ڕووسیا دەکڕن و، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز پشت بە گازی ڕووسی دەبەستن، یەکێك لەو لەمپەرانەی لە بەردەم زیادکردنی وەبەرهێنانی گازی سرووشتییە، ئەوەیە کە کەمەرەی وڵاتانی دەریای قەزوین بۆ ئێران و عێراق و کەنداو و بەشێك لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیا، لە وڵاتانێك پێك هاتوون کە ڕژێمەکانیان جێگای متمانە نین، بۆ پاراستنی سەقامگیری و بەردەوام لەشەڕ و پێکدادانداندان.

کاتی ئەوە هاتووە کار بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی گەورەکۆمپانیاکانی نەوت و گازی سرووشتی بکەین، بۆ ئەوەی لە کەرتەکانی پیشەسازیی نەوت و پاڵاوتگە و بەرهەمەکانی کوردستان بکەن، ئەمڕۆ دوبەی سەنتەرێکی جیهانیی گەورەی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی سرووشتی و بانك و گەورە کۆمپانیاکانی دیکەیە، دەتوانن ڕۆڵیان نەك تەنیا لە وەبەرهێنانی نەوت و گازدا هەبێت، بەڵکو دەکرێت ڕۆڵیان لە نزیککردنەوە و لێکتێگەیشتنی هەرێم و عێراق بۆ مامەڵەکردنی دۆستانە و، لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بێت، بۆ ئەوەی هەرێم و عێراق هەوڵ بدەن بە زووترین کات حکومەتی نوێی عێراق پێك بهێنن و بەرەو یاسای نەوت و گاز هەنگاو بنێن و، یاسایەك دەر بکەن کە بە ئاراستەی سڕینەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵکو بە ئاراستەی کاری هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و لە پێناو

**نەوتێکی زۆرمان هەیە، کەچی پاڵاوتگەکانمان بە پێی پێویست و لە ئاست خواستی بازاڕ ناتوانن بەرهەمەکانی نەوتی سپی و بەنزین و گازوایل و بەرهەمەکانی دیکەی لێ بەرهەم بهێنن**



نەوت سوودی لێ وەربگرین، ئێستا گازێکی زۆری سرووشتی لە عێراق و لە کوردستانیش بە فیڕۆ دەچێت و دەسووتێت، بێ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین، بۆ نموونە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنرێت، هاوکات نەوتێکی زۆرمان هەیە، کەچی پاڵاوتگەکانمان بە پێی پێویست و لە ئاست خواستی بازاڕ ناتوانن بەرهەمەکانی نەوتی سپی و بەنزین و گازوایل و بەرهەمەکانی دیکەی لێ بەرهەم بهێنن، عێراق و کوردستان پشت بە هەناردەکردنی بەشی زۆری بەرهەمە پیشەسازییەکانی نەوتی خاو دەبەستن. کۆڕبەندی جیهانیی وزە و هەموو کۆڕبەند و کۆنفرانسەکانی دیکەی وزە هەلێکی زێڕینە تا بانگهێشتی هەرێمی کوردستانیان بکەین و، بە داهات و توانا و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویان و، پاڵپشتیی گەورە وڵاتەکانیان وەبەرهێنان لە هەرێمی خۆشگوزەرانیی هەموو عێراقییەکاندا بێت و، چیتر ئەو سیاسەتمەدارانەی بە ئەجندەی بیانی ئاراستە دەکرێن، ڕۆڵیان پێ نەدرێت و کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز ڕۆڵیان پێ بدرێت و، یاسای نەوت و گاز ببێتە بنەمایەك بۆ بەڕێوەبردنی هەموو نەوت و گازی عێراق و بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش هەنگاو بنێنن، بەو پێیەی هەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێك لە هەر هەرێم و پارێزگایەکی عێراق ڕوویدات، کاریگەریی لە سەر بەهێزیی ئابووری و دارایی و دراوی عێراقی فیدراڵ و کوردستان دەبێت، پێویستیشە داهاتی نەوت و گاز لە بەسرەوە بۆ زاخۆ بۆ خۆشگوزەرانیی هاونیشتمانیان بەکار بهێنرێت.

**هەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونێک لە هەر هەرێم و پارێزگایەکی عێراق ڕوویدات، کاریگەریی لە سەر بەهێزیی ئابووری و دارایی و دراوی عێراقی فیدراڵ و کوردستان دەبێت**

چاکسازی بە یەکێک لەو پرۆسە گرنگ و هەستیارانە دادەنرێت کە وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان، سەرەتای ڕێگەشە بەرەو گەشەپێدان و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی لەناکاو، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕوو بدات، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم پرۆسەیە و هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون سازدا.

**دکتۆر عەبدولحەکیم خەسرەو**

**سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ گوڵان:**

# گەڕانەوەی پارەی قەرزە بازرگانییەکان بە یاسا ڕێکخراوە



*** چاکسازی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، دەکرێت بزانین تاچەند ئەم پڕۆسەیە لەم کابینەیەدا تایبەتمەندێتی پێ دراوە؟**

- چاکسازی پڕۆسەیەکی بەردەوام و هەستیارە، چەندین ئامانج و سێکتەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، ئامانج لێی بەهێزکردنی ئەدای کاری حکومەت و کەرتی گشتییە، بۆ ئەوەی لە ئاست خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیاندا بێت و، زامنی بەردەوامی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە بدات، بە شێوەیەك کە سامانی گشتی بە هەدەر نەدرێت و، خەرجییە نا پێویستەکان و کەمالیاتەکان بۆ نزمترین ئاست کەم بکرێنەوە و، داهاتەکان لە هەموو ناوچە و پارێزگاکان کۆبکرێنەوەو، بە پلان و بەرنامە خەرج بکرێنەوە. گرنگترین هەنگاوی پراکتیکیش کە دەستی پێ کردووەو بەردەوامی هەیە، بریتی بوو لە یاسای چاکسازیی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ کە پەیوەستە بە مووچە و دەرماڵە و مینحە و سوودمەندبوون لە بودجەی گشتی، ئامانجمان لە پڕۆسەی چاکسازی هێنانەدی دادپەروەرییە نەك بڕینی مووچە و مینحەو ئیمتیازاتی شایستە. ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو بوارانەی دەستنیشانی کردوون، کە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو و باشترکردنی ئەدای کاری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و بەهێزکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان پێویستن، بەردەوام تەئکیدی لەسەر کردوونەتەوە و کاری جدیی لەسەر کردوون.

لە ئێستادا بە ڕەچاوکردنی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و ئاستەنگ و بەربەستەکانی کە لە بەردەم چاکسازیدا دانرابوون، دەتوانین بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دامەزراوەکانی توانیویانە پارەیەکی زۆر بۆ گەنجینەی گشتی بگەڕێننەوەو، لە سەرجەم بوار

**دەتوانین بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دامەزراوەکانی توانیویانە پارەیەکی زۆر بۆ گەنجینەی گشتی بگەڕێننەوەو، لە سەرجەم بوار و سێکتەرەکاندا چاکسازی دەستی پێ کردووە**

**ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران سوورن لەسەر جێبەجێکردنی چاکسازیی و زاڵبوون بە سەر هەموو کۆت و بەربەستەکاندا**

**هەموارکردنەوەی گرێبەستە گشتییەکان بە ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاندووەتەوە**

و سێکتەرەکاندا چاکسازی دەستی پێ کردووە، هەر خۆی لەخۆیدا کەمکردنەوەی خەرجی زیادە و کەمالیات نموونەیەکی بەرچاوی ئەم چاکسازییانەیە، ئەمە وێڕای کەمکردنەوەی ڕۆتین و هەڵپەساردنی چەندین ڕێنمایی و ڕاسپاردە، کە ئاستەنگی لە بەردەم هاووڵاتیان و کەرتی تایبەت دانابوون. هەڵبەتە ڕێگری و ئاستەنگیش لەبەردەم جێبەجێکردنی چاکسازیدا هەیە، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران سوورن لەسەر جێبەجێکردنی چاکسازیی و زاڵبوون بەسەر هەموو کۆت و بەربەستەکاندا.

*** ئێوە وەکو فەرمانگەیەکی پەیوەندار بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی کە لەم بوارەوە دەردەچێت، تاچەند هەموو ئەم بڕیارانە جێبەجێ کراوە؟**

-چاکسازیمان لە زۆر بواردا کردووە، خۆ ئەگەر بۆ نموونە وەریبگرین، هەموارکردنەوەی گرێبەستە گشتییەکان بە ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاندووەتەوە، لە پێداچوونەوە بە دۆسێی خانەنشینی و هەڵوەشانەوەی ئەو خانەنشینانەی بە ناشایستە بە پلەی وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی پێداچوونەوەی بۆ کراوە کە ١٧٩٧ کەیس بوو، هەروەها نزیکەی ٣٤٦٧ خانەنشین کە دوو مووچەی خانەنشینییان وەردەگرت ڕاوەستاوە و مانگانە تەنیا لەم کەیسەدا یەك ملیار دینار بۆ گەنجینەی حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ڕاگرتنی ٢٠٠٠ مووچەی خانەنشینی و چاکسازی تێدا دەکرێت، پێداچوونەوەمان بە دۆسێی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیدا کردووە و، لە کۆی ٦٩ هەزار دۆسێ وردبینیمان بۆ هەشت هەزارو ٥٤٦ دۆسێ کردووە، لە وەزارەتی پێشمەرگە دۆسێی ١٠١٨ شەهیدی شەڕی داعشمان گواستووەتەوە سەر وەزارەتی شەهیدان و، لە دۆسێی خانەنشینی لە وەزارەتی پێشمەرگە وردبینی بۆ ٢٤٢٤ کەس کراوەو، لەقۆناغی دووەم ٢٤٢٤ کەسی خانەنشینی سەربازی و کۆچکردوو، لیستی مووچەیان گواستراوەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشین، هاوکات لیستی کەم ئەندامانیشمان لەو ئەندامانەی شایستە نین پاککردوونەتەوەو لە ٨٦٢٧٧ کەس کە تاسەرەتای ئەمساڵ لە ناو لیستی کەم ئەندام بوون، ١٤٨٩٦ دۆسێی ناشایستە بوون لە لیستەکەیان دەرکراون. لە بواری دوو مووچەشدا بڕیاری ڕاگرتنی ١٠٦٠٩ دوو مووچە و خانەنشینی دراوە، لە بواری گەڕانەوەی قەرزە بازرگانییەکانیش هەنگاوی گرنگ نراوە، بەم شێوەیە چاکسازی لە ڕووی پراکتیکییەوە بەردەوامە.

*** ئایا هیچ ڕێگری و ئاستەنگێکی سیاسی و تەکنیکی و ئیداری لە بەردەم ئەم پڕۆسەیەدا هەیە، بەتایبەتی لە وەزارەتە هەستیارەکان؟**

- من ناڵێم ڕێگری لە بەردەم پڕۆسەی چاکسازیدا هەیە، بەڵام زۆر جار قەیرانی دارایی و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی کۆرۆنا و، سستی و ڕاوەستانی گەشەی ئابووری و ململانێ سیاسییەکان و، مانەوەی هەندێك سیمای دوو ئیدارەیی گەورەترین ئاستەنگن لە بەردەم چاکسازیدا، هەر خۆی لەخۆیدا ڕاستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتییەکانی ساڵانی پێشوو کارێکی وا ئاسان نییە و کەسانێکی دەست ڕۆشتوو لە بەرژەوەندیان دەدرێت، لە ڕووی ئیداری و هونەرییشەوە دەبێت پڕۆسەکە لەسەرخۆ بەڕێوە بچێت، بۆ نموونە لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە دووی ساڵی ٢٠٢٠ دا لەبەردەم ئەو فەرمانبەرانەی بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکرد، ڕەنگە لێرەولەوێ لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی دیکە، یان لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی دیکە کەمتەرخەمی بەرامبەریان هەبووبێت، هەرچەندە خودی وەزیرە بەڕێزەکان زۆر بە جددی مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکاندا کردووە، بەڵام خودی جێبەجێکردنی بڕیارەکان کاتێکی دەوێت و هەندێك لەو بڕیارانە حاڵەتی هەمیشەیی دروست دەکات، بۆ نموونە بڕیاری ژمارە یەك لە ڕێکخستنەوەی وەزیفەی گشتی لەسەرجەمی کۆرۆنا و تەناوبی دەوام، هەمووی وایان کرد، کەمێك سستی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا دەربکەوێت، یان لە بواری تەرشیقکردن و بچووکردنەوەی پەیکەری وەزارەتەکاندا هەمووان ئەم بچووکردنەوەیان بەدڵ نابێت، تا ئێستا نەکەوتووینەتە بەردەم بەربەستی سیاسی، لەوانەیە لە پرسی پێشمەرگە و هەندێك بواردا حاڵەت هەبێت، بەڵام بەرپرسانی

| | |
|---|---|
| گەڕانەوەی داهات و کۆکردنەوەی داهاتی گشتی | بەیاسا رێکخراوە |
| کۆکردنەوەی رسوماتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان | تەنیا ئامانج لێی کۆکردنەوەی داهات نییە بەڵکو دادپەروەریشە |
| بڕیاری ژمارە ٣٣ی ئەنجومەنی وەزیران | پێداچوونەوە بەهەیکەلی قەبەی وەزارەت و دامەزراوەکان دەستی پێکردووە. |
| مۆڵەتی گواستنەوەی راژە لەنێوان هەندێك وەزارەت | بەپێی پێویست کراوەتەوە |
| داشکانی بەرێژەی لە ١٥٪ی رسوماتەکان | لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا بووە |
| گەڕانەوەی ٤٩٧ ملیار دیناری قەرزە بازرگانی یەکان | لە ١٠٪ی گەڕاوەتەوەو ئەوی دیکەش بەیاسا و دادگا دەگەڕێنینەوە |
| هەمووارکردنەوەی گرێبەستە گشتی یەکان | بەملیۆنەها دۆلاری بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاندۆتەوە |
| هەڵوەشانەوەی خانەنشینی پلە باڵاکان( ١٧٩٧) کەیس | |
| ٣٤٦٧ خانەنشینی دوو مووچەی خانەنشینی | مووچەکانیان راگیراوەو مانگانە ١ ملیار دینار بۆ گەنجینەی حکومەت گەڕاوەتەوە. |
| ووردبینی بۆ دۆسێی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی | ووردبینی بۆ ٨٥٤٦ دۆسێ کراوە |
| گواستنەوەی دۆسێی ١٠١٨ شەهیدی شەڕی داعش | گواستراونەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی |
| لە خانەنشینی وەزارەتی پێشمەرگە | ٢٤٢٤ کەسی خانەنشینی سەربازی و کۆچکردوو لیستی موچەیان گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی |
| لە ٨٦٢٧٧ کەسی ناو لیستی کەمئەندامان | ١٤٨٩٦ دۆسێی ناشایستەی کەمئەندام لەلیستەکە دەرکراون |
| لە بواری دوو مووچە | بڕیاری راگرتنی ١٠٦٠٩ دوو مووچە و خانەنشینی دراوە. |
| لە بواری ئیدارە | کەمکردنەوەی رۆتین و دانانی پۆرتاڵی خزمەت و سکاڵای ئەلەکترۆنی و هەنگاونان بەرەو پۆستی ئەلەکترۆنی و پابەندبوون بە دەوامی فەرمی |

**نزیکەی ٣٤٦٧ خانەنشین کە دوو مووچەی خانەنشینییان وەردەگرت ڕاوەستاوە و مانگانە تەنیا لەم کەیسەدا یەک ملیار دینار بۆ گەنجینەی حکومەت دەگەڕێتەوە**

**هەر خۆی لەخۆیدا ڕاستکردنەوەی هەڵەو کەموکورتییەکانی ساڵانی پێشوو کارێکی وا ئاسان نییە و کەسانێکی دەست ڕۆشتوو لە بەرژەوەندییان دەدرێت**

**گەڕانەوەی داهات و کۆکردنەوەی داهاتی گشتی بە یاسا ڕێکخراوە، واتا بڕیارێکی تایبەت بە ئەنجومەنی وەزیران نییە تا ڕێگری لێ بکرێت**

پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانانداندا لەسەر هێڵن و، پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەچێتە پێشەوە، ڕاستە هەستیاری و واقیعی ئەم وەزارەتە وای کردووە کەمێك هەنگاوەکان بەسستی و هێواشی بچێتە پێشەوە، ئیرادەیەکی جددی هەیە و کات و بەرنامەی چاکسازی گرنگە، بەڵام جێبەجێکردنی دادپەروەری لە خودی چاکسازییەکە لای ئێمە گرنگترە.

*** لە بواری ڕۆتین و سکاڵای هاووڵاتیاندا تاچەند توانراوە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی لەم بارەیەوە دەرچووە، هەنگاوی پراکتیکیی بۆ بنرێن؟**

- لە کاری مامەڵە و سکاڵای هاووڵاتیاندا توانراوە چەند هەنگاوێکی گرنگ بنرێت، بۆ نموونە پۆرتاڵی خزمەت و سکاڵای ئەلیکترۆنی کە لە هەندێك لە وەزارەتەکاندا جێبەجێ دەکرێت و ڕاستەوخۆ وەڵامی هاووڵاتیان دەدرێتەوە و بەدواداچوون بۆ سکاڵاو داواکارییەکانیان دەکرێت، ئەمە کارێکی باشە، هاوکات تەرخانکردنی ڕۆژێك بۆ بەدواداچوونی کاری مامەڵەی هاووڵاتیان بە ڕاستەوخۆ، یان گرنگیدان بە پۆستی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی ئەمانە هەمووی ڕۆتین و کات و خەرجی مامەڵە کەم دەکاتەوەو کاتی هاووڵاتی بەفیڕۆ نادرێت، لە لایەکی دیکەوە هەڵگرتنی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕۆتین و کارە زیادانەی کە بە هاووڵاتیان دەکرا، یان لە بەردەم مۆڵەتدان بەکەرتی تایبەت هەبوو، زۆربەی هەرە زۆری هەڵگیراوە، کردنەوەی فەرمانگەکانی وەکو پاسپۆرت و کارتی نیشتمانی و بگرە گرنگیدان بە ئیدارە سەربەخۆکان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، یان پێدانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ لە دیوانی وەزارەتەکانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەو ئیدارە سەربەخۆیانە لەلایەن خودی وەزیرەکانەوە، ئەمانە هەمووی کار و هەنگاوی باشن لە زەمەنێکی قورس و ماوەیەکی کەمدا نراوە.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت لە بواری کۆکردنەوەی داهات و چاکسازی لە بواری گەڕانەوەی داهاتدا گرفت و کێشە هەیە، ئایا ئەمە ڕێگری نییە لە پرۆسەی چاکسازی؟**

- گەڕانەوەی داهات و کۆکردنەوەی داهاتی گشتی بە یاسا ڕێکخراوە، واتا بڕیارێکی تایبەت بە ئەنجومەنی وەزیران نییە تا ڕێگریی لێ بکرێت، هەموو وەزارەت و دەستەو فەرمانگە پەیوەندیدارەکانیش دەبێت پابەندی بن و لەبەرزترین دەسەڵاتی حکومەتەوە بەدواداچوون بۆ ئەم پرسەیە کراوە، باج و ڕسوومات و غەرامە و گومرگ و داهاتی گشتی، هەمووی بە یاسا ڕێکخراوە و دەبێت دامودەزگاکانی حکومەت ڕۆژانە ئەم کارە بە ڕێکوپێکی بکەن، هەروەکو چۆن ئەرکی سەرشانیانە خزمەتگوزارییەکان و ئەرکەکانی دیکەی حکومەت بۆ هاووڵاتیان فەراهەم بکەن بە پێدانی مووچە و بەردەوامی و باشکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان، لە هەموو حکومەت و سیستم و شێوازە جیاجیاکانی حوکمڕانیشدا ئەم بابەتە بە هەمان شێوە ڕێك خراوە، کەمتەرخەمی و چاوپۆشی و خاوێتی لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە سەرپێچییە لەیاسا و سزای یاسایی هەیە، چونکە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر شێوازی کۆکردنەوەی داهات و گەڕانەوەی پارەی گشتی بۆ گەنجینەی گشتی، دواجار هەر کەموکورتییەك لە هەر شوێنێك و ناوچەیەك ڕوو بدات، کاریگەریی لەسەر کەمیی سیولەی نەختینەیی و داهاتی گشتی و بودجەی هەرێم دەبێت و، شوێنەوارەکانی لەسەر مووچەی مووچەخۆران و باشکردنی سێکتەرە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریش دەبێت، ئەم حاڵەتە لێرە و لەوێ هەبووە و بە پێی پێویستیش ئیجرائات وەرگیراوە، لە نزیکەوە ئاگادارم خودی وەزیرە بەڕێزەکان بڕیاری توندو ئیجرائاتی توندیان کردووە و، بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانیان لەسەر هێڵن بۆ لێپێچینەوە لەو کەمتەرخەمییانە، کۆکردنەوەی ڕسوومات تەنیا ئامانج لێی کۆکردنەوەی داهات و بەردەوامیی ئەو خزمەتگوزارییە نییە، بەڵکو ئامانج لێی دادپەروەریشە، بۆ نموونە ناکرێت کەسانێك پارەی کارەبا نەدەن و زیان بە هاونیشتمانییەکی دیکە بگەیەنن و دەست بەم سامانە گشتییەوە نەگرن، یان ئەو پاڵپشتییەی نرخی کارەبا کە حکومەت دەیدات، لە یەکێك کە کارەبایەکی زیاتر بەکاربهێنێت بەرامبەر

**باج و ڕسوومات و غەرامە و گومرگ و داهاتی گشتی، هەمووی بە یاسا ڕێکخراوە و دەبێت دامودەزگاکانی حکومەت ڕۆژانە ئەم کارە بە ڕێکوپێکی بکەن**

**هەر کەموکورتییەک لە هەر شوێنێک و ناوچەیەک ڕوو بدات، کاریگەریی لەسەر کەمیی سیولەی نەختینەیی و داهاتی گشتی و بودجەی هەرێم دەبێت و، شوێنەوارەکانی لەسەر مووچەی مووچەخۆران و باشکردنی سێکتەرە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریش دەبێت**

**گرفتە سیاسییەکانیش وای کردووە کە بەشێک لە داهات لە ناوچەیەک، یان پارێزگایەکی دیاریکراودا کەمتر کۆبکرێتەوە، یان نەگەڕێنرێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت**

یەکێکی دیکە کە کەمتر بەکاری دەهێنێت وەکو یەك حسابیان لەگەڵ بکرێت، زۆرجار هاندان بۆ خودی فەرمانگەکان هەبووە، بۆ نموونە ڕێژەیەك لە سەد دانراوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکە وەکو ئەوەی لە کارەبادا هەیە و لە ٨٪ی داهات بۆ خودی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە، یان فەرمانگەکە دانراوە، کە پارەی کارەبا کۆدەکاتەوە تاوەکو لە باشترکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا بەکاری بهێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە گرفتە سیاسییەکانیش وای کردووە کە بەشێك لە داهات لە ناوچەیەك، یان پارێزگایەکی دیاریکراودا کەمتر کۆبکرێتەوە، یان نەگەڕێنرێتەوە بۆ گەنجینەی حکومەت، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و پاڵپشتیی حزبە سیاسییەکان، بەتایبەتی حزبەکانی بەشداربووی ناو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە چاکسازی ئیرادەیەکی بۆڵاین و پاڵپشتیی حزبەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتیشی دەوێت.

*** زۆر باس لە پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەت و دەستەو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، ئایا ئەم هەنگاوە بەکوێ گەیشتووە؟**

- هەمووان دەزانین هەیکەلی دامەزراوەکانی حکومەت قەبەن و بە یەك ستاندار دانەنراون، بە پێی بڕیاری ژمارە ٣٣ی ئەنجومەنی وەزیران پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا دەکەین، لیژنەی تایبەتمان داناوە و لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان کاریان کردووە، بۆ مان دەرکەوتووە ناهاوسەنگییەکی گەورە لە نێوان وەزارەت و وەزارەتێکی دیکە، یان فەرمانگەکانی نێوان وەزارەتەکاندا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە مۆڵەتی گواستنەوەی ڕاژەمان لە نێوان هەندێك وەزارەتدا کردووەتەوە، بەشێك لە کارەکانمان تەواو کردووە و بەشەکەی دیکەش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی دەکەین و، هەوڵی ئەوە دەدەین کە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی، وەزارەتەکان بە یەك ستاندارد و میکانیزم کار بکەن.

*** باسی کۆمەڵێك قەیرانی سەختی تەندروستت کرد کە خۆی لە پەتای کۆرۆنا لەگەڵ قەیرانی داراییدا دەبینییەوە، تاچەند گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ قەیرانەکاندا نەرمیێتی لە بڕیار و گۆڕینی شێوازی کارکردن و بەدواداچوونەوە لە یاسا و ڕێنماییەکان هەبێت؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو هاووڵاتیان و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی، بەردەوام بڕیاری مژدەبەخش و باش دەردەکات، لەوانە پێداچوونەوە بە خەمڵاندنی باجەکان و دانەوەی داشکانی بەرێژەی لە ١٥٪ی ڕسووماتەکانی ئاو و کارەبا و پێشینەکان، کە کۆمەڵێك بڕیارە و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە، لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین کە تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەسەر حکومەت زۆرە، دەبێت هاووڵاتیان پابەندی پێدانی ئەو ڕسووماتانە بن کە لەهەموو کاتێکدا پاڵپشتی نرخەکەی کراوە، واتا کرێی کارەبا و ئاو و ئەو خزمەتگوزارییە گشتییەی هاووڵاتی دەیدات، تێچوونەکەی چەندین جار زیاترە لەسەر حکومەت، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان کار ئاسانی دەردەکات.

*** سەبارەت بە قەرزە بازرگانییەکان، ئایا ڕاستە لە کۆی ٤٩٧ ملیار دینار تەنیا ١٠٪ی ئەم قەرزانە گەڕاونەتەوە؟**

- یەکێك لە کارە جوان و یاساییەکانی ئەم کابینەیە لە بواری چاکسازیدا، گەڕانەوەی ئەو قەرزە بازرگانییانەیە کە دراون و موڵك و مافی دەوڵەتە بگەڕێنرێنەوە و چیتر بە پاساوی جۆراوجۆر خاوێتی لە دانەوەیاندا نەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بانکە بازرگانییەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داد کار بۆ گەڕانەوەی ٤٩٧ ملیار دینار قەرزی بازرگانی دەکەن، کە خۆی ٣٨٧ ملیار دینارە و بە سوودەوە بۆ ئەو ژمارەیە بەرز بووەتەوە و تاکو ئێستا نزیکەی هەشت ملیار دیناری گەڕاوەتەوە، کە دەگاتە لە ١٠٪ی کۆی قەرزەکە، بۆ ئەم مەبەستە ١٨٤ دۆسێمان هەیە و ١٢٤ی لە قۆناغی ئاگادارکردنەوەی قەرزارەکانە و ٦٤ ڕەهنی قەرزاریش فرۆشراوە، یان لە حاڵەتی فرۆشتندان، هەنگاو بەهەنگاو هەموو قەرزەکان دەگەڕێنینەوە و ئەوەی نەیگەڕێنێتەوە بە یاسا و دادگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

**لیژنەی تایبەتمان داناوە و لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان کاریان کردووە، بۆ مان دەرکەوتووە ناهاوسەنگییەکی گەورە لە نێوان وەزارەت و وەزارەتێکی دیکە، یان فەرمانگەکانی نێوان وەزارەتەکاندا هەیە**

**کرێی کارەبا و ئاو و ئەو خزمەتگوزارییە گشتییەی هاووڵاتی دەیدات، تێچوونەکەی چەندین جار زیاترە لەسەر حکومەت، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان کار ئاسانی دەردەکات**

**هەنگاو بەهەنگاو هەموو قەرزەکان دەگەڕێنینەوە و ئەوەی نەیگەڕێنێتەوە بە یاسا و دادگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

هێڤیدار ئەحمەد

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە دەروازەکانی سنووری سلێمانی بە ڕۆژی ڕووناک قاچاخچیێتی دەکرێت و کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێ بکات

## هەرچی وردەکاریی دۆسیێی نەوتی کوردستانە لای گەورە بەرپرسانی یەکێتی هەیە

نەگەڕانەوەی داهاتەکانی ناوخۆ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، بووەتە دیاردەیەکی بەردەوام و هەڕەشە لە سەر داهاتی ناوخۆی هەرێم و مووچەی مووچەخۆران دەکات، هەرچی هەوڵەکانیش هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان بێ سوود بووە، ئەمە لە کاتێکدا داهاتی نەوتی کوردستان بە ڕوونی دیارە و، بە داتا و زانیاریی بەردەوام بڵاو دەکرێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ هێڤیدار ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان ساز دا، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.



**لێژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژی ڕووناک و بە دۆکۆمێنت باری قاچاغی لە نێو پاشماغ و پەروێزخان بینی و تۆمارکراوە**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرچی کاڵای گرانبەها و گومرگی زۆرە لە ڕێگەی پاشماخ و پەروێزخان و سەیرانبەندەوە داخیلی دەکەن**

**لە سلێمانی مانگانە ١٥٠ بۆ ١٧٠ ملیار داهات هەیە، کەچی کەس نازانێت چی لێ دێت**

*** قسە و باسی زۆر لەسەر داهاتی ناوخۆ و بە پلەی یەک لەسەر داهاتی دەروازەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی دەکرێت، کێشە لە چیدایە و لە کوێ داهاتی ناوخۆ بزر دەبێت؟**

- داهاتی ناوخۆ بەیەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی مانگانە و گرنگی داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، داهاتی دەروازە سنوورییەکانیش بەشێکی گرنگ و سەرەکین لەم داهاتانە پێك دەهێنن، کە چوار دەروازەیان بە دەروازەی نێودەوڵەتی دادەنرێن، دوای ئاشکرابوون و تەنانەت دداننپێدانانی بەرپرسانی حکومیی خۆجێیی بە بوونی دیاردەی قاچاخچێتی و بردن و دزینی داهاتی ئەم دەروازە سەرەکییانە، لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان سەردانی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی کرد و، بە ڕۆژی ڕووناك و بە دۆکۆمێنت باری قاچاغ لە نێو پاشماغی و پەروێزخان بینی و تۆمارکراوە، تەنانەت بەڕێوەبەری گۆمرکی پاشماخ لە بەردەم لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستاندا گوتی: بەڵێ قاچاخچێتی لە پاشماخ دەکرێت.

وەك بەدواداچوونی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل درایە ئەنجوومەنی وەزیران، کە دەبێ هەنگاوی جددی بهاوێژرێت بۆ ڕێگریکردن لەو هەموو قاچاخچییە، کە بە ئاشکرا دەکرێت، ئەوەبوو بە فەرمانی جەنابی سەرۆك وەزیران بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەیەك لە هێزی ناوخۆ و پێشمەرگە، بۆ ڕێگریکردن لەو دزی و تاڵانییەی کە لە بەرچاوی خەڵکی بە ئاشکرا دەکرا، بەڵام بە ئاشکرا دەڵێم: یەکێتی بەهەموو شێوەیەك دژی ئەم هەنگاوەبووە و ناهێڵێت ئەو لێژنەیە پێك بهێنرێت و کاری خۆی بکات.

*** ئایا هیچ ڕێگرییەك هەیە بۆ ئەوەی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری ئەم گرفتە بکات و، کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان بکات و کۆتاییهاتن بەو مافیا و تاڵانبردنەی سامانی گشتی خەڵکی بهێنێت؟**

- ئێستا هەرچی کاڵای گرانبەها و گومرگی زۆرە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت، لە ڕێگەی پاشماخ و پەروێزخان و سەیران بەندەوە داخیلی دەکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین داهاتی گومرگ بۆ سنووری ئیدارەی سلێمانی بێت، هەندێ شتی شکڵی لە حاجی ئۆمەرانەوە داخیل دەکرێن و ئیستاشی لەگەڵدا بێت، کاڵا لە ڕێگەی پاشماخ و پەروێزخان بە قاچاخ داخیڵ دەکرێت. ئەمە قسەی من نییە، قسەی بەڕێز کاك ساماڵە بەڕێوەبەری گشتیی گومرکەکانی هەرێمی کوردستان کە لە بەردەم لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان گوتی: «پرۆفیشناڵترین دەروازەی سنووری لە هەرێمی کوردستان و هەموو عێراق دەروازەی ئیبراهیم خەلیلە و، کاری خۆیان زۆر بە ڕێکوپێکی دەکەن و کاریان شەفافە». هەر ئەو بەڕێزە باسی لەوەکرد: «لە دەروازەکانی سنووری سلێمانی بە ڕۆژی ڕووناك قاچاخچێتی دەکرێت و کەس ناتوانێت ڕێگرییان لێ بکات.»

جەنابی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتی داوە بە جەنابی کاك قوباد تاڵەبانی، تا ئەو کێشەی دەروازەکان چارەسەر بکات، هیواداریین یەکێتی یارمەتیی کاك قوباد بدات کە خۆم بینیومە کاك قوباد دەیەوێت کێشەکان چارەسەربکات، ئەگەر یەکێتی یارمەتی بەڕێزیان بدەن.

*** زۆر لە پەرلەمانتاران کاتێك باسی گرفتەکان دەکەن، وەکو ئەوەی حزبەکەیان لە حکومەت نەبێت خۆیان لەم ڕاستییانە دەشارنەوە، لە کاتێکدا هاوسەرۆکی پێشووی یەکێتی لەلایەن بافێڵ تاڵەبانییەوە تۆمەتبار کرا بە کاری قاچاخچێتی و مافیایی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ڕاستییەکان بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە، بۆچی هەندێك لەو پەرلەمانتارانە هەموو تۆمەتەکان ئاراستەی پارتی دەکەن، یان لە ناوهێنانی کەموکورتییەکاندا ناوی پارتیش دەبەن؟**

- بە داخەوە بەشێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بەتایبەت هی سنووری سلێمانی، وەك ئەوە وایە بوونەتە پارێزەری دزی و قاچاخچێتی، هەر کاتێ بە بەڵگە ئەو دزیانە دەخەینەڕوو، یەکسەر پەلاماری هەموو ئەوانە دەدەن کە باسی قاچاخچێتیی ئەو دەڤەرە دەکەن، عەجاییب!

**داهاتی نەوت و پرۆسەی فرۆشتنی هەر هەمووی لە ڕێگەی کۆمپانیای دیلۆتەوە وردبینی دەکرێت و ئەو کۆمپانیایە ڕاپۆرتی خۆی دەداتە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان**

**لە ئوکراینا شەڕی چەک هەیە و لە چەندین دەوڵەتی دیکە بە هەرێمی کوردستانەوەش شەڕی گرانبوونی بازاڕ هەیە**

*** وەکو ئەوەی دزین و قاچاخچێتی و نەمانی پارەی بانکەکان لە داهاتی ناوخۆ بەس نەبێت، دژایەتی نەوتی کوردستانیشیان کرد و، پێش دوژمنانی گەلەکەمان دەهۆڵی زیانگەیاندن بە داهاتی خەڵکی و مووچەخۆران و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لێ دەدەن، ئایا پەرلەمانتارانی حزبەکانی ناو حکومەت و بەرپرسانیان ئاگاداری مەلەفی نەوت نین و، وەکو پەرلەمانتارێك پێشنیار و بۆچوونت لەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق و پێشوازیکردنی لەلایەن ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی کوردستانەوە چییە؟**

- سەبارەت بە تەوەری یەکەمی پرسیارەکەتان، یەکێتی ١٠٠٪ ئاگاداری تەواوی مەلەفی نەوتی هەرێمی کوردستانە، ئاگاداری گرێبەستەکانە، ئاگاداری چۆنێتیی فرۆشتنیەتی، ئاگاداری دەرهێنانییەتی. جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی ٢٠١٦ سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد لە هەولێر، جەنابی کاك کۆسرەت ڕەسول و هێرۆخانیش لەوێ بوون، هەموو وردەکاریی پرۆسەی نەوتی باسکرد، لە هەموو قۆناغ و گرێبەست و سەردانەکان بۆ تورکیا جەنابی کاك عیماد ئەحمەد و دواتر کاك قوباد وەك جێگرانی سەرۆك وەزیران حزووریان هەبووە، ئێستا کە پەرلەمانتارێك، یان ئەندامێکی نوێی مەکتەبی سیاسی و ئەو سەرکردایەتییەی هەیە لە یەکێتی، ئەو وردەکارییانە نازانن، دێن دەڵێن خەتای پارتییە! بڕۆن لە کاك عیماد و کاك قوباد بپرسن، هەموو تەفاسیلی نەوتی کوردستان لای ئەو دوو بەڕێزە هەیە.

ئەگەر دەڵێن داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان شەفاف نییە، ئێستا ٤٨٨ ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێت، جەنابی سەرۆك وەزیران و وەزیری سامانە سروشتییەکانیش لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بە وردبینییەکی زۆرەوە باسی دینار بە دیناری یەك بەرمیلی نەوتی کرد، کەچی لێ دێت و یەك بەرمیل بە چەند دەفرۆشێت و چەندی دەمێنێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، یەك پەرلەمانتار، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و ئەوەی پێیەکی لە نێو دەسەڵاتە و پێیەکی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنیشە، نوقەیان لێوە نەهات، کەچی دێنە سەر شاشە




| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١٥٠-<br>١٧٠ ملیار داهاتی ناوخۆیە | کەس نازانێت چی لێدێت |
| ٢ | قاچاخچێتی و سەرانە لەمەرزەکانی پاشماغ و پەروێزخان بەردەوامە | کەس ناتوانێت ڕێگریی لێ بکات |
| ٣ | لە ئێستادا نەوت شەفافترین داهاتە | گەورە بەرپرسانی یەکێتی لە ١٠٠٪ ئاگاداری تەواوی مەلەفی نەوتن |
| ٤ | ٤٨٨ ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوت | بۆ مووچەی ملیۆنێك و ٢٠٥ هەزارو ٢٧٣ مووچەخۆر خەرج دەکرێت |
| ٥ | کۆماری ئیسلامی ئێران | بەئەنقەست هەرچی کاڵای گرانبەهاو گومرگی زۆرە لەڕێگەی پاشماغ و پەروێزخان و سەیران بەنەوە داخیلی هەرێمی کوردستانی دەکات |



دەڵێن پرۆسەکە شەفاف نییە. داهاتی نەوت و پرۆسەی فرۆشتنی هەر هەمووی لە ڕێگەی کۆمپانیای دیلۆتەوە وردبینی دەکرێت و ئەو کۆمپانیایە ڕاپۆرتی خۆی دەداتە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، پارەکە دیارە چەندی وەك دەست حەق و خەرجی و قەرزەکان دەڕوات و چەندی دەگاتە خەزێنەی حکومەت، بەمە دەڵێن ناشەفاف، بەڵام کەس نازانێت مانگانە لە سلێمانی ١٥٠ بۆ ١٧٠ ملیار داهاتی هەیە و چی لێ دێت؟ نە بۆ خەڵکی سلێمانی خەرج دەکەن و نە پرۆژەی پێ دەکەن و نە دەرمان بۆ ئەو خەڵکە دەکڕن و نە شارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیی پێ خاوێن دەکرێتەوە، دەڵێن کەسیش بۆی نییە باسی بکات.

سێ مانگە یەك دینار لەو ٢٠٠ ملیار دینارەی پێشتر عێراق بۆ چەند مانگێك دەینارد، نەهاتووەتە هەرێمی کوردستان و، بە بێ بەغدا حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی ملیۆنێك و ٢٠٥ هەزارو ٢٧٣ مووچەخۆری بە تەواوەتی دابەش کردووە.

**داهاتی نەوت و پرۆسەی فرۆشتنی هەر هەمووی لە ڕێگەی کۆمپانیای دیلۆتەوە وردبینی دەکرێت و ئەو کۆمپانیایە ڕاپۆرتی خۆی دەداتە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان**

لە بەغداش هەندێك لەو پەرلەمانتارانەی لەلایەن حزبەکانیان و بە ئەجێندەی دژ بە کورد هاندەدرێن، هەر ئەوان هاندەر و پاڵپشتی بڕیارە زاڵمانە و نادەستووری و نایاساییەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بوون، کە لەدژی نەوتی کوردستان درا، ئەوان وەکو چۆن لە ١٦ ئۆکتۆبەر ویستیان هەموو کوردستان تەسلیمی بەغدا بکەن و نەیانتوانی، پێشتریش هانی مالیکییان دا کە بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕێت و، هێزی سەربازی ڕەوانەی کوردستان بکات، هەر بەهەمان شێوە لە ئێستاشدا خوازیارن بودجەو مووچەی خەڵك ببڕێت و کوردستان بسوتێنرێت، تەنیا لە پێناوی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبی یەکەم و پڕ جەماوەرترین حزب لە کوردستاندا نەمێنێتەوە، بەڵام نەك ئەمجارە، بەڵکو تا پارتی مابێت ئەوان ناتوانن زیان بە خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەمان بگەیەنن، هەموو هەوڵەکانیان شکست دەهێنێت و تەنیا جەماوەری خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە لە ئێستادا



خەڵکی بەرچاوڕوونیی باشی هەیە و دەزانن کێ پارێزەری کوردستان و سەقامگیریی ئەوان و خەمخۆری مووچە و باشکردنی دۆخەکەیانە و، کێش موزایەدە دەکات و لەسەر شاشەی تیڤییەکان درۆیان لەگەڵ دەکەن و، تەنیا لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندیی تەسکی شەخسی و حزبەکەیان فریویان دەدەن.

*** ئایا لە بەرامبەر ئەو هەموو دژایەتیکردن و فشارانەدا کاتی ئەوە نەهاتووە کوردیش وەکو هەموو گەلانی جیهان خاوەنی خۆبژێوی و ئابووریی سەربەخۆی خۆی بێت، یان ئایا هیچ نەتەوەیەك ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراکی خۆی تەسلیمی قەدەر و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و جیهان دەکات، کە ئەوەتا بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە گرانبوونی نرخەکانی لێ کەوتەوە؟**

- ئێستا هەندێ پڕۆژەی ستراتیژیی زۆر گرنگ لە هەرێمی کوردستان دروست کراون و، لە پلان و بەرنامەدایە کە چەندین پڕۆژەی گرنگی دیکەی پەیوەندار بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆراکی دروست بکرێن، لەوانە سایلۆ و کارگەکانی بەرهەمەکانی گەنم وەك ئارد و ساوار و ...هتد، تا چیدیکە بۆ دابینکردنی بەرهەمەکانی گەنم پشت بە دەرەوە نەبەستین، بەڵکو هەرێمی کوردستان بەشەکی سەرەکیی پێداویستیی عێراقیش لەو بەرهەمانە دابین بکات. لە نێوان دهۆك و زاخۆ ئێستا پڕۆژەیەکی ستراتیژیی گەورەی بەرهەمەکانی گەنم لە هەولێر تەواو بووە، لە پیرەمەگروونیش لە دروستکردندایە و لەماوەیەکی کەم تەواو دەبێت.

بڕیار وایە گەورەترین ناوچەی پیشەسازی لە هەموو عێراق لە سنووری پارێزگای دهۆك دروست بکرێت، بەڵام شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینا کاریگەریی لەسەر هەموو بازاڕەکانی جیهان دروست کردووە، قسەیەك هەیە دەڵێت، هەر شەڕێك شەڕێکی دیکە دروست دەکات، لە ئوکڕاینا شەڕی چەك هەیە و لە چەندین دەوڵەتی دیکە بە هەرێمی کوردستانەوەش شەڕی گرانبوونی بازاڕ هەیە.

**لە ئوکڕاینا شەڕی چەک هەیە و لە چەندین دەوڵەتی دیکە بە هەرێمی کوردستانەوەش شەڕی گرانبوونی بازاڕ هەیە**



# عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## لەسەر لێواری هەژانێکی گەورە و ناسەقامگیرییەکی ئاڵۆزدا



> **لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دیاردەی دەستتێوەردان لە زۆر شوێن و وڵاتان ئەنجام درا، لەوانە: کوردستانی عێراق، ڕواندا، یۆگسلافیای پێشوو، سۆماڵ، سوودان، هاییتی، تەیمووری ڕۆژهەڵات و لیبیا**

> **جیهانگیری گۆڕانکاریی تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کردووە، هەروەها کاریگەریشی لەسەر سەروەریی دەوڵەتان هەیە، کە ئەم سەروەرییە بە ڕەهایی نەمێنێتەوە، بەڵکو بەرەو ڕێژەیی بڕوات**

لێدانی هەولێر بە مووشەکی بالیستیکی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەی بە بیانووی بێ بنەما و دوور لە عورف و یاسای نێودەوڵەتی، زەنگێکی ترسناک بوو بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕایچەڵەکاندن و لە هەژانێکی گەورەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگاداری کردنەوە، بە هەمان شێوە مووشەکبارانکردنی دامەزراوەکانی ئارامکۆ لە شاری «جدە»ی عەرەبستانی سعودیە جارێکی دیکە ئەو هەژانەی بە شێوەیەکی ترسناک زیندوو کردەوە و ناوچەکەی خستە ناو ناسەقامگیرییەکی ئاڵۆزەوە.

پەکخستنی دانیشتنی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو (٢٦ی ئاداری ٢٠٢٢) لەژێر ناوی «سێیەکی پەکخەر»، ئەمیشیان ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی زیاتری پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کەوتنە ناو بۆشاییەکی دەسەڵات و دەستوورییەوە، ئەو لایەنە سیاسییانەشی لەپشت ئەم پەکخستنەوە بوون، هەموویان ئاشکرا و ناسراون و هەمووکات وەک پرۆکسی ئێران لە ناو عێراقدا سیاسەتیان کردووە و ئاراستەی پرۆسەی سیاسیشیان بەرەو جۆرێک لە سیستمی «ویلایەتی فەقی» بردووە و، ئامانجیانە کە عێراق بکەنە کۆمارێکی ئیسلامی بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پێشتر لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەی کە پێیان دەگوت «سیستمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرا، دەوڵەتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە پشتیان بە ڕۆڵ و پێگەی ئەمریکا دەبەست بۆ ئەوەی دەوڵەتداریی خۆیان بکەن، بەڵام لە دوای خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١وە، ئەمریکا وردە وردە پاشەکشەی لە ڕۆڵی خۆی کرد و نفووزی لە ناوچەکە کەم بووە و، پاشاگەردانی و ناسەقامگیری تەواوی وڵاتانی عەرەبی لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو گرتەوە، لە ناو ئەم بۆشاییەی کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە جێی هێشتبوو، چەند هێزی گەورەی ئیقلیمی هەوڵیان دا، ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بریتی بوون لە «ئێران و تورکیا و ئیسرائیل»، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی عەرەبستانی سعودی هەوڵی دا وەک هێزێکی گەورەی ئیقلیمی ئەویش بەشێک لەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بەڵام لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی عەرەبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی حوسییەکانی یەمەن سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆیە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی بەشێکیان بە ئاشکرا و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی «ئیبراهیم» بوونە هاوپەیمانی ئیسرائیل و بەشێکی دیکەشیان بە عەرەبستانی سعودیشەوە ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتووە لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا بێدەنگییان هەڵبژاردووە و ئاشکرایان نەکردووە. تورکیاش وەک دەوڵەتێکی گەورەی دیکەی ئیقلیمی لە ڕوانگەی دووبارە زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، ئەویش هەوڵێکی زۆری داوە کە پشتگیریی تەیارە ئیسلامییەکان بکات و ڕۆڵێکی کاریگەر لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاڤە بکات، هەر لە سووریا و پشتگیریکردنی حەماس و تا دەگاتە لیبیا، دەستتێوەردانی بەردەوامی هەیە و، ئەویش بە هەمان نیاز و ئامانجی ئەوەی جێگە پێی خۆی لەو بۆشاییەدا جێگیر بکات، کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا جێی هێشتووە.

لە ناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێرانیش بە ناوی بەرگریکردن لە ئیسلامی شیعەوە دەستتێوەردانی لە هەموو ئەو دەوڵەتانە کردووە کە ڕێژەیەک لە دانیشتووانەکەی شیعەن، دەستتێوەردانەکانیشی لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی وەک «عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و.. هتد» جۆرێک لە ئاژاوە و پاشاگەردانیی سیاسی دروست کردووە، کە زەحمەتە هیچکام لەو دەوڵەتانە جارێکی دیکە بتوانن وەک دەوڵەتێکی هاوچەرخ بگەڕێنەوە باری ئاسایی و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانیان دابین بکەن.

### ● کێشەو ململانێی هێزە گەورە ئیقلیمییەکان لە نێوان ئیمپراتۆریەت و ئیمپریالیزمدا

لە زانستی سیاسەتدا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەر دوو چەمکی « ئیمپراتۆریەت و ئیمپریالیزم» هەیە، زانایانی زانستی سیاسەت، ئیمپراتۆریەت ئەگەر نەزعەیەکی ئیمپریالیزمانەی نەبێت، بە لانکەی لەدایکبوونی شارستانیەتێکی تازەی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێناسە دەکەن و، چیرۆکی

دامەزراندنی ئیمپراتۆریەت بە چیرۆکێکی گرنگ و مەزن دادەنێن کە دەتوانێت بە ملیۆنەها خەڵکی جیاواز لەسەر یەك چیرۆك کۆبکاتەوە و ئەم چیرۆکەش جیاوازییەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و نایانتوێنێتەوە.

لە بەرامبەردا چەمکی «ئیمپریالیزم» لەگەڵ ئەوەی نەزعەی ئیمپریالیزمی بە سەدان ملیۆن دۆلار لە توێژینەوە و دیراسات لەسەر ناسینی گەلێك تەرخان دەکات، بەڵام ئەم ناسینەی بۆ ئەوە نییە خزمەت بەو گەلە بکات، بەڵکو مەبەستیەتی داگیری بکات و کەلتوور و ناسنامەی لە ناو کەلتوور و ناسنامەیەکی دیکەدا بتوێنێتەوە، هەر بۆ نموونە چۆن بەریتانیا نزیکەی ٦٠ ساڵ دیراسەت و توێژینەوەی کرد بۆ ئەوەی کەلتوور و ناسنامەی شارستانیەتی هیندستان بزانێت، دواتریش کە ئەمەی کرد داگیری کرد و ٣٠٠ ملیۆن کەسی لە سەدەی نۆزدەهەم وەك کۆیلەی خۆیان بەکار هێنا، سەرەنجامیش ئەو ئاکامەمان بینی کە مەهاتما گاندی رابەری رۆحیی هیندستانییەکان لە ناو شەمەندەفەرێك بە سەریدا هات و نەیانهێشت لە فارگۆنی پلەیەك گەشتەکەی بۆ باشووری ئەفریقیا بکات. لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەر دوو هێزە گەورەکە (ئێران و تورکیا) بانگەشە بۆ زیندووکردنەوەی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی «فارسی و عوسمانی» دەکەن، تورکیا بە ڕێگەی زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و ئێرانیش بە ناوی ویلایەتی فەقی. لە بەرامبەر ئەم دوو هێزە گەورەیە «ئێران و تورکیا»، ئیسرائیلیش خۆی بە هێزێکی گەورە دەزانێت و چاوی لەوەیە خۆی بە تەنیا ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە ئەمریکا لە ناوچەکە بە جێی هێشتووە، بۆیە بە شێوەیەك لە شێوەکان چۆن لەگەڵ ئێران کێشە و ململانێی هەیە، بە هەمان شێوە لەگەڵ تورکیاش لە سووریا و فەلەستین و لیبیا هەمان کێشەی هەیە و، لەگەڵ ئەوەی لە یەك دوو هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی ئیسرائیل لە ئەنکەرا فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو شەڕە دەنووکی زۆر لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا بوونی هەبووە.

لە ناو ململانێ و کێشمەکێشی ئەم سێ هێزە گەورەیەدا (ئێران و تورکیا و ئیسرائیل)، بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی عەرەبی «سوننە» هەر لە مۆریتانیاوە تا دەگاتە سەڵتەنەی عەمان، هاوپەیمانییان لەگەڵ ئیسرائیل لە دوو هێزەکەی دیکە (ئێران و تورکیا) پێ باشترە، ئەو دەوڵەتانەشی کە بەشێك لە دانیشتووانەکەی شیعەن، هاوپەیمانییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو هێزەکەی دیکە پێ باشترە، لەو دەوڵەتانەشی کە مەیلێکی ئیسلامیی سیاسیی سوننەیان هەیە وەك «ئیخوان موسلیمن» ئەوا هاوپەیمانییان لەگەڵ تورکیا لە دوو هێزەکەی دیکە (ئێران و ئیسرائیل) پێ باشترە و، ئامانجی هەر سێ هێزەکەش بەهێزکردنی پێگە و نفووزی خۆیانە لەسەر ئاستی ناوچەکە نەك ئەو دروشم و ئامانجانەی بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان بەرزی دەکەنەوە و خەڵکەکەی خۆیانی پێ بەنج دەکەن.

مارتن ئەندیك گەورە دیپلۆماتکاری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەزموونی زیاتر لە ٤٠ ساڵی لە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە تازەترین کتێبیدا بە ناونیشانی «مامۆستای گەمەکە: کیسنجەر و ئەدەبی دیپلۆماتیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . Master of the Game: Henry Kissinger and the Art of Middle East Diplomacy»، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەوەی ئەو سیستەمەی کیسنجەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دارشتبوو کە سەرەنجام ڕێککەوتننامەی «کامپ دیڤید»ی لە نێوان ئیسرائیل و میسری لێ بەرهەم هات، ئێستا دەوڵەتانی ناوچەکە بە گشتی و لە سەرووی هەموشیانەوە ئیسرائیل پێوەی پابەند نابن، هەر بۆیە نە سیستەمەکە کاری پێ دەکرێت و نە سەقامگیریش لە ناوچەکە بوونی ماوە، ئەم ئاماژەیەی مارتن ئەندیك ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پێشتر بەو جۆرە کار لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرایەوە، کە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بپارێزێت، بەڵام لە ئێستادا و لەو بۆشاییەی کە ئەمریکا بە جێی هێشتووە، هەر سێ هێزە گەورەکە نەك هەر هەوڵ نادەن چارەسەرێك بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی

**بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بین و بچینە بنج و باوانی پەیوەندیی جیهانگیری بە ئاساییشی نەتەوەیی، پێویست بەوە دەکات کە لە ڕووی زانستی و بە وردییەوە داهاتووی دەوڵەت لە سایەی جیهانگیری دیراسەت بکرێت**

**تەنانەت ڕۆشنبیریی هۆزایەتی و دەوڵەت بەرەو گۆڕانکاری و جیهانیش بەرەو دیموکراسیبوون و فرەلایەنیی سیاسی دەڕوات**



**لە دوای هەڵبژاردنی ئەم جارە چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقی «کورد و سوننە و شیعە» ڕاشکاوانە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بەو شێوەیە حوکمڕانی ناکرێت کە ئەو لایەنانەی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا درێژەیان بە حوکمڕانیی عێراق داوە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش عێراقیان زیاتر کاول کردووە**

ناوەڕاست بدۆزنەوە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی و نفووزی خۆیان کێشەکان وەك ئامرازێك بە کار دەهێنن، ئەمە وای کردووە کە هەر کێشەیەك چەندین کێشەی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێت و، کەس نەتوانێت ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزێتەوە. ئەم واقیعە لەوانەیە وەك ئەورووپای پێش ڕێککەوتنی «ڤیەننا» وابێت کە هێزەکان لە بری ئەوەی کۆنسێرتێکی سیاسی پێکەوە دروست بکەن و سەقامگیری بێننە ئاراوە، بەڵام کێشەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنا.

بە پێی ئەم ئاراستەیە ئێستا ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان گەمە و ململانێی ئەم سێ هێزەدا بەرەو لێواری هەژانێکی گەورە دەچێت و، هەر هێزێك لەو هێزە گەورانە بە جۆرێك سەیری کێشە و شەڕەکان دەکات، هەر بۆ نموونە کاتێك حوسییەکان بە ڕۆکێت هێرش دەکەنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئارامکۆ لە سعودیە، ئیسرائیل و تورکیا سەرکۆنەی دەکەن و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەستخۆشییان لێ دەکات، بە هەمان شێوە کە بە ڕۆکێتی بالیستیکیش هێرش کرایە سەر هەولێر، هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە بێدەنگیی خۆیان دەستخۆشییان کرد و سەری ڕەزامەندییان بۆ لەقاند و بەشێکی دیکەشیان بە توندی سەرکۆنەیان کرد.

## ● پرۆسەی سیاسیی عێراق لە ناو ئەم هەژانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لە دوای خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩وە، عێراق شکۆی دەوڵەت و شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی لە دەست داوە و، ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کەوتووەتە ناو بازنەیەکی گەورەی پاشاگەردانی و قۆناخی پێش دەوڵەتەوە، ئەوەشی



کە چاودێری سیاسی تووشی سەرسامی دەکات، بەشێك لە هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» پشتگیری لەو پاشاگەردانی و قۆناخی پێش دەوڵەتە بۆ عێراق دەکەن و، بەشێکیش لە هەوڵی ئەوەدان شکۆ بۆ دەوڵەت بگەڕێتەوە و عێراق ببێتەوە بە دەوڵەتێکی دەستووری «فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی» و کۆتایی بە نەهەماتییەکانی گەلانی عێراق بهێنرێت و زەمینەیەك بۆ بونیادنانەوە و ژیانێکی خۆشگوزەران دروست بکرێت، بەڵام وەك لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بینیمان بەشێك لەو لایەنانەی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شکۆی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەشکێنن و هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتیان کردووە بە ئامرازێك و بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن، کە درێژەدانە بە قۆناخی نادەوڵەتی و داماڵینی شەرعییەت لە دەسەڵاتی عێراقدا.

لە ناو ئەم بازنە بۆشەی ناسەقامگیری و پاشاگەردانیی سیاسیدا، هەر چۆنێك بوو، توانرا لە ئۆکتۆبەری ڕابردوو هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و، لەم هەڵبژاردنەدا گەلی عێراق سزای ئەو لایەنە «ئیسلامییە شیعەیانەیان»دا کە هۆکاری دروستبوونی ئەو بارودۆخە بوون و مەبەستیان بوو عێراق هەر لە قۆناخی پیش دەوڵەتدا بمێنێتەوە و، بە کردەیش لە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئەمەیان ئەنجام دا، بەڵام ئەوە بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ دەچێت، دوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە، هەتا ئێستا عێراق لەناو قۆناخی پێش دەوڵەت و بۆشایی دەستووریدا دەخولێتەوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن ئەم بارودۆخە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت و، هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتیان کردووە بە ئامرازی دەستیان بە «دادگای

**ئەگەر لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی شیعە بیانەوێت تەیاری سەدر لەو هاوپەیمانییە بهێننە دەرەوە و بیکەن بە بەشێک لە هاوپەیمانیی زۆرینەی شیعە، ئەمە مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی سێ قۆڵی زۆرینەی نیشمانی «هاوپەیمانی ڕزگارکەری نیشتمانی ئێستا» هەڵبوەشێتەوە و، ئەمەش ئەگەرێکی زۆر دوورە و عێراق ڕووبەڕووی تونێلێکی تاریک دەکاتەوە**



فیدڕاڵی»شەوە بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە خۆیان مەبەستیانە.

لە دوای هەڵبژاردنی ئەم جارە چەند لایەنێکی سیاسیی عێراقی «کورد و سوننە و شیعە» ڕاشکاوانە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بەو شێوەیە حوکمڕانی ناکرێت کە ئەو لایەنانەی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا درێژەیان بە حوکمڕانیی عێراق داوە و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش عێراقیان زیاتر کاول کردووە و هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ هاووڵاتیان دابین نەکراوە، بۆیە داوایان کرد، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەو شێوازی حوکمڕانییە کۆتایی پێ بهێنرێت و شێوازیکی تازە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان پیادە بکرێت.

ئەم هەنگاوە بووە سەرەتای ناکۆکی و ململانێیەکی گەورە لە نێوان دوو بەرەدا، یەکەمیان «هاوپەیمانیی زۆرینەی نیشتمانی و دووەمیان ئیتاری تەنسیقی شیعە»، لە ناو ئەم ململانێیەدا جیا لەوەی پەنا بۆ کاری تیرۆریستیی زۆر ترسنۆکانە دژی ئەو هاوپەیمانییەی زۆرینەی نیشتمانی برا، لە بەرامبەردا پەنا بۆ بە «سیاسیکردنی دادگای فیدڕاڵی» برا و چەندین بڕیاری یاساییان بە تامی سیاسی دەرکرد و، تا گەیشتە ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٦ی ئاداری ڕابردوو، بە پەنابردن بۆ «سێیەکی پەکخەر» کۆبوونەوەی پەرلەمانیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار پەك خست. ئەم پەکخستنە پرۆسەی سیاسیی عێراقی بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا واڵا کردووە و چاودێری سیاسی گەشبین نییە لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا هەتا ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو (٣٠ی ئایاری ٢٠٢٢) ئەو ئاستەنگانە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و پرۆسەکە بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی و، لێرەدا ئاماژە بە چەند ئەگەرێك دەکەین:

١. وەك بە ڕاشکاوی لە دیمانەکەی شەوی ١٧/١٦ ی ئاداری ڕابردووی نووری مالیکی سەرۆکی لیستی «دەوڵەتی یاسا» گوێمان لێ بوو، داواکاری ئیتاری تەنسیقی شیعەش پێش هەموو شت ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی گەورەی شیعەیە، پاشان دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، خۆ ئەگەر ئەمە داواکارییان نەبوایە، ئەوا چۆن پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پشکی «عەرەبی سوننە» لە پەرلەمان یەکلایی بۆوە، ڕۆژی شەممەی ڕابردووش پۆستی



سەرۆك كۆمار كە پشكی «كوردە» یەكلایی دەبووەوە، بەڵام ئەمەشیان كردە ئامرازێك بۆ ئامانجە سیاسییەكانی خۆیان.

٢. ئەگەر پێكهێنانی كوتلەی گەورەی شیعە پێش هەر شتێكی دیكە و بۆ ئەوەی شیعە كوتلەی گەورە لە دەست نەدات، ئەگەرێكی نیمچە مەحاڵە و گومان دەخاتە سەر شەرعییەتی سەرۆكایەتیی پەرلەمان، لە بەر ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی پەرلەمان بەرهەمی «هاوپەیمانیی سێ قۆڵی زۆرینەی نیشتمانی»یە، هەر بۆیە ئەگەر لایەنەكانی ئیتاری تەنسیقی شیعە بیانەوێت تەیاری سەدر لەو هاوپەیمانییە بهێننە دەرەوە و بیكەن بە بەشێك لە هاوپەیمانیی زۆرینەی شیعە، ئەمە مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی سێ قۆڵی زۆرینەی نیشمانی «هاوپەیمانی ڕزگاركەری نیشتمانی ئێستا» هەڵبوەشێتەوە و، ئەمەش ئەگەرێكی زۆر دوورە و عێراق ڕووبەڕووی تونێلێكی تاریك دەكاتەوە.


٣. موقتەدا سەدر لە تویتەكەیدا كە داوای لە پەرلەمانتارانی سەربەخۆ كرد بۆ ئەوەی بەشداری لە كۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار بكەن، جەختی لەسەر ئەوە كردەوە ئەگەر ئەمە نەكرێت، پرۆسەكە شكست دەهێنێت و پەرلەمان كۆتایی دێت، ئەمەش ڕاشكاوانە بە مانای ئەوە دێت كە پەرلەمان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و زەمینە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە ساز بكرێت، لە بەرامبەر ئەمەدا لایەنەكانی ئیتاری تەنسیقیی شیعە پێداگری لەسەر ئەوە دەكەن نە پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە و نە ڕێگەش دەدەن هەڵبژاردنی پێشوەختە بكرێت، ئەم دوو هاودژییە بەرامبەر بە یەكدی، ئەگەری پێكدادانی چەكداری لێ دەخوێندرێتەوە.

ئەم سێ ئەگەرە كە سێ ئەگەری بەرچاون و دەبێت لەم یەك دوو ڕۆژەدا بە جددی مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕۆژی شەممە دوای پەكخستنی كۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار، لە كۆنگرە ڕۆژنامەوانییەكەی سەركردەكانی «ئیتاری تەنسیقیی شیعە» گوێمان لێی بوو، هیچ گەشبینییەك بۆ چارەسەركردنی كێشەكان پیشان نادات، بەتایبەتی كە سەركردەكانی ئیتاری تەنسیقیی شیعە «پەكخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق»یان وەك سەركەوتنێكی مێژوویی بۆ خۆیان لە قەڵەم دا.



# جیهانگیری و دەستتێوەردان و کاریگەرییان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی





**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئاشكرایە كە لە سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوودا، بە دەركەوتنی دیاردەكانی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی، جیهانگیری و دەستتێوەردان دوو مەسەلەی گرنگ بوون كە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ئەم سیستەمە لە جیهاندا سەریان هەڵدا، كاریگەریی ئەو دوو چەمكە بە شێوەیەك ئەنجامەكانیان بەدەركەوتن كە لەسەر ئەم بنەمایە جیهان لە زۆر لاوەو بە شێوەی جیاواز بەرەو گۆڕانكاری چوو، تەنانەتە پرەنسیپەكانی یاسا نێودەوڵەتییەكان و پەیوەندییەكانیش بە هەمان شێوە گۆڕانكارییان بەسەردا هات، مەبەست لە جیهانگیری ئەوەیە كە دوای كۆتاییهێنان بە جەنگی سارد، هەروەها لە ئەنجامی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و پیشەسازی و داهێنانی بەرچاوی سەردەمییانە لە بوارەكانی تەكنەلۆجیای

**لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دیاردەی دەستتێوەردان لە زۆر شوێن و وڵاتان ئەنجام درا، لەوانە: کوردستانی عێراق، ڕواندا، یۆگسلافیای پێشوو، سۆماڵ، سوودان، هاییتی، تەیمووری ڕۆژهەڵات و لیبیا**

زانیاری ئەم جۆرە دیاردەیە هاتە کایەوە، بەو شێوەیەی کە لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کەلتوور و گەیاندنی گرتەوە، ئەم گۆڕانکاری و کاریگەرییانە تەنیا لە وڵاتێکی دیاریکراو نەوەستا، بەڵکو پەڕییەوە بۆ زۆر وڵات و سنوورەکانیشی بەزاند، ئەم سنووربەزاندنە لە ئەنجامدا هۆکار بوو بۆ ئەوەی جیهانگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و تەنانەت ئەمنییش بێتە ئاراوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، جیهانگیری لە ڕووی سیاسییەوە بە دیاردەی دیموکراسیی لیبراڵی پەیدا بوو، بەو پێیەی کە ئەم جۆرە شێوازە کۆتایی مێژووە بەپێی بۆچوونەکانی فۆکۆیاما، جیهانگیریی کەلتووری لەسەر بنەمای ئەوەی کە زمان و زانکۆ و ئامێرەکانی گەیاندن بەرەو زمانێك دەڕوات، بە شێوازێك کە قسەی لەسەر دەکرێت، کە شێوازەکانی ئەنتەرنێت و پێشکەوتن دەگرێتەوە. جیهانگیریی ئابووری خۆی لە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانەوە بینییەوە، کە ئەم کۆمپانییانە زاڵن بە سەر ئابووریی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، کە ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵ دەکات، جگە لەم ڕێکخراوە، سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش کە ڕۆڵی لە بواری دراو و ئابووری بە سەر جیهاندا زاڵە، ئەمە وێڕای بانکی نێودەوڵەتی کە ڕۆڵی لەم بوارەدا بەرچاوە، بە گشتی هەموو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە کاریگەرییان هەیە.

**جیهانگیری گۆڕانکاریی تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کردووە، هەروەها کاریگەریشی لەسەر سەروەریی دەوڵەتان هەیە، کە ئەم سەروەرییە بە ڕەهایی نەمێنێتەوە، بەڵکو بەرەو ڕێژەیی بڕوات**

لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و جیهانگیری و کاریگەرییەکەیدا و لە درێژەی ئاماژەکانی ئەم پەیوەندییانەدا و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی کاریگەریی ئەم دوو چەمکە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، دەتوانین بڵێین کە دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك جیهانگیری بە وتارێکی سیاسیی کۆلۆنیالیزم دادەنێت، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پرۆژەیەکە بۆ بە ئەمریکابوونی جیهان، مەبەست لێرەدا سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی سیستەمێکی تازەو گۆڕانکارییە لە سەرمایەدارییەکانی جیهان، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە زۆر لە دەوڵەتان ڕووبەڕووی قەیران و گرفتی ئابووری بوونەوە، بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دەڵێت: جیهانگیری دیاردەیەکی مرۆییە، گەلان و کەلتوورەکان لێك نزیك دەکاتەوەو کرانەوەی تێدایە واتا پەیوەندیی نێوان گەلانی جیهان بە شێوەیەکی سەردەمییانە ڕێك دەخاتەوە، بەو پێیەی کە تێکەڵبوونی ئابووری و ئاڵوگۆڕی مەعریفی و کاریگەریی ئیجابی لە نێوان دەوڵەتان و هەموو جیهاندا هەیە.

ئەگەر بێتو بێینە سەر لێکدانەوەی گاریگەریی جیهانگیری لە بواری سیاسیدا، دەبێت ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین کە وا دەکات سیستەمە سەنتراڵیزم و دیکتاتۆرییەکان لە جیهاندا بەرەو ڕووخان بچن، تەنانەت ڕۆشنبیریی هۆزایەتی و دەوڵەت بەرەو گۆڕانکاری و جیهانیش بەرەو دیموکراسیبوون و فرەلایەنیی سیاسی دەڕوات، هەروەها بەشداریی فراوان لە بەڕەوچوونی دەوڵەت و ڕێزگرتن لە گەلان و مافەکانی مرۆڤ هەیە، جگە لەو دوو بۆچوونەی ئاماژەمان پێ کردن، بۆچوونێکی دیکەی مامناوەندی لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە هەیە، کە ئەمەیان لەسەر بنەمای عەقلانییەت و واقیعی سیاسی مامەڵە لەگەڵ دیاردەی جیهانگیری دەکات، زۆریش پێی سەرسام نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەتی ناکاتەوە، لە دەرئەنجامدا بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بین و بچینە بنج و باوانی پەیوەندیی جیهانگیری بە ئاساییشی نەتەوەیی، پێویست بەوە دەکات کە لە ڕووی زانستی و بە وردییەوە داهاتووی دەوڵەت لە سایەی جیهانگیری دیراسەت بکرێت، ڕایەك هەیە دەڵێت: دەوڵەت و جیهانگیری پێکەوە دەژین و پەیوەندییەکی باشیان هەیە و هیچ هاودژییەك لەنێوانیاندا نییە، لە لایەکی دیکەوە ڕایەکی دیکەش هەیە کە خودی جیهانگیری کاریگەریی نەرێنی هەیە و دەوڵەت بەرەو نەمان و هەرەس دەبات، چونکە سەرمایەداری فراوانتر دەبێت و جیهانگیریی سەرمایەداری وا دەکات دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی نەمێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە پێشێلکاریی سیاسی و ڕاگەیاندن و ئابووریی دەوڵەتەکان کرا، هەر لەم ڕووەوە ڕایەکی دیکە دێتە پێشەوە کە دەتوانین بە ڕای سێیەم ناوزەدی بکەین، ئەم ڕایە دەڵێت: هەموو تێکەڵییەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وا دەکات کە دەوڵەت هێشتا ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێت و خۆی لەگەڵ ئەم سیستەمە بگونجێنێت، هەر چۆن بێت، دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە جیهانگیری

گۆڕانکاریی تەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کردووە، هەروەها کاریگەریشی لەسەر سەروەریی دەوڵەتان هەیە، کە ئەم سەروەرییە بە ڕەهایی نەمێنێتەوە، بەڵکو بەرەو ڕێژەیی بڕوات.

بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە زۆر بە جددی مەسەلەیەکی دیکەش بخوێنینەوە لە سیستەمی تازەی دەوڵەتدا، ئەویش مەسەلەیەکی گرنگە کە بریتییە لە سەروەریی دەوڵەت، سەروەریی دەوڵەت لە دکیۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەکات، بە تایبەتی پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان بکرێت، واتا دەوڵەت سەروەریی هەیە، دەستوەردان پرەنسیپێکی سیاسییە و لە پرەنسیپە گشتییەکانی یاسایەی نێودەوڵەتییە، چونکە ڕێکخستنی کاروباری ئەم دەوڵەتە مەسەلەیەکی ناوخۆییە و دەبێت دەوڵەتان ڕێزی لێ بگرن. لە بەرامبەرداو لە دەرئەنجامی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتیدا پرەنسیپی دەستتێوەدران هاتە کایەوە، ئەمە یەکێکە لە دیاردە تازەکان و پرەنسیپەکە لەسەر ئەو بنەمایە هاتووە کە دەستتێوەردان لە پرەنسیپی مرۆیی و لە هەندێ حاڵەتی شۆڕشەکان و شەڕی ناوخۆ بەم شێوەیە لە دەرچوونی پرەنسیپەکان ئاماژەی پێ کرا. بەو پێیەی کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوسەنگییەکی خستەڕوو لەنێوان پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان و دەستتێوەردان بۆ کاروباری مرۆیی، ئەوەی ئەمینداری گشتیی پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان (کوفی عەنان) لە ساڵی ١٩٩٩ ئاماژەی پێ کرد کە دەبێت ئەمە پەیوەست بێت بە حاڵەتەکانی چەوسانەوە، هاودژییەکی نییە لەگەڵ سەروەریی نیشتمانی و هەندێ ماف هەیە تایبەتە بە مرۆڤایەتی، ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە دەستتێوەردان بکات، دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە گەورەکان ڕۆڵیان لەمەدا هەبێت.

ئەگەر باس لە پەیوەندیی نێوان پرەنسیپی دەستتێوەردان و دەستێوەرنەدان و ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە (دکتۆر پوترس غالی) ئەمینداری گشتیی پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢ لە پلانەکەی کە بۆ ئاشتی ڕایگەیاندبوو، ئاماژەی بەوە داوە کە ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەت مەسەلەیەکی گرنگە، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەم سەروەرییە بە ڕەهایی وەرنەگیرێت و ئەم ڕۆژگارەش تێپەڕی. هەر لەم ڕووەوە کوفی عەنان لە ساڵی ١٩٩٩ ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت ئەم دوو پرەنسیپە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئامانجی گەل و دەوڵەتاندا بێت، بۆیە لە کاریگەرییەکانی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکان لە بواری سەروەریی ئەم دەوڵەتانە و تاچەند پەیوەندی بە مەسەلەی دەستتێوەردان و دەستتێوەرنەدان هەیە، وای کرد کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەرەو گۆڕانکاری بڕوات، هەروەها دەبێ ئەو ئاسایشە بگونجێت لەگەڵ ئاسایش و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەپێچەوانەوە هەر کارێك پێویست بەوە دەکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستتێوەردان بکات.

لە سەر ئەم بنەمایە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دیاردەی دەستتێوەردان لە زۆر شوێن و وڵاتان ئەنجام درا، لەوانە: کوردستانی عێراق، ڕواندا، یۆگسلافیای پێشوو، سۆماڵ، سوودان، هاییتی، تەیموری ڕۆژهەڵات و لیبیا. ئەم دەستتێوەردانەی کە لەو شوێنانە کرا، هاودژ نەبوو لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی، بەپێچەوانەوە ئەگەر نەکرابایە ئینجا هاودژ دەبوو، واتا بە شێوازێکی دیکە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەش تا ڕادەیەك کاریگەری هەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت جۆرە پاشگەزبوونەوەیەك هەیە لەم مەسەلەیە، لە زۆر شوێن پێشێلکاری هەیە لە ماف و ئازادییە ڕاستەقینەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاوەستاوە، جاران لەسەر بنەمای میلیتاری دەستتێوەردانی دەکرد، ئێستا لەسەر بنەمای سزا ئابوورییەکان کاردەکات، تەنانەت هەوڵی دیپلۆماسی دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زۆر لەو کێشانەش ماونەتەوە، لە دەرئەنجامدا کاریگەرییەکانی مەسەلەی جیهانگیری و دەستتێوەردان لە ئاسایشی نەتەوەیی وای کرد کە ئەم چەمکە بەرەو گۆڕانکاری بڕوات و لەم قەبارە کلاسیکییە نەمێنێتەوە، بەڵکو بەو قەبارەی کە ڕەهەندێکی جیهانیشی وەرگرتووە، چونکە ئاسایشی ئەمڕۆی جیهانی لە پلە بە پلەی چەمکی ئاسایش لە جیهاندا پلەیەکی بەرز و گرنگی هەیە.

**بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بین و بچینە بنج و باوانی پەیوەندیی جیهانگیری بە ئاسایشی نەتەوەیی، پێویست بەوە دەکات کە لە ڕووی زانستی و بە وردییەوە داهاتووی دەوڵەت لە سایەی جیهانگیری دیراسەت بکرێت**

**تەنانەت ڕۆشنبیریی هۆزایەتی و دەوڵەت بەرەو گۆڕانکاری و جیهانیش بەرەو دیموکراسیبوون و فرەلایەنیی سیاسی دەڕوات**

# دیمانەی تایبەت



برانتلی وۆماک خاوەنی بڕوانامەی دۆکتۆرایە لە زانسی سیاسی، کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە و، لە ئێستادا پرۆفیسۆری کاروباری دەرەکییە لە بەشی سیاسیی زانکۆی ڤێرجینیا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارە دەرەکییەکان، پرسە بازرگانی و ئابوورییەکان و، بە شێوەیەکی دیاریکراویش شارەزای کاروبارەکانی چینە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕ و تەنگژەی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕۆڵی چین لەم شەڕەدا و، بە دیاریکراوی ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت چین ڕۆڵێکی بنیاتنەر و ئەرێنی ببینێت، یان لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە هاوکاریی ڕووسیا دەکات و، ئایا دەرئەنجامەکانی هەر یەك لەم بژارانە چی دەبن.

**برانتلی وۆماک**

**پرۆفیسۆری کاروباره دەرەکییەکان لە زانکۆی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:**

# کارێکی گەمژانەیە ئەگەر چین ببێتە هۆکاری درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی ڕووسیاوە، ئەوا قسەیەك هەیە کە دەدرێتە پاڵ (زبگنیو بریجینسکی) کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو لە سەردەمی جیمی کارتەر و، دەڵێت «ڕووسیا لە نێوان دو بژارەدادایە، یان دەبێت ببێتە هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، یان دەبێتە ببێتە پاشکۆی وڵاتی چین، تا چەند لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەکدا هاوڕایت و، ئایا پێت وایە چین سوود لەم بارودۆخەی ئێستای شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا وەردەگرێت بۆ ئەوەی کار بەم ئاقار و ئاڕاستەیەدا بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی من دەتوانم لە بارەی ئەم شەڕەوە ئاماژەی پێ بکەم و شرۆڤەی خۆم بخەمە ڕوو، ئەوەیە کە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین وڵاتەکەی دوچاری هەڵەیەکی گەورە کردووە، کە دەرئەنجامی تراژیدی بۆ ڕووسیا و لە هەمان کاتدا بۆ ئۆکرانیاش دەبێت، هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ڕووسیا وڵاتێکی گەورەیە و خاوەنی سەرچاوەی زۆرە و، بە گەورەیی و مەزنییەوە لە خۆی دەڕوانێت، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕووسیا پێویستی بەوە نابێت بچێە سایە و سێبەری هێزێکی دیکەوە.

*** لە ماوەی پێشوودا مشتومڕێکی زۆر کراوە لە بارەی ئەو ڕۆڵەی کە دەکرێت وڵاتی چین ئەدای بکات، لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، باس لەوەش دەکرێت کە بە حوکمی ئەوەی چین پەیوەندییەکی نزیك و بەتینی لەگەڵ ڕووسیادا هەیە، ئەوا بۆی هەیە لە پێگەیەکدا بێت کە بتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی و بنیاتنەر ببینێت بۆ کۆتایی هێنان**

**ڤلادمیر پوتین وڵاتەکەی دوچاری هەڵەیەکی گەورە کردووە، کە دەرئەنجامی تراژیدیی بۆ ڕووسیا و لە هەمان کاتدا بۆ ئۆکرانیاش دەبێت**

**پێویستە وڵاتی چین هەرچی لە توانایدا هەبێت، یان هەموو هەوڵ و کۆششێک بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕ و ناکۆکییە**

**وڵاتی چین دەتوانێت لە مەودای دووردا کار و کۆششی زیاتر بکات و بەشدارییەکی گەورە بکات لە دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئۆکرانیا**

**بە داگیرکارییەکەی ڕووسیا، یان ئەنجامدانی میانگیری بۆ کەمکردنەوەی گرژی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە پێویستە وڵاتی چین هەرچی لە توانایدا هەبێت، یان هەموو هەوڵ و کۆششێك بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕ و ناکۆکییە، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە کە چین پەیوەندیی بەهێز و بەتینی لەگەڵ سەرجەم لایەنەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە ڕەنگە لە پێگەیەکدا بێت بۆ ئەوەی بەشدار و هاوکار بێت لە هەوڵەکانی میانگیریدا، لەوەش گرنگتر وڵاتی چین دەتوانێت لە مەودای دووردا کار و کۆششی زیاتر بکات و بەشدارییەکی گەورە بکات لە دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئۆکرانیا.

*** ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا چەند ڕێی تێ دەچێت کە چین لەبری ئەوەی هەوڵی میانگیری و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدات، هاوکاری و پاڵپشتیی ڕووسیا بکات، بۆ ئەوەی کاریگەریی سزا ئابووری و داراییەکانی سەر ئەو وڵاتە کەم بکاتەوە، یان تەنانەت کار بکات بۆ ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە هاوکاریی ڕووسیا بکات، پێت وایە ئەمە ئەگەرێکە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە چین زیانمەند بووە لە هاتنەئارا و سەرهەڵدانی ئەم تەنگژەیەدا، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە کارێکی گەمژانەیە ئەگەر بێت و چین هەر هەنگاوێك بنێت، یان هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی ئەم تەنگژە و ناکۆکییە درێژە بکێشێت، یان ئاڵۆزتر ببێت. لە هەمان کاتدا ڕێی تێ دەچێت وێنای ئەوە بکەین کە ڕەنگە چین هەوڵی ئەوە بدات کە ڕووسیا تەواو گۆشەگیر نەکرێت و تەنگی پێ هەڵنەچنرێت، چونکە ڕووسیا زۆر مەترسیدارتر دەبێت ئەگەر بێت و تەواو بخرێتە ژێر گوشارەوە، هەرچۆنێك بێت پێم وانییە کارێك بکات بە ئاڕاستەی درێژکردنەوەی تەنگژەکە.

*** لە ماوەی پێشوودا جەیک سۆلیڤان، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاماژەی بەوە کرد کە هەر وڵاتێك، لە نێویاندا چین، هەوڵی ئەوە بدات ڕووسیا لە سزاکان ڕزگار بکات، ئەوا دەرئەنجام و لێکەوتەی خۆی دەبێت، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت بارگرژی لەنێوان ئەمریکا و چین بەرەو هەڵکشان بچێت؟**

- لێدوانەکەی جەیک سۆلیڤان ناڕەحەتی و ناڕەزایی لای وڵاتی چین دروووست کرد،



لەم ڕووەوە پێم وایە ئەگەر بێت و هەر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبێت، ئەوا کاریگەرییەکە دەرئەنجامی دژ و پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە بەرجەستەکاری بیرکردنەوە و عەقڵییەتی سەروەختی شەڕی ساردە لەلایەن ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە چین سکاڵای لە ئاست ئەم جۆرە هزر و بیرکردنەوەیەدا هەیە.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەرزەنشتکردنی ڕووسیا، لەبارەی داگیرکارییەکەی بۆ سەر**

**وڵاتی ئۆکرانیا، وڵاتی چین نە ڤیتۆی بەکارهێنا و نە ئامادە بوو پاڵپشتیی بڕیارەکە بکات، بەڵکو ئامادە نەبوو دەنگ بدات، پێتان وایە ئەم هەڵوێستەی چین خزمەت بە هێورکردنەوەی گرژییەکان دەکات، یان دەبێتەهۆی درێژەپێدانی زیاتری شەڕەکە؟**

- پێم وایە ئەوەی چین کردی (بە خۆبەدوورگرتن لە دەنگدان) بۆ ئیدانەکردنی



ڕووسیا هەڵە بوو، بەڵام نابێت لە هەمان کاتدا وا لێکی بدەینەوە کە ئەمە بە مانای پشتیوان و پاڵپشتی دێت بۆ ڕووسیا، لە کاتێکدا کە ژمارەی ئەو وڵاتانەی پشتیوانییان لە بڕیارەکە کرد، ژمارەیەکی گەورە و بەرچاو بوو، ١٤١ وڵات لە بەرژەوەندیی بڕیارەکە دەنگیان دا، ٣٥ وڵات خۆیان بە دوورگرت لە دەنگدان، دوو وڵاتیش بەرهەڵستییان کرد، هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی ڕووسیا لە ئاسیا بۆ بەرژەوەندیی بڕیارەکە دەنگیان نەدا و، زۆربەی وڵاتانی باشووری ئاسیا خۆیان لە دەنگدان بە دوور گرت. لەوەش زیاتر، ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ئەم وڵاتانەش لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەکرێت بڵێین ٤٦٪ لەگەڵ بڕیارەکە بوون و ٥٢٪ خۆیان لە دەنگدان بە دوور گرت، ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی چین و هیندستانەوە بوو.

*** زۆر باشە، لە ڕوانگەی ئەم شەڕە و سەرقاڵبوونی تێکڕای ڕۆژئاوا و لە سەروو هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شەڕی ئۆکرانیا و گوشاردروستکردن و سزادانانی ڕووسیا، ئایا دەتوانین بڵێین چین سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە؟**

- بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە لە ئێستادا چین لە دۆخێکی ئابووری و سیاسیی نالەباردایە، ئەم تەنگژە و قەیرانەش کێشەکانی زیاتر کردووە، هەم لە ئێستادا و هەم بۆ مەودای دووریش.

*** لە دوایین وتاردا لەبارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئاماژەت بەوە کردووە کە دوایین پەرەسەندنێك کە وڵاتی چین خوازیاری هاتنەئارای بێت، سەر لە نوێ سەرهەڵدانەوەی شەڕی سارد بێت، ئایا دەکرێت ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی زیاتر لەم بارەیەوە بکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە سەردەمی شەڕی سارد ڕۆژگاری دابەشبوون و لێکترازانی ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆژی بوون و، سێبەری هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە باڵی بەسەردا کێشا بوو و، هۆکاری هاتنەئارای کۆمەڵێکی ناکۆکی دیکەی بوو. دواتر دەبێت ئەوەش لە یاد نەکرێت کە سەرکەوتنی وڵاتی چین لە دوای ساڵی ١٩٨٠، لەسەر بنەمای ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی ئابووریی جیهانی و، لێبوردەیی دوولایەنەی جیاوازییە سیاسییەکان و خۆپاریزیی ئایدۆلۆژی بوو. لە کاتێکدا سەرۆکی چین شی جینپینگ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە وڵاتەکەی پێگەی هێزێکی مەزنی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیوان و پاڵپشتی بەردەوامیدان و درێژەپێدانی هەمان ئەو ئاراستە و ئاقارە دەکات، کە بووە هۆی ئەوەی چین بتوانێت ڕێگەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون بگرێتەبەر.

**ڕەنگە چین هەوڵی ئەوە بدات کە ڕووسیا تەواو گۆشەگیر نەکرێت و تەنگی پێ هەڵنەچنرێت، چونکە ڕووسیا زۆر مەترسیدارتر دەبێت ئەگەر بێت و تەواو بخرێتەژێر گوشارەوە**

**پێم وایە ئەوەی چین کردی (بە خۆبەدوورگرتن لە دەنگدان) بۆ ئیدانەکردنی ڕووسیا هەڵە بوو، بەڵام نابێت لە هەمان کاتدا وا لێکی بدەینەوە کە ئەمە بە مانای پشتیوان و پاڵپشتی دێت بۆ ڕووسیا**

**لە ئێستادا چین لە دۆخێکی ئابووری و سیاسیی نالەباردایە، ئەم تەنگژە و قەیرانەش کێشەکانی زیاتر کردووە، هەم لە ئێستادا و هەم بۆ مەودای دووریش**

## ستیوارت کۆفمان

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دیلاوێر بۆ گوڵان:

# پرسیارەکە ئەوەیە کاردانەوەی پۆتین چی دەبێت، ئەگەر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا شکستی هێنا؟

**ستیوارت کۆفمان پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی دیلاوێر، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کاروباری عێراق و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، وانەبێژی مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە کێشە و تەنگژەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هەروەها شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.**

# دیمانەی تایبەت



*** هەروەك ئاشكرایە كە لە ئێستادا تێكڕای بارودۆخە نێودەوڵەتییەكە لە بارێكی ناهەموار و نالەباردایە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ كاتێك لە كێشە و قەیرانی كەم نەبووە و چەندین پێشهات و پەرەسەندنی نیگەرانكار و مەترسیدار لەم ناوچەیەدا ڕوو دەدەن، ئێوە چۆن شرۆڤەكاری بۆ ئەم دۆخە دەكەن و ئایا لە ئێستادا چ شتێك زیاتر ئێوەی لە بارەی ئەم ناوچەیەوە بە لە بەر چاوگرتنی ئەو هەموو قەیران و تەنگژانە نیگەران كردووە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە بتوانین بڵێین لە مەودای دووردا گرنگترین و گەورەترین كێشە كە دەبێت بایەخی پێ بدرێت و كار و كۆششی جددی لەبارەوە بكرێت، بریتییە لە پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی ئێران، كە ئەویش پرسی ئەوەیە چۆن ڕاددەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێراندا بە ئاست و ئەندازەیەك بێت كە تەنیا بتوانرێت بۆ ئامانج و مەبەستی ئاشتییانە بەكار بهێنرێت و نەتوانرێت بۆ پەرەپێدان و دروستكردنی چەكی ئەتۆمی بخرێتەگەڕ، واتە بە چەشنێك بێت، ترس و نیگەرانی و گومان لە توانا و نییەتی دروستكردنی ئەم چەكە بڕەوێنرێتەوە. بەڵام بە تێڕوانینی من ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی بە چەشنێك كە بتوانرێت لە كۆتاییدا بەكار بهێنرێت بۆ دروستكردنی ئەم چەكە، لەو كاتەشدا قەیرانێكی گەورە سەرهەڵدەدات و تەنگژەیەكی نوێ یەخەی جیهان و ناوچەكەش دەگرێت.

**حكومەتی ئێستای ئێران ئامادە نییە و ئامادە نابێت هیچ سازشێكی نوێ بكات بە دەر لەو سازشانە لە ڕێككەوتنەكەی پێشوودا جێگیر كران**

*** بەڵام لە وەتەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەست بە كار بووە، گفتوگۆكان لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەكەی ئێران دەستی پێ كردووەتەوە و لە ماوەی ڕابردووشدا باس لە هەندێ بەرەوپێشچوونی بەرچاو كرا لە پرۆسەی**

**پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران شەفاف نەبووە و هەنگاوەکانی گومانی وروژاندوون**

**ئەمریکا بۆ نزیکەی ٦٠ ساڵە سزای بە سەر کوبادا سەپاندووە، بە بێ ئەوەی دەرئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت. بەڵام دەکرێت سزا ئابوورییەکانی باجی گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو لەسەر ئەو وڵاتانەی دەکرێنە ئامانج زیاد بکەن**

**ڕووسیا لە حیساباتی خۆیدا ئەو چاوەڕوانی و پێشبینییەی کردبوو کە دەتوانێت گوشار دروست بکات و لە دەرئەنجامدا سازشی گەورە بە ئۆکرانیا و بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم ئامانجەی ڕووسیا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە**

**گفتوگۆکاندا، ئایا پێت وایە ئەم هەوڵە دەرئەنجامی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە؟ ئایا پێشبینی دەکەیت ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا واژوو بکرێت، یان لە کۆتاییدا هەموو لایەك ڕازی دەبن بەوەی پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنەکەی پێشوو دووبارە بکەنەوە؟**

- هیچ گومان هەڵناگرێت کە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن زۆر جددییە لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، واتە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ و بەهێزتر بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرس و تەنگژەیەی کە پەیوەستە بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بەڵام ئەو کێشەیەی من لێرەدا بەدی دەکەم، یان با بڵێین خوێندنەوەی من ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا ناتوانێت ئەم ئامانجەی خۆی بەدی بهێنێت، لە بەر ئەوەی بە بۆچوونی من حکومەتی ئێستای ئێران ئامادە نییە و ئامادە نابێت هیچ سازشێکی نوێ بکات بە دەر لەو سازشانە لە ڕێککەوتنەکەی پێشوودا جێگیر کران. لەم ڕوانگەیەوە بە تێڕوانینی من ئەوەی زیاتر مومکینە و کارێکی کردەنییە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو، نەك کارکردن و هەوڵدان و پێداگریکردن لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، بەڵام لێرەدا کێشەکە ئەوەیە هیچ زەمینەسازییەك لە ئارادا نییە، نە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نە لە وڵاتی ئێراندا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ نێو ئەم ڕێککەوتنە، چونکە تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی پارتەکەی جۆ بایدن لە نێو ئەنجومەنی پیراندا بەرهەڵستیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنە، بە هەمان شێوە لە ئێرانیشدا چەند لایەن و هێزێك هەن کە نایانەوێت جارێکی دیکە وڵاتەکەیان بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو، کە لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا ئەمریکا تاکلایەنە لێی کشایەوە.

*** ئایا دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی بریتی نییە لە ئاڵۆزیی پرسەکە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەوەی هەر یەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بە چاوی گومان و بێ متمانەییەوە لە یەکتری دەڕوانن، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە گفتوگۆ و هەوڵەکانیاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و ئایا پێت وایە دەکرێت هیچ هەنگاوێکی بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا بگیرێتەبەر؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە، چونکە هیچ لایەکیان نەیانشاردووتەوە و بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە بە گومانەوە لە هەنگاوەکانی یەکتری دەڕوانن. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بە تەواوەتی میسداقیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێکشکاند، کاتێك تاکلایەنە لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، بە هەمان شێوە بە درێژایی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران شەفاف نەبووە و هەنگاوەکانی گومانی وروژاندوون، کە واتە دەتوانین بڵێین هەردوولایان هۆکار و پاساوی بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی متمانە بە یەکتری نەکەن.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەنای بردووەتە بەر گرتنەبەری گوشار و سزایەکی ئابووری و دارایی لە بەرامبەر ئێراندا بۆ ئەوەی ناچار بە سازشکردنی بکات، بەتایبەتی کە لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا ناونرا هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار، ئایا چۆن لە کاریگەری بەکارهێنانی گوشار و ئامرازە ئابوورییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڕوانیت و ئایا پێت وایە دەرئەنجامی خوازراویان بەدی هێناوە؟**

- سەرەتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، ئەوا ئەو ئیدارەیە جۆرێك لە گرەوی کرد کە پێی وابوو دەتوانێت لە ڕێی ئەوەی پێی دەوترێت هەڵمەتی ئەوپەڕی گوشار (هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە) سازشی گەورە بە ئێران بکات، بەڵام ئاشکرایە ئەم ڕێچکەیە بە تەواوەتی شکستی هێنا لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا و نەیتوانی دەرئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنێت، بە تەواوەتی پێشبینییش کرابوو کە سەرکەوتوو نابێت و چارەنووسی شکست دەبێت. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سەپاندنی سزای ئابووری بە ئامانجی ناچارکردنی بەرامبەرەکەت بۆ ئەوەی سازشی گەورە بکات،




ڕێگا و ڕێگاچارەیەکی ناکارایە، بەتایبەتی لە مەودای نزیکدا، ئەگەرچی ڕەنگە لە مەودای دووردا کارا بێت، هەرچەندە ئەمریکا بۆ نزیکەی ٦٠ ساڵە سزای بە سەر کوبادا سەپاندووە، بە بێ ئەوەی دەرئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت. بەڵام دەکرێت سزا ئابوورییەکانی باجی گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو لەسەر ئەو وڵاتانەی دەکرێنە ئامانج زیاد بکەن. بۆ نموونە ئێران لەسەر سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، بەڵام سزا ئابوورییەکان دەبنە هۆی ئەوەی سەرچاوەیەکی کەمتری بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان و کاراتر بەردەستدا بێت.

*** ئەی چۆن لە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە ئەم شەڕە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟ ئایا پێت وایە درێژە دەکێشێت یان دەتوانرێت لە ڕێی گفتوگۆوە جۆرێك لە ڕێککەوتن بێتەئاراوە؟**

- ڕووسیا لە حیساباتی خۆیدا ئەو چاوەڕوانی و پێشبینییەی کردبوو کە دەتوانێت گوشار دروست بکات و لە دەرئەنجامدا سازشی گەورە بە ئۆکرانیا و بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم ئامانجەی ڕووسیا دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە، ئەوەش لە بەر ئەوەی داخوازییەکانی ڕووسیا ڕەهەندێکی واقیعبینانەیان نییە و لەگەڵ هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکەدا ناگونجێن و لە هەمان کاتدا کارێکی کردەنی نین بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێن. ئەوەتا لە ئێستادا ئەوە بەدی دەکەین، ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پابەندبوونەکانی خۆی بەرامبەر ناتۆ پاشگەز نەبووەتەوە، لە نێویاندا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بەڵکو پتر پێداگری و سووربوونی زیاتری لێ بەدی دەکرێت لەم ڕووەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بە گفتوگۆکانەوە بۆ ڕاوەستاندنی شەڕەکە کە تەوەری داخوازییەکانیش بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی ئۆکرانیا هەڵوێستی بێلایەنی بگرێتەبەر، ئەوا پێشبینی ئەوە ناکرێت پرۆسەی گفتوگۆکردنەکە بە ئاسانی بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا بڕوات، بەتایبەتی کە ڕووسیا داخوازییەکی بەهێزی هەیە لەم ڕووەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زەحمەت بێت وێنای ئەوە بکرێت ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم گفتوگۆیانە دەرئەنجامێکی ئەرێنی و خوازراویان لێ بکەوێتەوە لە پێناو کۆتاییهێنان بە شەڕ و بەرپاکردنی ئاشتیدا. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا کاردانەوە و پەرچەکرداری سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پۆتین) چی دەبێت ئەگەر بەو قەناعەت و دەرئەنجامە بگات کە پلان و هەوڵەکانی هیچ ئەنجامێکی خوازراوی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە کە خۆیان پێشبینی و چاوەڕوانییان دەکرد.

**داخوازییەکانی ڕووسیا ڕەهەندێکی واقیعبینانەیان نییە و لەگەڵ هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکەدا ناگونجێن و لە هەمان کاتدا کارێکی کردەنی نین بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێن**



# ڕەمەزانی ژینگەیی:
# ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی خواردەمەنی

ساڵانێکە بەیاننامە یەك لە دوای یەکەکانی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی خاشاك، ئاماژە بە ئامارەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) دەکەن کە نزیکەی (١,٣) ملیار تۆن لە خۆراکی جیهان بەفیڕۆ دەڕوات، لە ئەنجامی فڕێدانی زیادەی خۆراك، هەروەها نزیکەی یەك ملیار مرۆڤ لە کۆی دانیشتووانی جیهان برسین و، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژانە هەزاران منداڵ لە بەر برسێتی دەمرن لە جیهاندا، هەروەها ساڵانە نزیکەی (١/٣) خۆراکی بەرهەمهێنراوی جیهان بە هۆی زیادەڕەویی لە بەکارهێناندا بەفیڕۆ دەچێت. بۆیە ساڵانێکە داوا لە تاك و کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەکات کە لە ڕێگەی کەمپینی دەستگرتن بە خۆراکەوە دەست پێ بکەن، لە ماڵی خۆیانەوە و لەو شوێنەی خۆیان خاوەن بڕیارن تێیدا.

ئێستا ئەگەر یەکێك وەك تاکێکی نێو کۆمەڵگە لێت بپرسێت: ئەو لە نێو ماڵی خۆیدا دەتوانێت چی بکات؟ لە وەڵامدا دەتوانیت پێی بڵێیت:

یەکەم: ئەو بڕە خۆراکەی کە بۆ ڕۆژێك، یان هەفتەیەك پاشەکەوتت کردووە لە ماڵەوەدا، بە کاری بهێنە بە تەواوی، ئینجا بڕە خۆراکی دیکە بکڕە.

دووەم: ئەوەندە خواردن لێ بنێ کە زیاتر نەبێت لە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەت و ئامادەبووانی سەر سفرە و خوان.

سێیەم: هیچ پاشماوەیەکی خۆراك مەهێڵەوە بۆ فڕێدان.

چوارەم: بۆ هەر کەسەو بە قەدەر پێویستیی خۆی خواردن بکەرە قاپەکەیەوە.

پێنجەم: شیر و چای و قاوەی ساردەوەبوو فڕێ مەدە، بەڵکو پاش تێکەڵکردنیان بە بڕێك لە ئاو، بیانکەرە ژێر درەخت و ڕووەکانەوە.

شەشەم: لە ژەمەکاندا پێکەوە دابنیشن بۆ خواردن لە یەك کاتدا نەك هەر یەکەو بە تەنیا، چونکە بە هەر جارەو گەرمکردنەوەیەکی دیکەی خواردنەکە وزەی کارەبا و غازی زیاتر لە دەست دەدرێت.

حەوتەم: ئەگەر پاشماوەی خۆراکت هەبوو،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

بیکـە بـە پەینـی سرووشـتی بـۆ باخچەکـەت.

هەشتەم: ئەو میوەیەی کە ئارەزووی خواردنی ناکەیت، فڕێی مەدە، بیکە بە مورەبا.

نۆیەم: ئەگەر خۆراك و میوەی زیاد لە پێویستیی خۆت هەبوو، دەشزانیت نایخۆن، هەر لە سەرەتاوە بیکە بە دیاری بۆ خزمێك، یان دراوسێیەك، نەك دواتر فڕێی بدەیت پاش تێکچوونی.

دەیەم: کە خواردن بە دیلیڤەری داوا دەکەیت، داوای زۆر مەکە، بەڵکو بە قەدەر پێویستیی خۆت داوا بکە.

یازدەیەم : هەندێك لەو سەوزانەی دەمێننەوە، دەتوانیت وشکیان بکەیتەوە بۆ وەرزێکی دی.

دوازدەیەم: وردەنانی زیادە و تڵپەچای و توێکڵی میوەکان بکەرە ژێر خۆڵی باخچە و ڕووەکەکانی ماڵەوە.

سێزدەیەم: توێکڵی زۆری میوە قەبارە گەورەکانی وەك شووتی و کاڵەك بخەرە بەر هەتاو بۆ کەمبوونەوەی کێش و لەدەستدانی بڕی ئاوەکەی، بەمەش بارستەی تەنەکە خۆڵەکەت سووکتر دەبێت و، بارستەیەکی تەڕ و قورس ناخەیتە حاویەی خاشاك کۆکەرەوەکانەوە.

چواردەیەم: بزانە کە لە ڕووی ئایینییەوە ئەوە فەرمانی خودایە کە فەرموویەتی: بخۆن و بخۆنەوە و زیادە مەسرەفیی مەکەن.

پازدەیەم: ئەوەش بزانە کە زۆر خواردن لەم سەردەمی دانیشتن و کەم جووڵەییەدا زیانی تەندروستی زۆری بەدواوەیە.

شازدەیەم: دەکرێت ئەگەر خواردنت مایەوە بیخەیتە بەردەمی ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەی کە خۆت هەتە لە ماڵەوە، یان هی کەسێکی نزیکتن.

حەڤدەیەم: بەشدار بە بە هەر هۆکارێك بۆ ڕێگرتن لە برسێتی.

هەژدەیەم: ئەوە بزانە کە ئاسایشی خۆراك، کلیلی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتییشە.

نۆزدەیەم: ئەمە دروشمت بێت لە ژیاندا: «حەزم لە خوان و نانە، ڕقم لە بەفیڕۆدانە».

بیستەم: بۆ یارمەتیدەر بیت لە پاراستنی ژینگەدا، هەمیشە بیر بکەرەوە پێش ئەوەی بخۆیت.




# کۆڕەوە ملیۆنییە جەماوەرییەکەی کوردستان تەواوکەر و درێژەپێدەری ڕاپەڕین بوو

**دوای سەرکەوتنی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و ئازادکردنی سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان، بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، ڕژێمی بەعس هێزێکی زۆری کۆکردەوە و ڕوویان لە کوردستان کرد و، هەزاران هاووڵاتی بە ناچاری ماڵ و حاڵیان جێهێشت و بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد. ئەم کۆچە، بە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ ناسرا. لە کۆڕەو ئەوە سەلمێندرا کە کورد بە یەکگرتن دەتوانێ دوژمن بشکێنێت، هەروەها کۆڕەو پرسی کوردی لە کێشەیەکی لۆکاڵییەوە گەیاندە پرسێکی نێودەوڵەتی و هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە هاتنە سەر خەت و هێڵی ٣٦ی بە دوای خۆیدا هێنا و دواتر دەستکەوتەکانی نەتەوەیی و ئەم ئەزموونەی حوکمڕانیی خۆماڵی لێ کەوتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر باسی ئەو ڕووداوە مێژووییە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

د. چەواس حەسەن خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە یاسای گشتی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کۆڕەو و ڕاپەڕین لە چوارچێوەی یەك هەڵوێستیی گەلی کورددا هاتن، ئەویش ملکەچنەکردن بۆ دیکتاتۆریەت و ڕەتکردنەوەی بە کۆمەڵی زەبروزەنگی چەندین ساڵەی بەعس بوو، کە چەند ساڵێکی کەمی پێش ڕاپەڕین و کۆڕەو خۆی دەبینییەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی دژ بە گەلی کورد و ئەنفال.» هاوکات دەڵێت: «کۆڕەو دەلالەت بوو لەسەر ئەوەی کە ڕاپەڕین هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان بووە، هەر بۆیەشە کۆڕەو جۆرێك بوو لە بەردەوامیی ڕاپەڕین و جۆرێك بوو لە ڕەتکردنەوەی بەکۆمەڵی ڕژێمی بەعس. ئەوەش دەلالەت بوو لەسەر

ڕەوایی دۆزی کورد، دەلالەت بوو لەسەر ئەوەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە ویستی سەرجەم تاکەکانی گەلی کوردبووە، نەك نوخبەیەکی سیاسی، لێرەوە دەتوانین ئەوە لێك بدەینەوە کە بۆچی گەلی کورد هەمیشە لە خەباتدا بووە، چونکە ویستوویەتی بە مافە ڕەواکانی بگات، وەك گەلانی ناوچەکە، لەو پێناوەشدا ئامادەیە کە دەست لە هەموو سامان و موڵك و ماڵی هەڵبگرێت. هەر بۆیەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەیامەکەی کۆڕەوی بە دروستی وەرگرت و هاتنە سەر هێڵ، بەوەی کە لە دەرەنجامی کۆڕەودا گرنگترین بڕیاری بێ پێشینە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو کە بڕیاری ٦٨٨ بوو، تیایدا دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات بۆ پاراستنی گەلی کوردستان، هەر ئەوەش بووە بنەمایەك بۆ دروستکردنی (ناوچەی ئارام) کە دەرفەتی ڕەخساند بۆ یەکەم هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، لەوەشەوە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین: کۆڕەو هێندەی خەباتێکی دەستەجەمعیی گەلی کوردستان بوو، هێندە شکستی ڕاپەڕین نەبوو، بگرە کۆڕەو درێژەپێدەری ڕاپەڕین بوو».

شاخەوان خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان،بە پێویستی دەزانێت، «هەموو لایەك بۆ یەکڕیزی و یەکگوتاری لە پێناو ئاواکردنی کوردستان پەند لە کۆڕە و وەربگرن». ئاماژە بەوەش دەکات کە «جەماوەری باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕی و هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوی لە ڕەگەوە هەڵتەکاند و وڵاتیان لێ پاك کرایەوە، ڕژێمی بەعس لە تۆڵەی ئەوە هێرشێکی ئاسمانی زەمینیی بەرفراوانی کردە سەر باشووری کوردستان و جەماوەریش ژێردەستەیی پێ قبووڵ نەکرا، لە ئاکامدا کۆڕەوی ملیۆنی لە ١٩٩١/٣/٣١ لێ کەوتەوە، ئەمەش باشترین وەڵام بوو بۆ هەموو دونیا کە کورد جگە لە ئازادی و ڕزگاری ڕێگەی دی هەڵنابژێرێت بە هیچ جۆرێك ژێردەستەیی ناوێت. کورد لەم ڕۆژەدا جارێکیتر چیاکانی هەڵبژاردەوە و بەرەو ناوچە سنوورییە شاخاوییەکان ڕێگەیان گرتەبەر بۆ ناوچە سنوورییەکان و دووچاری ژیانی کولەمەرگی بوون، بەڵام ئیرادەی بەهێزی کورد و خۆڕاگرییەکەی وای کرد، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوون».

شاخەوان خالید لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا گوتی: «کۆڕەوی کوردان هەموو دونیای لە خەوێکی قووڵ بەئاگا هێنایەوە و بووە ناسنامەی ناساندنی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە گەلی کوردستانی دەکرد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان ڕووماڵی ئەو ڕووداوە بکەن و ویژدانی هەموو جیهانی هەژاند، هەر ئەوەش وای کرد ڕای گشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جووڵە پێ بکات و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو مەسەلەیە دانیشت و بووە هۆی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ و دانانی هێڵی ٣٦ ی دژە فڕین، تا بە هۆیەوە فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەوسای عێراق لە نێو ئەو هێڵە نەتوانن بفڕن و چالاکییەکانیان لە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام نەدەن، ئەمەش دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساند ئیدارەی خۆی بکات و دەزگا دەستوورییەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێك بهێنێت».

گوتیشی: «ئەوەی هاتووەتە ئاراوە بەری ڕەنجی خەباتی جەماوەریی کوردستانە بە ڕاپەڕین و کۆڕەوەکە، هەر بۆیە دەسەڵات و هەموو حزبەکان دەبێت ئەوە بزانن هەرچەندەی بۆ ئەو خەڵکە بکرێت و داواکارییەکانیان بەجێ بگەیەندرێت، کەمترین وەفا دەبێت بەرامبەر جەماوەر و خوێنی شەهیدان، بۆیە زۆر پێویستە هەموو لایەك بۆ یەکڕیزی و یەکگوتاری لە پێناو ئاواکردنی کوردستان پەند لە کۆڕەو وەربگرین».

وەیسی سەعید وەیسی بڕیاردەری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «٣١ساڵ بەر لە ئێستا خەڵکی کوردستان بە پاڵپشتیی بەرەی کوردستانی دژ بە ڕژێمی خۆسەپێن ودیکتاتۆری بەعس ڕاپەڕین و کوردستان ئازاد کرا. ڕاپەڕین بە وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی دادەندرێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و هێمایەکە بۆ خۆبەدەستەوەنەدان و قبووڵنەکردنی داگیرکاری و سەلماندنی چیتر ژێردەستەیی و چەوساندنەوە قبووڵ ناکرێت.

بەڵام بەداخەوە جارێکی دی ڕژێمی بەعس هێرشی کردەوە سەر کوردستان و لەسەرەنجامدا خەڵکی کوردستان بڕیاری کۆڕەوی دا». گوتیشی: کۆڕەوکەی ساڵی بەهاری ١٩٩١ بە گەورەترین یاخیبوون دادەندرێت لە مێژووی گەلەکەمان و سەلماندنی گەلی کوردستان زوڵم و ستەم و زۆرداری ڕەت دەکاتەوە، بۆیەش کۆڕەو هێمایەکی سەروەرییەکانی گەلی کوردستانە، چونکە هەموان بە ئیرادەیەکی هاوبەشەوە سەلماندیان ژیانی ژێردەستەیی قبووڵ ناکەن.»

وەیسی سەعید ڕای وایە «کۆڕەو سەرەڕای ڕووداوە ناخۆشەکان، دەستکەوتی گەورەشی بۆ گەلی کورد هەبووە، کە لەم چەند خاڵەدا پوختی دەکاتەوە:»

١- کۆڕەوە ئیرادە و کۆدەنگیی گەلی کوردستانی دروست کرد، بە جۆرێك کە هەموو خەڵکی کوردستان بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە لە ترسی داگیرکار کوردستان بەجێ دەهێڵن و ئامادەن ژیانی ئاوارەیی و مردن هەڵبژێرن.

٢- کۆڕەو دەرگای دیپلۆماتیی دونیای بە ڕووی گەلی کوردستاندا کردەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ناساندنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپەلە بڕیاری ٦٨٨ پەسەند بکات و ناوچەی ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ دەستنیشان بکات.

٣- کۆڕەوە وێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن و، بە یەکەوە مقاوەمەت بکەن و داستانی کۆڕێ تۆمار بکەن، بەمەش هاوکێشەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات، تا لە دواییدا بۆ یەکەم جار پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام درا، هەر بە هۆی کۆڕەو بوو کە دەستکەوت و گۆڕانکاریی گەورە لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتن و ئومێدی زۆری بە هەر چوار پارچەی کوردستان بەخشی».



د. چەواس حەسەن:

**کۆڕەو و ڕاپەڕین لە چوارچێوەی یەک هەڵوێستیی گەلی کورددا هاتن، ئەویش ملکەچنەکردن بۆ دیکتاتۆریەت و ڕەتکردنەوەی بە کۆمەڵی زەبروزەنگی چەندین ساڵەی بەعس بوو**



وەیسی سەعید وەیسی:

**کۆڕەوکەی ساڵی بەهاری ١٩٩١ بە گەورەترین یاخیبوون دادەندرێت لە مێژووی گەلەکەمان و سەلماندنی گەلی کوردستان زوڵم و ستەم و زۆرداری ڕەت دەکاتەوە**



شاخەوان خالید:

**کۆڕەوی کوردان هەموو دونیای لە خەوێکی قووڵ بەئاگا هێنایەوە و بووە ناسنامەی ناساندنی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە گەلی کوردستانی دەکرد**

### لە پێناو کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان

# خانمان داوا دەکەن ئەو ڕێز و پێگەیەی بارزانی-ی نەمر لە ڕابردوودا پێی دابوون بۆیان بگەڕێندرێتەوە



ناز فەلەکەدین کاکەیی:

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بارزانی-ی نەمر؛ دەبینین ڕێزگرتن لە ئافرەت و پەروەردەکردنی شێرەژنانی شۆڕش کە شان بە شانی خێزانیان تێدەکۆشان و بە سەدان پێشمەرگەیان پێشکەشی شۆڕش کردووە، وێنایەکی بەرجەستە و بەرچاویان هەیە**

ناز فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر، سەرەتای وتەکانی بە پەیامێك دەست پێ دەکات و دەڵێت «ژن مەکوژن، لە بری کوشتنی ژنان، پیاوی مەردانە پەروەردە بکەن». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ هەست بە گۆڕانکاریی بنچینەیی لە کەلتووری نەتەوەکان دەکرێت، کە زیاتر بە ئازادیی تاك ناو دەبرێت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کە هیچ زەرەر و زیانێك بە کۆمەڵگە نەگەیەنێت؛ پێی دەگوترێت: «ڕەهابوون». ڕەهابوون لەو زنجیرە کۆنانەی پیاوسالاری و غەدر و ئازاردانە کە وا دەکات ژن لەم زیندانە برینی ڕۆحی و جەستەیی هەبێت و بۆ ڕزگاربوونی ڕۆحی، ڕوو لە ئەو بابەتانە بکات کە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت. دەرکەوتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتارکردن بە پێچەوانەی سنووری کۆمەڵایەتی، نیشانەی ڕەهابوونە؛ نەترسی و گیانفیداییە لە پێناوی ئازادیی ڕۆحێ کە ساڵانێك ئەسیر بووە، بۆیە لەگەڵ هەر تۆفانێك گۆڕانکاری دروست دەکات». گوتیشی: «لە جیاتی ئەوەی سمینار بۆ هۆشیاریی ژن دروست بکرێت، دەبێت پیاو لە خەتەری تاوانی گەورەی کوشتنی دایکان، هاوسەران، کچان و خوشکان ئاگادار بکرێن. بێگومان گۆڕستانی مەرگەساتی خوێناویی کوشتنی ژن لە کۆمەڵگە، منداڵانی نەخۆش پەروەردە دەکات. ئاریشەکە ئەوەندە گەورەیە کە یاسا بە دەستیەوە دەناڵێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بارزانی-ی نەمر؛ دەبینین ڕێزگرتن لە ئافرەت و پەروەردەکردنی شێرەژنانی شۆڕش کە شان بە شانی خێزانیان تێدەکۆشان و بە سەدان پێشمەرگەیان پێشکەشی شۆڕش کردووە، وێنایەکی بەرجەستە و بەرچاویان هەیە. هیوادارم ئافرەتی کورد وەك سەردەمی بارزانی-ی نەمر سەیر بکرێت و ببێتە لۆگۆی ئاشتەوایی کۆمەڵگە و پێگە و ڕێزی خۆی هەبێت».


ڕاژان عەبدولڕەحمان ستوونی، چالاکی مەدەنییە و ڕای وایە: «دۆخی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی بەشداریی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و...هتد، لە نێو جومگەکانی حوکمڕانیدا جیاوازە لە گەڵ قۆناغی خەباتی چەکداری و تا ڕاددەیەك ئافرەت توانیویەتی شان بە شانی ڕەگەزی بەرامبەری لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵ ببینێت؛ بەڵام تا ئێستاش وەك ئەوەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵ پێك دەهێنێت، بایەخدان بە ڕۆڵی ئافرەت وەك مرۆڤ لە ئاستی پێویستدا نییە». هاوکات دەڵێت: « زۆربەی جاران ئافرەتان بۆ بەرگریکردن لە مافی ڕەوای خۆیان لە جیاتی ئەوەی بە ڕێگا و ڕێکارە یاساییەکان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، پەنا دەبەنە بەر هەندێك دامەزراوەی سڤیل، ئەمەش ناتوانێت کێشەی ئافرەتان چارەسەر بکات. پێویستە ئافرەتان لە ڕووی هۆشیاری و مەعنەوییەوە خۆیان پێ بگەیێنن، نەك لەو ڕوانگەوە کە ئافرەتان وەکو کاڵا دەربکەون لە هەمبەر ڕەگەزی بەرامبەر بە خۆیان؛ ئەگەر ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی ئافرەت بەرز بێت، دەتوانێت زاڵ بێت بە سەر زۆربەی ئەو کێشانەدا کە لە کۆمەڵگە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە». گوتیشی: «ئەگەر

مستەفا بارزانی، ناوێکی درەوشاوەیە لە مێژووی کوردستاندا و ڕابەرێکی هەڵکەوتووە لە خەبات و شۆڕش و بەرخۆدانی گەلەکەیدا، بەرهەمی بیروبۆچوونی بەرزیشی بووەتە ڕێبازێکی قایم و سیاسەتێکی مکۆمی نەتەوەیی، کە بەردی بناغەی لەسەر چەمکی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی دانراوە، هەموو کات و سەردەمێکیش ڕزگاریی نەتەوە لە ستەم و چەوساندنەوە ئامانجی باڵای بووە، بارزانی-ی نەمر ڕچەشکێنی پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگەکەمان بووە و، لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن چەندین فەرمانی لە بەرژەوەندیی ئافرەتان دەرکردووە، لەوانە: قەدەغەکردنی مارەکردنی ئافرەت بە زۆر، گەورە بە بچووك، مارەکردنی کچی منداڵ، شیربایی، قەدەغەکردنی ڕێگریکردن لە خوێندن و کارکردنی ئافرەت، هەر ئەو بەهادانە بە پێگەی ئافرەت وای کرد لە سەردەمی شۆڕش و خەباتدا بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی بدات. خانمانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتری بابەتەکە دەکەن.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەراوردێك بکەین لە نێوان دۆخی ئافرەتان لە سەردەمی «بارزانی-ی باوك» و ئەمڕۆدا، هەست بەوە دەکەین کە لای بارزانی-ی نەمر ئافرەت پیرۆزی خۆی هەبووە و، ڕێزێکی زۆری لە توێژی ئافرەتان گرتووە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە سەردەمی شۆڕش و خەباتدا بوو، هەروەها ڕێژەی توندوتیژی لەو ئان و ساتەدا زۆر کەمتر بووە بە بەراورد لە گەڵ قۆناغی ئێستا، لە بەر ئەوەی بارزانی-ی نەمر بە هەموو هێز و توانایەکەوە پاڵپشتی لە ئافرەتان دەکرد و، ڕۆڵی ئافرەتانیشی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بەرز دەنرخاند؛ چونکە بارزانی-ی باوك ئافرەتی بە نیوەی دیکەی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدا و پشتگوێی نەدەخستن. پێویستە لە ڕێگەی یاساکانی هەرێمی کوردستان کار بکرێت بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بنەما یاساییانەی کە پشتگیری لە مافی ئافرەتان دەکەن، هاوکات لە گەڵ ئەمەشدا پەرە بە هۆشیارکردنەوەی گشت تاکەکانی کۆمەڵگە بدرێت، چونکە گەورەترین کارەساتی کۆمەڵایەتی لە دامێنی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیدا پەرە دەستێنێت؛ بۆیە هەر لە ئێستاوە دەبێ لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا هەر چەند درێژخایەنیش بێت، هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت».

شیلان ئاستەی چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کێشەی کوشتنی ژن لە ناو کومەڵگەی کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە، لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە هەموو توانایەك هاوکارن بۆ بنبڕکردنی کوشتنی ئافرەت، بەڵام بەداخەوە حاڵەتەکان بوونەتە دیاردە و لە پەرەسەندنن». هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کوشتن نەك تەنیا چارەسەری کێشەکان ناکات، بگرە نەتەوە و وڵاتیش بەدناو دەکات و لە ناو جیهان بە ژنکوژ هەژمار دەکرێت. لە دێرزەمانە گەلی کورد گەلێکی پاك و خاوێن بووە بەرانبەر بە ئافرەت، لە حاڵێکدا کە گەلانی دەوروبەر ئافرەتیان وەکوو کەرەستە بەکار دەهێنا، بەپێچەوانەی گەلانی دەوروبەر ئافرەتی کورد لە دێرزەمانە خاوەنی پلە و پایەی بەرز بووە و هاوشانی پیاو کاری کردووە بۆ بژێوی ژیان و پێگەیاندنی منداڵەکانی و لە سەردەمی شاخ و لە ئاوارەییش هاوشانی پێشمەرگە خەباتی کردووە و بە بەرز و پیرۆز نرخێندراوە. لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و بە فەرمانی ئەو ڕابەرە مێژووییە بە فەرمی ڕێکخراوی ئافرەتان دامەزراوە بۆ ئەوەی ئافرەتی کورد زیاتر گەشە بکات و خۆی پێ بگەیێنێت. بە خۆشحاڵییەوە پاراستنی مافە ڕەواکانی ئافرەتان، کە بارزانی-ی نەمر ئەو کات خەباتی بۆ کردووە، ئێستا بووەتە بەشێك لە سیاسەت و داواکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی».




راژان عەبدولڕەحمان ستوونی:

**بارزانی-ی نەمر بە هەموو هێز و توانایەکەوە پاڵپشتی لە ئافرەتان دەکرد و، ڕۆڵی ئافرەتانیشی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بەرز دەنرخاند؛ چونکە بارزانی-ی باوک ئافرەتی بە نیوەی دیکەی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدا و پشتگوێی نەدەخستن**



شیلان ئاستەیی:

**بە پێچەوانەی گەلانی دەوروبەر ئافرەتی کورد لە دێرزەمانە خاوەنی پلە و پایەی بەرز بووە و هاوشانی پیاو کاری کردووە بۆ بژێوی ژیان و پێگەیاندنی منداڵەکانی و لە سەردەمی شاخ و لە ئاوارەییش هاوشانی پێشمەرگە خەباتی کردووە**



## دیزاینەر شنیار تەها:

# بە بڕوابەخۆبوون و هەوڵەکانم توانیم متمانەی بەرامبەر بە دەست بهێنم

**خانمانی کوردستان لە ئێستادا توانیویانە بەربەستەکانی بەردەمیان بشکێنن، هاوکات لە مەیدانی کار و قازانجکردن بوونی خۆیان بسەلمێنن و، بە ڕەگەزی بەرامبەر بڵێن: «ئێمەش هەین». بەشێکی خانمان کە بە هۆی نەبوونی بڕوانامە، یان نەبوونی هەلی دامەزراندن لە کەرتی گشتی چانسی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان بەو بەهرەیەی کە هەیانە، ئەسپی خۆیان تاو داوە و لە نێو ماڵەکانیان کار دەکەن و، لە دەستخستنی بژێوی خێزان بەشدارن. شنیار تەها خانمێکی تەمەن ٢٧ساڵەی دانیشتووی شاری سلێمانییە و دەرچووی پۆلی ١٢ی ئامادەییە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کارەکانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**ئێستا من تەنیا کاری دیزاین و چنین دەکەم، بەڵام پلانم هەیە بۆ داهاتوو کاری دروومانیش بکەم، چونکە خواستی زۆری لەسەرە**

**بەهۆی ئەوەی شووم کردووە و دایکی کچێکی جوانم نەمتوانی جێی بهێڵم و پەرە بە خوێندنەکەم بدەم**

*** چۆن بوو ڕووت لە کاری دیزاین و چنین کرد؟**

- لە منداڵییەوە کاری چنینم زانیوە و وەك خولیایەك لەم ساڵانەی دواییدا پەرەم پێ داوە. سەرەتای کارکردنیشم دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و بەتوانایی دایکم، کە ئەویش لە منداڵییەوە کاری چنینی زانیوە و کردوویەتی، هەمیشە خواستێکی زۆر لەسەر کارەکانی دایکم هەبووە، ئێستاش بەردەوامە و هاوکاری تەواوەتی منە. لە وەتەی بیرم کردووەتەوە چنینم زانیوە، سەرەتایەکم بیر نایەت، بڵێم ئەو کاتە دەستم پێ کردووە. زۆر منداڵ بووم، دایکم هەندێك چنینی پێ ئەسپاردم، ئەیوت ئاوا بەو نەخشە بیکە، منیش دەمکرد بێ ئەوەی فێرکاریم بۆ دابنێ. بۆیە دەتوانم بڵێم کارەکەم بەهرەیەکی بۆماوەییە لەدایکمەوە. ئێستا من تەنیا کاری دیزاین و چنین دەکەم، بەڵام پلانم هەیە بۆ داهاتوو کاری دروومانیش بکەم، چونکە خواستی زۆری لەسەرە و، زۆر داوام لێ دەکرێت کە کاری دروومانیش بکەم. پەنا بەخوای بێ هیوایان ناکەم. کارەکەم بریتییە لەوەی دیزاین بۆ چنین دادەنێم لە سەر کاڵاکان، بە تایبەت جلوبەرگ، بۆ هەموو جلو بەرگێك، بەڵام زۆرترین خواست لەسەر جلوبەرگی کوردی هەیە و، کاری چنینیش بۆ جوانکارییەکانی ناوماڵ دەکەم.

*** تا پۆلی چەندت خوێندووە و بۆچی خوێندنەکەت تەواو نەکرد؟**

- قۆناغی ئامادەییم تەواو کردووە، واتە ١٢م تەواو کرد، بەڵام ئەو بەشەی حەزم لێی بوو، لە دەرەوەی شار وەریان دەگرتم، منیش بەهۆی ئەوەی شووم کردووە و دایکی کچێکم نەمتوانی جێی بهێڵم و درێژە بە خوێندنەکەم بدەم.

*** ئایا هاوسەرت لە سەرەتاوە بۆ کارەکەت هاوکار بوو، یان ڕێگری دەکرد؟**

- بێگومان هاوسەرەکەم بەشێکی گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنەکانم و هەر لە سەرەتاوە پێی خۆش بووە ئەو کارەی دەیزانم پەرەی پێ بدەم.

*** کارکردن چ هەستێکی بە شنیار تەها بەخشیوە؟**

- هەستێك کە بتوانم جیاواز بم. بە بڕوابەخۆبوون و هەوڵەکانم توانیم متمانەی بەرامبەر بە دەست بهێنم. گرنگترینیان میهرەبانییە بۆ کەسانێك کە تامەزرۆن بۆ کارەکانت و تۆش بتوانیت هاوکارییان بکەیت، بەوەی لایەنی ماددی پشتگوێ بخەیت و ئامانجت دڵخۆشکردن بێت، ئەمەش وا دەکات، ڕەزامەندیی زۆر و متمانەی کەسەکان بە دەست بهێنیت و، نەك جارێك، بەڵکو چەندین جار پەیوەندیت پێوە بکەنەوە و دەستخۆشیت لێ بکەن، ئەو کات هەموو ماندووبوونێك لەبیر دەکرێت.

*** کارکردنی خانمان و ئابووریی سەربەخۆیان تاچەند بە گرنگ و پێویستی دەزانیت؟**

- بە ڕاستی زۆر گرنگە ئافرەت خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ بێت. لەوانەیە بەخێوکەری ئافرەت هیچ کەموکووڕییەکی نەبێت و لە هیچ شتێکی کەم نەبێت، بەڵام کاتێك ژنێك دەبیتە خاوەن داهاتێکی سەربەخۆ، ئەگەر بڕەکەی کەمیش بێت، بڕوابەخۆبوونی زۆر زیاتر دەبێت، مامەڵەکردنیشی جیاواز دەبێت. زۆر کارمان هەیە، تایبەتن بە ئافرەتان و ئەو کارانەش بە گشتی لە توانا و تاقەتی ئافرەتاندایە و لەو کارانەشدا زۆر سەرکەوتوو دەبن. من هەمیشە هەوڵم داوە سوود بگەیەنم



بە کەسەکانی چواردەورم و بەردەوام بە بێ بەرامبەر ئامادەیی خۆمم دەربڕیوە بۆ کەسانێك کە خولیای فێربوونی هەر کارێکی چنینیان هەیە، هەر کاتێك هەر کەسێك ئارەزوومەند بێت، من دەتوانم هاوکاری بکەم بۆ ئەوەی بتوانێت سودێك بۆخۆی و چواردەوریان بەدەست بهێنێت.

**✱ ئایا بۆ ڕۆژانی داهاتووت چ پڕۆژەیەکت هەیە؟**

- دوو پڕۆژەم هەیە. یەکەم، لەپاڵ کاری چنینەکە بتوانم کاری دروومانیش بکەم. دووەم، لە هەوڵدام بۆ کارکردن لەگەڵ گرووپێکدا، واتە کۆمەڵە دیزاینەرێك کارەکانمان بکەین بە یەك و هاوکاری یەکتر بکەین و کارەکەمان گەورەتر بکەین.

**✱ وەك دەبینین لەم دواییانە خانمان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەو بەهرەی کە هەیانە، ئەسپی خۆیان تاو داوە و لە نێو ماڵەکانیان کاردەکەن، چ لە لایەنی دروومان و نەخش و دیزاین، چ لەلایەنی نانکردن و چێشتلێنان، ئەوە تاچەند بە کارێکی باش و بەسوودی دەبینیت؟**

- من پێم باشە هەر ئافرەتێك لە هەر بوارێکدا بەهرەیەك، یان توانایەکی هەیە، جا چ لە ماڵەوە، یان لەدەرەوەی ماڵەوە بێت، پەرە بە بوارەکەی خۆی بدات و، بەردەوام بێت بۆ ئەوەی هاوکاریی خێزانەکەی بکات، بۆ ئەوەی هیچ تاکێك دەستەوەستان نەبێت و تەنیا چاوەڕێی کەسێك بکات، بژێوی دابین بکات، بەڵکو بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی پێویستە ژیانی بەرهەم بهێنێت

**✱ بە داهاتەکەت تا چەند هاوکاریی خێزانەکەت دەکەیت؟**

- هاوسەرەکەم نایەڵێت لە داهاتم هیچ سەرف بکەم، دەڵێت هەڵیبگرە بۆ خۆت، پارەی خۆتە، ئەو مەسرەفی منیش و منداڵەکەش و ماڵەوەش دەکات.

**✱ کەواتە لە سەرەتاوە بە هۆی بارودۆخی خراپی داراییت کارت نەکردووە، هۆکاری سەرەکیی کارکردنت چی بووە؟**

- سوپاس بۆ خوا پێویستم نەبووە، بەڵام بەهرەکەم هەبوو، کارم بۆ خۆم دەکرد، کە خەڵك دەیانبینی، زۆریان حەز لێ بوو، زۆر جار داوایان دەکرد کاریان بۆ بکەم، چواردەوریشم پێیان دەوتم، تۆ ئەم کارانە دەزانیت، گوناحە کار بۆ خەڵك نەکەیت، هەموو دوات لێ دەکەن، ئیتر منیش وتم با بیکەم و تاقی بکەمەوە بزانم چۆنە، سوپاس بۆ خوا کارەکەم زۆر باش ڕۆیشت و جێی ڕەزامەندی بوو.

**✱ ئامۆژگاریت بۆ ئەو ئافرەتانە چییە کە بەهرە و توانای کارکردنیان هەیە، بەڵام ڕێگرییان لێ دەکرێت لەلایەن خێزانەکانیان، یان پاڵپشتی ناکرێن؟**

- ئەو کێشەیە لە وڵاتی ئێمە زۆر بوو، ئەگەرچی ئێستا تا ڕاددەیەك ئافرەتانمان ڕێگەپێدراون بۆ کارکردن، بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرچاویش ئافرەتمان هەیە کە ڕێگرییەکی زۆر هەیە لە بەردەمیان بۆ بەرەوپێشچوونی بەهرەکانیان، یان باشترکردنی ژیانیان. هیوادارم ئەم بیروڕایە کۆتایی پێ بهێندرێت و ئەو بەرگە فڕێ بدەن، کاتێك توانا دەبینن لە ئافرەتەکانماندا، با لەجیاتی ڕێگری، پاڵپشتیی بن، ئەو ئافرەتانەش کە هیوا و ئامانجێکیان هەیە بۆ کارکردن، پێیان دەڵێم: هەرگیز هیواکانتان ژێر گڵ مەنێن، پشت بە خوا ببەستن ولا دڵنیا بن، ئەمڕۆ نا سبەی ئامانجەکەتان دێتەدی. هەر ڕۆژێکی نوێ، با دەستپێکی هەنگاونانت بێت بۆ ئامانجەکانت. هەوڵدان بۆ لوتکە گرنگ نییە، مانەوە و بەردەوامبوون شەرتە. هەمیشە خەمە قووڵەکانت بە زەردەخەنەیەك دەر ببڕە.

**هاوسەرەکەم بەشێکی گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنەکانم و هەر لە سەرەتاوە پێی خۆش بووە ئەو کارەی دەیزانم پەرەی پێ بدەم**

**هاوسەرەکەم نایەڵێت لە داهاتم هیچ سەرف بکەم، دەڵێت هەڵیبگرە بۆ خۆت، پارەی خۆتە، ئەو مەسرەفی منیش و منداڵەکەش و ماڵەوەش دەکات**

# ئۆکرایینەکان ڕەنگە لە شەڕە مادییەکەدا بدۆڕێن، بەڵام لە شەڕە ڕۆحییەکەدا نابەزن

(١-٢)

**لە بارەی مێژووی ماددی و مێژووی ڕۆحی، یان قودسی، ئەوەی ئەمڕۆ ئۆکرانییەکان دەیکەن، بابەتێکە سەد ساڵ پێش ئێستا (کاوێس ئاغا) خوێندنەوەی بۆی هەبووە، بۆیە بەشێك لە کتێبەکەم، (کاوێس ئاغا، مێژوونووسی هونەرمەند) کە هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ ببێت، لێرە دایدەنێم.**

### مێژووی قودسی

لە لاوك و حەیرانەکانی کاوێس ئاغادا، دوو مێژوو دەبینین، مێژووییەکی ماددی، کە بریتییە لە شۆڕش و بەرخۆدان و ڕوو و جەنگ و خەباتکردن و قوربانیدانی کوردان، لە پێناو سەربەخۆیی و ڕزگاری و سەربەستیدا. لەگەڵ مێژووییەکی قودسی، یان ڕۆحی، یانیش موقەدەس، کە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی کارەسات و مەرگەساتگەلی گران لەسەر ڕۆح و دەروون و ڕەوانی تاکی کورد، هەروەها بەها و گرانیی کەس و قارەمانەکان لە لایەنی ڕۆحی و ڕەمزییەوە. مێژووی ماددی، ڕووداوگەلی ماددیی دیار و بەرچاون، مرۆڤ لە ڕێی هەستگەلی دیاریی خۆی دەیانبینێت و ئاشکران، بەڵام مێژووی ڕۆحی، ئەو خەم و حەیف و قەهرانەی تاکی کوردن، کە لە ئەنجامی لەدەستدانی قارەمانێك، یان ئەزیزێك هەستی پێ دەکات، ئەمانە بە هێز و هەستەکانی ناوەوە و دەروونەوە گرێ دراون.

مێژووی ئەو ئێش و ژانە نادیارانە لە گەلێك لاوکەکاندا دەبینینەوە، بۆ نموونە کاوێس ئاغا لە لاوکی (سمایل ئاغای شکاك)دا دەڵێت: «ئەزێ د حەیفێ کوشتنا بابێ خەسرەو نیمە، ئەورۆ شایی و گۆڤەندە ل ناو عەجەمی کەربەلایێ»، یان دەڵێت: «فەلەك گەل مە خائینە».

کاوێس ئاغا لەم لاوکەدا هەردوو مێژووەکە نیشان دەدات، مێژووی قارەمانی و شەهیدبوون و بزاوی سمایل ئاغای شکاك بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی، واتا ئەو هێزە ماددییەی دەیەوێت بە چەك و جبەخانە و سوار و جەنگاوەران وڵات ڕزگار بکەن، دەزانن کە فەرمانیان هاتووە و دەبێت بکوژرێن، ئەوانیش قارەمانانە شەڕی مان و نەمانی خۆیان دەکەن.

بەڵام لایەنی نادیار و قودسی لەم مێژوودا ئەمەیە، کە عەجەم شایی و گۆڤەند دەگێڕیت! واتا خۆشی و شادیی دوژمنان بە کوشتنی سەرکردەی کوردان جێگەی حەیف و داخە! ئەگەر نا شۆڕەسوار و عەگیدێکی کوردان وەك سمایل ئاغا، ئەو هەموو کاتێك ئامادەی





هۆشەنگ شێخ محەمەد

بۆ گوڵانی نووسیوە

مردنە، بەڵام شتی ناخۆش ئەوەیە، ئەو بابەتەی دڵ و ڕۆحی تاکی کورد بریندار دەکات و، دەبێتە جێی خەمێکی قووڵ، کەیف و شادیی دوژمنانە بە مەرگی قارەمانانی کورد.

وشەی (حەیف) دەربڕین لە لەدەستدانی موقەدەس و بەهای ڕۆحی لای کورد دەکات، ڕاستە لەدەستدانی فیزیکی و جەستەیی قورسە، حەیف و مخابن، کەسێکی وەك سمایل ئاغا شەهید ببێت، بەڵام برینی قووڵتر و هەقیقیتر ئەمەیە، کە دوژمن پێی شاد و بەختەوەر بن.

(حەیف)ـە کە، بۆ لەدەستدانی ئاغا و سەرکردەیەکی کورد نییە، بەڵکو بۆ لەدەستدانی بەهاگەلی مرۆیی و نەتەوەیی و کوردانەیە لە بەرابەر دوژمندا، واتا ئەگەر سمایل خان شەهیدیش بکرێت، بەڵام دوژمن شاد نەبێت، مرۆڤ ئاسانتر ئەو مردنە وەردەگرێت، سەرەڕای تاڵییەکەی قبوڵی دەکات، چونکە لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆییدایە، بەڵام کە دوژمنان شاد دەبن، واتا ئەوان لە لایەنی مەعنەوی و ڕەمزییەوە سەرکەوتن، ئەمەش قبوڵ ناکرێت و، دەروونی مرۆڤ ناتوانێت قبوڵی بکات. مرۆڤ دەتوانێت خەبات بکات، شەڕ بکات، جەنگێك بدۆڕێت و لە لایەنی هێز و چەك و جبەخانە و لەشکرییەوە دەرەقەتی دوژمن نەیەت، مرۆڤ دەتوانێت خۆی بە کوشت بدات و سەر و ماڵ و هەموو شتێکی ماددی بە قوربانی وڵات و سەربەخۆیی بکات، ئەمە هەمووی ئاسانە و لە لایەنی مێژووییەوە دەبێتە سەروەری و چیرۆکی قارەمانی نەتەوەیەك تۆمار دەکات، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت دۆڕان قبوڵ بکات، واتا مرۆڤ دەتوانێت لە جەنگێکدا بدۆڕێت، بەڵام ناتوانێت ببەزێت! چونکە (حەیف)ی دۆڕان وەك (حەیف)ی بەزین نییە!.

ئەم لاوك و هەڵوێستە، ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی نووسەری ئەمریکی (ئێرنست هێمنگوای)مان بیر دەهێنێتەوە. ئەم ڕۆمانە باسی ماسیگرێکی پیر دەکات، ڕۆژێك ماسییەکی زۆر گەورە ڕاو دەکات، بەڵام تا ماسییەکە دەگەیەنێتەوە کەناری دەریا، ماسیی دیکە هێرشی بۆ دەهێن و هەمووی لێ دەخۆن، ئەویش تا دەگاتە کەناری دەریاکە، بەردەوام لەگەڵ هەموو ماسییەکانی دیکە دەجەنگێت، کە دەگاتە کەناری دەریا، لەم ماسییەی ڕاوی کردووە هیچی بۆ نامێنێتەوە، دەزانێت ماسییەکەی بۆ نەمایەوە، بەڵام ئەو تا دوا هێز و هەناسە شەڕی خۆی کرد، بەرگریی لە ماسییەکەی کرد. ڕاستە سەرنەکەوت، بەڵام نەبەزی!، ئەگەرچی لە لایەنی ماددییەوە نەیتوانی هێرشی ماسییەکانی دیکە تێك بشکێنێت، بەڵام لە لایەنی دەروونی و ڕۆحییەوە، هێندە بەهێز بوو، تا دوا سات بەرگریی کرد و خۆڕاگر بوو، تەسلیم نەبوو و، لە جەنگی ماسییەکاندا دۆڕا، بەڵام لە جەنگی بەرگری و قارەمانیدا نەبەزی!.



# سەحەر قورەیشی: ئامانجی من ڕازی کردنی جەماوەرە

سەحر قورەیشی یەکێکە لە خانمە ئەکتەر ناسراوەکانی ئێران، هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٧ لەدایکبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو ئەستێرەکانی بواری نواندن لە ئێراندا بکاتەوە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لە ڕۆڵی (یەڵدا) لە زنجیرە درامای (دڵنەوازان)، هەروەها ڕۆڵی لە فیلمی (ساتێك قەرەباڵغی) و چەندین فیلمی دیکە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بۆ بینینی ڕۆڵی یەڵدا سەحەر دەڵێت: «چەندین کەس پاڵێوراو بوون بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە، بەڵام بە هۆی ئەوەی سیما و ڕوخسارم گونجاوتر بوو و نزیك بوو لەوەی دەرهێنەر دەیویست، بۆیە منی هەڵبژارد و پێی گوتم کەسێکم دەوێت بۆ ئەم ڕۆڵە، کە لە یەك کاتدا هەم سیمای بێتاوانی و هەمیش کەسایەتییەکی نەرێنیی هەبێت، ئەمەش لە سیمای تۆدا بەدی دەکەم، بۆیە منیش هەموو هەوڵێکم دا ئەو ڕۆڵە بە جوانی ببینم، چونکە ناوبانگ بەلای منەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئامانجی من ڕازی کردنی جەماوەر و خۆشەویستمە بۆ کارەکەم و، لەو پێناوەشدا هەموو تواناکانم دەخەمە گەڕ».

سەحەر بە هۆی ئەوەی یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە کاتێکی زۆر لە بەسەرکردنەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی ئەنستگرام بەسەر دەبات و، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ جەماوەرەکەدایە و، وێنەی نوێ بڵاو دەکاتەوە.

**سەرچاوە: گولولی**

# فیلمی کۆچەری بچکۆلە لە فیستیڤاڵی فیل

فیلمی سینەمایی کوردیی «کۆچەری بچکۆلە (The Little Refugee) لە دەرهێنانیسینەماکاری کورد «بەتین قوبادی»، لە بەرهەمهێنانی «محەمەد ئەحمەدی» و بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئێران و تورکیا لە نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا لە فیستیڤاڵی فیلمی کوردی «لۆس ئەنجلۆس» Los Angeles لە سینەما «ڕۆکسە» Roxie لە شاری لۆس ئەنجلۆسی ویلایەتی کالیفۆڕنیا لە وڵاتی ئەمریکا نمایشکرا و، لە لایەن ئامادەبووان و هۆگرانی هونەری سینەماوە پێشوازیی لێ کرا.

فیستیڤاڵی فیلمی کوردی «لۆس ئەنجلۆس» کە بە بەرپرسیاریی خاتوو مریەم دیپدێرە «Meryem Dipdere» دەرهێنەر و، بەڕێوەبەری وێنەگرتن و مامۆستای زانکۆ و بە مەبەستی پردی پەیوەندیی لە نێوان سینەمای کورد و سینەماکارانی ئەمریکا دامەزراوە، لەم خولەدا بە هاوکاریی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی «نۆمێد» Nomad و فێستیڤاڵی فیلمی «گەڕان» Traveling، فیلمە بەرچاوە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەروەها وڵاتانی جیهان کۆکردەوە و، ئەوانی پێشکەش بە بینەرانی خۆی کرد و، بڕیار وایە لە هەر مانگێکدا ئەم بەرهەمانە و فیلمە نوێیە سینەماییەکان

# پەیام عەزیزی کلیپی «پێغەمبەری بەخشەندە»ی بڵاوکردەوە



کلیپی گۆرانیی «پێغەمبەری بەخشەندە» بە ئاواز و بە دەنگی گۆرانیبێژی کورد «پەیام عەزیزی» بە دابەشکردنی موزیکی «فەردین لاهوورپوور» و لە دەرهێنانی «ڕەزا حەسەنی» بڵاوکرایەوە.

شیعری کلیپی گۆرانیی پێغەمبەری بەخشەندە لە نووسینی «شیوا فەزلعەلی» بە هاوکاری ژەنیارانی ئۆرکستڕای ئەستەنبووڵ، لە دەرهێنانی «ڕەزا حەسەنی» و لەسەر داوای بنکەی نەتەوەیی سەبر (ئاشتی، لەخۆبردویی و ڕەزامەندی) بە کەڵك وەرگرتن لە وێنەی کەسایەتییەکان و لۆکەیشنەکانی شارەکانی کرماشان و بێستوون بڵاوکرایەوە.

لەم کلیپەدا وێنەگرتن لە بنەماڵەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو «خەیروڵا گوڵدەستە» بە هەماهەنگی و هاوکاریی شوورای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کرماشان ئەنجامدرا و، وێنەگەلێکی زۆر جوان لە نێوان وشەکان و وێنەی «پەیام عەزیزی» بە باشی مۆنتاژ کراوە، کە مەحکوومە بە سێدارە، بە ڕەزامەندیی و لێبوردەیی بنەماڵەی بەڕێزی کوژراو، دوای نۆ ساڵ مانەوە لە زیندان، لە حوکمی تۆڵەسەندنەوە ڕزگاری بوو».

## ـــــی کوردی «لۆس ئانجلێس»ی ئەمریکا نمایشکرا

لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا نمایش بکات.

لە فیلمی سینەمایی «کۆچەری بچکۆڵە»دا کۆمەڵێك ئەکتەری کورد و ئێرانی و تورکی لەوانە: فەڕشید گەوێڵی، نادر فەلاح، پەریا وەزیری، عەزیزچابکورت، سوات ئوستا و محەمەد ڕەزا عەقدایی لە گەڵیاندا دوو ئەکتەری منداڵ (یوسف مەحموود عەبدولقادر و محەمەد مەحموود عەبدولقادر) ڕۆڵیان بینیوە.



# پاشای نیگار
# عەلی مەندەلاوی

**بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی ئەدمۆندز لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمدا بۆ هەرێمی باشووری کوردستانی دانا، قەزای مەندەلی سەر بە پارێزگای دیالە هاوسنووری پارێزگای بەغدا بوو. نەخشەکە پیشانی دەدات کورد لەو قەزایەدا ٥٠٪ی دانیشتووانە، ئەوانی دیکەش عەرەب، تورکمان و هی دیکەن. ئێستا مەندەلی تەنیا ٥٪ی کوردە، سیاسەتی عەرەباندن ڕیشەی کوردی لەو دەڤەرە هەستیارەی گەرمەسێر هەڵکێشاوە. وێڕای ئەوە، کەسانی هەڵکەوتووی ئەو شارە کە بەشێکیان بە نازناوی مەندەلاوی ناسراون، ئەوەمان وە بیر دەهێننەوە، مەندەلی هەردەم بەشێکە لە ناوچەی گەرمەسێری کوردستان.**

**ئا/ تاریق کارێزی**






عەلی مەندەلاوی (مەندەلی-١٩٥٨)، یەکێکە لە هونەرمەندانی پێشەنگی هونەری کاریکاتێری کورد. نزیکەی نیو سەدەیە وەك هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی بواری نیگاری منداڵان، ئنجا کاریکاتێر و پاشان هونەری پۆرترێت، ناوبانگی هەیە. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم، سەرەتای دەرکەوتنی عەلی مەندەلاوی لە گۆڤاری (مجلتی) و ڕۆژنامەی (المزمار) بوو، کە لە بەغدا بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵان دەردەچوون. ئەم هونەرمەندە لە ڕێی کەسایەتیی (ناز)ەوە گۆشەیەکی سیناریۆ نیگاری هەبوو، (ناز) وەك کچۆڵەیەکی کورد لە داهێنانی عەلی مەندەلاوی، بە جلی کوردییەوە لە ڕێی چەند وێنە نیگارێکەوە پەیامێکی پەروەردەیی دەگەیاند. کەسایەتیی ئەو منداڵە کوردە دەرفەتێك بوو بۆ پیشاندانی ناسنامەی خاوەن گۆشەکە. ئەو زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش نازی بە سیما و پۆشاکی کوردییەوە دەکێشا.

مامۆستای مەندەلاوی لە ١٩/ئادار/٢٠٢٢دا لە لایەن ئینستیتیووتی کورد لە پاریس پیشانگایەکی لە پایتەختی فەرەنسا بۆ کرایەوە. ئەو لە فێسبووکی خۆیدا نووسیویەتی «دوای بەشداری کردنم لە پیشانگای نیگارکێشانی کتێبی منداڵانی عەرەب لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە پەیمانگای جیهانی عەرەبدا، جارێکی دی دوای ٢٢ ساڵ هەر لە پاریس، ئەم جارەیان بە بانگێشتی پەیمانگای کورد، بەدەم هەڵبژاردەیەك لە تابلۆی پۆرترێتم کە بۆ دیارترین کەسایەتییەکانی کوردستان و عەرەب و جیهانم کێشاون و کۆمەڵێك کاریکاتێریش، بە دیدارتان شاد دەبمەوە.»

عەلی مەندەلاوی نووسەر و دیزاینەر و نیگارکێش و کاریکاتێریستە. هونەری نیگار و کاریکاتێر ئاوێتە بە یەك دەکات، بەدەم ڕەنگسازییەکی زۆر بەرزەوە لە شێوەی پۆرترێت دەیخاتە ڕوو، ناودارترین نیگارکێشی تەنز پۆرترێتە لە کوردستان و عیراقدا.












گرافیك و كاریكاتێر و نیگار بۆ كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەش دروست دەكات. گەلێك بەرهەمی لە نێو مۆزەخانە و دەزگاكانی هونەر لە وڵاتانی عەرەب و ئەوروپادا هەن. وێنەی ناودارانی جیهان لە شێوەی كاریكاتێر دەكێشێت. لە ساڵانی نەوەد لە سەدەی ڕابردوو بەرەو هۆڵەندا كۆچی كرد، لە ساڵی ٢٠٠٣دا گەڕایەوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە باشووری كوردستاندا وەك ڕاوێژكار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كاری كرد. پاشان ڕووی كردە بەغدا و (دەزگای میدیا بۆ چالاكیی هونەر)ی دامەزراند. لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە نیگاری بۆ گۆڤاری منداڵان كێشاوە، وێنەی بۆ پتر لە ٤٠ كتێبی منداڵان كێشاوە كە لە بەغدا و كوردستان و وڵاتانی عەرەبدا چاپ كراون. لە گۆڤار و بڵاوكراوەی منداڵان بە كوردی (ئەستێرە، هەنگ ) و عەرەبی (مجلتی، المزمار، العربي الصغیر، ماجد) نیگاری كێشاوە. لە ساڵی ١٩٨٣وە كاریكاتێر لە ڕۆژنامەكانی عیراق و وڵاتانی عەرەب بڵاو دەكاتەوە، وێنە بەرگی بۆ دیوانی شاعیرانی كورد و عەرەب كێشاوە، لە هۆڵەنداش وێنەی بۆ گۆڤار و كاریكاتێری بۆ ڕۆژنامە كێشاوە، لە ساڵانی ١٩٩٩- ٢٠٠٣ دەچێتە لەندەن لە ڕۆژنامەی (ئەلشەرقل ئەوسەت) كار دەكات و تا ئێستاش بەردەوامە. لە ٢٠٠٦دا یەكەمین فیستیڤاڵی جیهانیی تایبەت بە منداڵانی كوردستانی لە هەولێر ڕێك خست. ئەندامی دامەزرێنەری چەندین گرووپ و كۆمەڵەی هونەرە، گردبوونەوەی (هونەرمەندانی دژ بە سەركوت) ی دامەزراندووە. لە ساڵی ١٩٧٧ پیشانگای (حەكایەتیی فۆلكلۆری منداڵانی كورد)ی لە بەغدا كردووەتەوە. لە دەیان پیشانگا لە ناوخۆی وڵات و وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبدا بەشداریی كردووە. چەندین پیشانگای تایبەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا كردووەتەوە.

هێرۆ جەمال

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەکاد:

# لە هەر یانەیەک یاریم کردبێت ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە



ناحیەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە یەکێکە لەو شارۆچکانەی کوردستان کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی باڵەی شارۆچکەکەش خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، کە ئێستا لە خولەکانی کوردستان و عێراق یاری بۆ یانەکانی دیکە دەکەن و، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و، شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، هێرۆ جەمال یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکانی کۆیە و تەقتەق و برایەتی و ئەکاد لەسەر ئاستی کوردستان، هێرۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی ناحیەی تەق تەقە و ئێستا یاری بۆ یانەی ئەکاد دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من ئێستا باشترە لە چاو چەند ساڵانی پێشوو، چونکە ئێستا خولەکان ساتی خۆی دەکرێنەوە.

*** ئەی لە ئاستی عێراق چۆن دەبینی کە وەکو یاریزان لە هەردوو خول یاری دەکەیت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەموو ساڵێك خول دەکرێتەوە و زۆر باشە، بەڵام بە یەك هەفتە یارییەکانی کۆتایی پێ دێت، ئەوەش سوودێکی زۆر بە تیپەکان ناگەیێنێت و، یاریزانیش ئاستی خۆی بە شێوەیەکی باش پێشکەش ناکات.

*** کەمی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟**

- بێگومان ساردمان دەکاتەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە کە یاریزانان نەتوانن بەردەوام بن لە وەرزشکردن، کچ وەکو کوڕ نییە، پێویستی بەوەیە بەردەوام لە مەشق بێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی بکات.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- تەنیا کردنەوەی زیاتری پاڵەوانێتی و خولەکان، نەك ساڵانە یەك خول بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان بکرێتەوە و ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرەوپێش بچێت.

*** بۆچی لە شارۆچکەی تەق تەقەوە زۆر جار دەچیتە یانەکانی دیکە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت هۆکارەکەی ئەوەیە ڕافعی بە ئەزموون کەمە لە ناو یانەکان، بۆیە من ساڵانێکی زۆرە لەم بوارە خزمەت دەکەم و هەموو کات لە هەر یانەیەك یاریم کردبێت ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە، بۆمنیش جێگای خۆشحاڵییە کە بەهۆی ئەزموونەکەمەوە یاری بۆ یانە جیاوازەکان دەکەم.

*** بۆ ئێوەی ئافرەت گرفت نییە کە لە دەرەوەی شارەکەی خۆتان یاری بکەن؟**



- بە نسبەتە خۆمەوە گرفت نەخێر نییە، هەمیشە بۆ مەشقەکان لەم شارانە بووم و باوکم زۆر یارمەتی داوم، لە ئێستادا هاوسەرەکەم هەمیشە پاڵپشتی منە و سوپاسی دەکەم.

*** گرفتی وەرزشیی یاری باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتی ئێمە تەنیا کردنەوەی کەمی خولەکانە، جگە لەوەش پێویستە ماوەی خولەکان درێژ بێت، بۆ ئەوەی یاریزانەکان سوودی زیاتری لێ ببینن، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە خولەکان تەنیا دوو هەفتە پێش دەستپێکردن یانەکان ئاگادار دەکەنەوە، ئەوەش زیان بە یانەکان دەگەیێنێت.

*** بۆچی لە کوردستان ئەم یارییە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە؟**

-بە بۆچوونی من هەموو هۆکارەکان دیارە، کچان ئێستا بە شێوەیەکی باش ڕوو لەم یارییە ناکەن، چونکە یاریزان خۆی ماندوو دەکات و هیچ بڕە پارەیەك نییە پێشکەشی بکەن، کە ئەنجامی باشیش بەدەست دەهێنن هیچ هاوکارییەك نییە و تەنیا گرنگی بە یاریی تۆپی پێی دەدرێت، یاریی تۆپی باڵە پشتگوێ خراوە.

*** هیواوئاواتت وەکو کچە یاریزانێك لەم یارییەدا چییە؟**

-سوپاس بۆ خودا هەموو ئاواتەکانم بەدی هاتوون، لە باشترین یانەکان بووم و ئەنجامەکانم باش بوون.

*** پەتای کورۆنا تا چەند کاریگەریی لە سەر وەرزش هەبووە؟**

-بێگومان کاریگەری هەبووە، بووە هۆکاری وەستانی مەشقەکانمان لە ڕابردوو، بەڵام ئەوەش تێپەڕی ئێستا وەرزش هاتووەتەوە سەر ئاستی جارانی.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

-لە ئێستادا خەریکی مەشقەکانم بۆ ئامادەکاری بۆ هەر خول و پاڵەوانێتییەك کە ئەنجام بدرێت.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم وەکو تۆپی پێی گرنگی بە یاری تۆپی باڵە بدرێت و ئاوڕێکی لێ بدەنەوە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراویت؟**

-تا ئێستا نەخێر، یانەکانی عێراق تا یاریزانی عەرەبیان هەبێت کورد هەڵنابژێرن.

*** هەوڵت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە لە شارۆچکەی تەق تەق؟**

-پێشتر لەگەڵ مامۆستایەك فێرگەیەکەمان هەبوو، بەڵام ئەوفێرگەیە نەما، لە ئێستادا هیچ پلانێکم نییە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات





# سیمیۆنی

## نزیکە لە خولی فەرەنسی

ڕاگەیاندنەکانی فەرەنسا ئاشکرایان کردووە دییگۆ سیمیۆنی بەهێزترین بەربژێرە بۆ ئەوەی شوێنی ماوریزیۆ پۆچیتینیۆ بگرێتەوە و ببێتە ڕاهێنەری یانەی پاریس سانت جێرمان.

دوای شکستەکەی پاریس سانت جێرمان لە قۆناخی شازدەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرانبەر یانەی ریال مەدرید کارگێری یانە فەرەنسیەکە بڕیاری کۆتایی داوە و پۆچیتینیۆ بۆ وەرزی داهاتوو لەگەڵ پاریس بەردەوام نابێت و چەندان یاریزانیش دووردەخرێنەوە.

ڕۆژنامەی لکیپی فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کارگێری یانەی پاریس سانت جێرمان گفتووگۆکانی لەگەڵ دییگۆ سیمیۆنی دەستپێکردووە و گەیشتوونەتە ڕێککەوتنی سەرەتایی لەگەڵ ڕاهێنەرە ئەرژنتینییەکە.

دییگۆ سیمیۆنی ٥١ ساڵ، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی وەرگرت و لە هاوینی ٢٠٢٤ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانە مەدریدییەکە تەواو دەبێت لەگەڵ ئەتلەتیکۆ لە کۆی ٥٦٨ یاری، ٣٣٥ بردنەوە، ١٣٢ بەرامبەربوون و ١٠١ شکستی هەیە، دووجار بووەتە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا و نازناوێکی جامی سووپەری ئیسپانیا و نازناوێکی جامی شا و دوو نازناوی یۆرۆپالیگ لەگەڵ دوو نازناوی سووپەری ئەورووپای بۆ ئەتلەتیکۆ بەدەستهێناوە.

# ئەنێلکا ئامۆژگاری میسی و کریستیانۆ دەکات

نیکۆلاس ئەنێلکا هێرشبەری پێشووی فەرەنسا لە لێدوانێکدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە کریستیانۆ و مێسی زیاتر هۆشیار و زیرەك بن، دەشڵێت: لە بڕیاردان ورد نەبوونە.


نیکۆلاس ئەنێلکای ٤٣ ساڵ پێشتر یاری بۆ بەشێکی زۆر لە یانە گەورەکانی ئەورووپا کردووە لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی RMCـی فەرەنسا دەڵێت: من زیاتر بە لیۆنێل مێسی سەرسامم نەوەك کریستیانۆ رۆناڵدۆ، بەڵام ئەم دوو یاریزانە بەیەکەوە لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوو پێشەنگی باشترینەکانی جیهانیان گرتووە، بەڵام هێشتا پێویستیان بە زیرەکی زیاتر هەیە.

ئەنێلکا پێشتر درێسی یانەکانی ریال مەدرید و پاریس سانت جێرمان ویۆڤانتۆس و لیڤەرپوولی پۆشیوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێش ئەوەی کریستیانۆ و مێسی یانەکانیان بگۆڕن دەیزانی رووبەڕووی کێشە دەبنەوە.

ئەنێلکا پێشتر یاری بۆ یانەکانی مانچێستەر سیتی و چێلسی و ئەرسناڵیش کردووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: هەموو پێیانوابوو مێسی دەتوانێت لە خولی فەرەنسا بدرەوشێتەوە، بەڵام ئەوە روویندا و کریستیانۆ رۆناڵدۆش ئێستا بەو تەمەنەوە گەڕاوەتەوە خولی نایابی ئینگلیزی و رووبەڕووی کێشە و بەربەست بووەتەوە، هەرچەندە من پێموایە خولی نایابی ئینگلیزی قورسترە، بەڵام پێویستە لە کۆتایی تەمەنی یاریکردنەیان بڕیاری دروست بۆ کۆتایی پێهێنانی کاروانی وەرزشیان بدەن.

لیۆنێل مێسی لە هاوینی رابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە تەواو بوو و روویکردە یانەی پاریس سانت جێرمان و کریستیانۆ رۆناڵدۆش لە یانەی یۆڤانتوس گەڕایەوە مانچستەر یۆنایتد.

رۆناڵدۆ و مێسی بۆ دووەم وەرز لەسەریەك لە قۆناخی ١٦ـی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ماڵئاواییان کرد.






# مانچیستەر سیتی بەدەردی چێڵست دەڕوات

لە هەواڵێکدا وەک شۆک بەرۆکی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی گرتووە، یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا بیر لە سزادانی یانەی مانچستەر سیتی دەکاتەوە هاوشێوەی یانەی چێلسی، ئەمەش بەهۆی هەڵسوکەوتی شێخ مەنسوور بن زاید خاوەنی یانەکەوە.

حکومەتی بەریتانیا رەخنەی توندی ئاراستەی شێخ مەنسووری خاوەنی یانەی مانچستەر سیتی کردووە، بەهۆی دەرکەوتنی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا لە کاتێکدا ئەسەد سەردانی ئیماراتی کردبوو و لەگەڵ بەرپرسانی ئیماراتدا کۆبووبوووەوە.

سەرچاوەکانی بەریتانیا دەڵێن، حکومەتی بەریتانیا لە پاش دەرکەوتنی شێخ مەنسوور و ئەسەد پێکەوە لە ئیمارات بیر لەوە دەکاتەوە هاوشێوەی یانەی چێلسی، کە بەهۆی رۆمان ئیبراهیمۆڤیچی خاوەنییەوە سزای توندی بەسەردا سەپێنراوە ئەو یانەیەش سزا بدات، کە موڵکی ئیماراتییەکانە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە بارەی کۆبوونەوەی شێخ مەنسوور و ئەسەد رایگەیاند ئەو جۆرە کۆبوونەوانە (هەلی ئاشتی) لە سووریا لە نێو دەبات.

کریس براینت، پەرلەمانتاری بەریتانیا لەبارەی ئەو کۆبوونەوە گوتی: ئێستا پرسیار دەکەین لە بارەی ئەوەی ئاخۆ مەنسوور کەسێکی شیاو و گونجاوە بۆ ئەوەی خاوەنداریەتی یانەیەکی تۆپی پێ لە وڵاتەکەماندا بکات؟

# ریال مەدرید چاوی لە ئەستێرێکی خولی ئەڵمانیە

بەرپرسانی ریال مەدرید ڕادارەکانی خستووەتە سەر یاریزانێکی یانەی بایرن میونیخ و دەیەوێت کێشەی هێڵی بەرگری بەم یاریزانە چارەسەر بکات.

ماڵپەری (لی تێن سپۆرت)ی فەرەنسی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە دوای یاری کلاسیکۆ دەرکەوت هێڵی بەرگری یانەی ریال مەدرید لەژێر پرسیار و هەڕەشەیەکی گەورەدایە لە دوای ڕۆیشتنی سێرخیۆ رامۆس بە تەواوەتی ئەو مەترسییە لەسەر هێڵی بەرگری یانەکە دەرکەوتووە و لە یاری کلاسیکۆش ریال مەدرید لە نێو یاریگای خوی بە ٤ گۆڵی بێ بەرانبەر یارییەکەی دۆڕاند.

بە گوێرەی سەرچاوە فەرەنسیەکە، یانەی ریال مەدرید هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی دایوت ئاوپامیکانۆی بەرگریکاری بایرن میونیخ دەستپێکردووە و دەیەوێت لە کۆتایی ئەم وەرزە ئەم بەرگریکارە فەرەنسییە بۆ بێرنابیۆ بگوازنەوە.

کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری یانەی ریال مەدرید لە بەشێك لە یارییەکان هەمان رۆڵی پێشووی سێرخیۆ رامۆس دەداتە داڤید ئالابای بەرگریکاری نەمساوی، بەڵام هێشتا هێڵی بەرگری ریال مەدرید نەیتوانیوە هاوسەنگی خۆی رابگرێت بەتایبەتی بەرامبەر ئەو تیپانەی، کە خاوەنی هێڵێکی هێرشبەری بەهێزن.

یانەی ریال مەدرید بەخێرایی دەیەوێت کار لەسەر بەهێزبوونی هێڵی بەرگری بکات بۆ وەرزی داهاتوو، چونکە تەمەنی مارسێلۆ بۆ ریال مەدرید تەواوبووە و ئاستی کارڤەخاڵیش بە تەواوەتی هاندەرانی بێ هیوا کردووە، بۆیە فلۆرێنتینیۆ پێرێز سەرۆکی ریال مەدرید دەیەوێت دایوت ئاوپامیکانۆی ٢٣ ساڵان بۆ مەدرید بگوازێتەوە.

ئاوپامیکانۆ لە هاوینی رابردوو لە یانەی لایپزیگ بە بەهای ٤٢ ملیۆن یۆرۆ بۆ بایرن میونیخ گواسترایەوە، ئەم وەرزە لەگەڵ یانە باڤارییەکە بەشداری لە ٣٠ یاری کردووە و یەك گۆڵ و ٣ ئاسیستی کردووە.





# ڤان خال هێرشێکی توند دەکاتە سەر فیفا

لویس ڤان خال، راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا، هێرشێکی توند دەکاتە سەر فیفا بەهۆی ئەوەی، کە مافی بەڕێوەبردنی مۆندیالی بە قەتەر داوە، دەشڵێت: فیفا بۆ پارە مۆندیالی بردووەتە قەتەر، نەک بۆ پێشخستنی تۆپی پێ.

لویس ڤان خال، لە کۆنگرەیەکی رۆژنەمەوانیدا، بە توندی سەرکۆنەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی کرد و دووپاتیکردەوە، کە ئەنجامدانی مۆندیال لە وڵاتێکی وەک قەتەر کارێکی بێ مانایە.

راهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا، گوتی: هەمووان دەزانین، کە من پێموایە ئەنجامدانی مۆندیال لە قەتەر کارێکی بێ مانایە، پێشتریش لە دیمانەیەکدا، کە پێش دوو ساڵ لەسەر یۆرۆ ئەنجام دابوو وامگوتووە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، ئەو کارەی فیفا هیچ پاساوێکی نییە، کارێکی هەڵەیە.

ئەو زایتر رەخنەی ئاراستەی فیفا کرد و گوتی: فیفا دەڵێت بۆ ئەوەمە تۆپی پێ لەوێ پێشبخەم، چۆن دەتوانن ئەوە بکەن، دەیانەوێت بە ئەنجامدانی مۆندیال لەو وڵاتە تۆپی پێ پێشبخەن، ئەوە قسەی بێمانەیە.

ڤان خال، دووپاتیکردەوە: ئەوە گرنگ نییە، پارە و بەرژەوەندییە بازرگانییەکان هۆکاری سەرەکی فیفان بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات، بۆچی پێتانوایە من ئەندامی لیژنەی فیفا نیم، سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی باشم هەیە لە کارکردن لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا.

لە درێژەی قسەکانیدا، ڤان خال گوتی: هۆکارەکە بەدیاریکراوی ئەوەیە، کە من خۆم لەو رێکخراوانە دوورخستووەتەوە، ئەوە راست نییە، دەتوانم راستەوخۆ ئەو راستییە لەسەر قەتەر بڵێم، بەڵام ئەوە یارمەتی جیهان نادات بۆ رزگاربوون لەو کێشەیە.



# بەرشلۆنە چاوی لە یاریزانێکی خولی ئینگلیزیە

بە گوێرەی راگەیاندنەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا، چاڤی هێرناندێز بەرپرسانی یانەکەی بۆ گواستنەوەی یاریزانێکی دیکەی خولی نایابی ئینگلیزی راسپاردووە و دەیەوێت ئەم یاریزانە بکاتە شوێنگرەوەی عوسمان دێمبلێ.

یانەی بەرشلۆنە لە گواستنەوەی زستانە سێ یاریزانی لە خولی نایابی ئینگلیزی گواستەوە، ئۆبامیانگ لە ئەرسناڵ، فێران تۆرێس لە مانچستەر سیتی و ئاداما تراورێ لە ولڤرهامپتن، پێشبینی دەکرێت یاریزانێکی لیدز یۆنایتد ببێتە چوارەمین یاریزانی خولی نایابی ئینگلیز ی ، کە روودەکاتە بەرشلۆنە.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنیا ئاشکرای کردووە، کە بەرشلۆنە لەسەر راسپاردەی چاڤی هێرناندێز گفتوگۆیەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی رافینهای یاریزانی باڵی راستی لیدزیونایتد دەستپێکردووە، کە پێشبینی کراوە ئەم یاریزانە لە کۆتایی ئەم وەرزە یانەکەی جێبهێڵێت.

بەپێی هەمان سەرچاوە، چاڤی دەیەوێت لە ئێستاوە پلان بۆ شوێنگرەوەی عوسمان دێمبلی دابنێت، کە لە کۆتایی ئەم وەرزە گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە تەواو دەبێت و هێشتا بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی دێمبلی لەگەڵ بەرشلۆنە هیچ شتێکی نوێ نییە.

رۆژنامەی سپۆرت نووسیویەتی: چاڤی چاودێرییەکی وردی رافینهای کردووە و لە رووی لایەنی هێرشبەری هونەری تاکە کەسی و خێراییەکەی زۆر بەو یاریزانە بەرازیلییە سەرسامە و دەیەوێت بەخێرایی گرێبەستەکەی یەکلایی بکاتەوە ئەگەرنا دوورنییە پەیوەندی بە بایرن میونیخ بکات.

رافینهای تەمەن ٢٥ ساڵ، لە هاوینی ٢٠٢٠ لە یانەی رینسی فەرەنسا بە بەهای ١٨ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی لیدز یۆنایتد، ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکەی لە کۆی ٢٨ یاری، ٩ گۆڵ و ٣ ئاسیستی کردووە.






## سەرۆکی یانەی برووسک:

# یانەکەمان دەبەینە قۆناغێکی تازە

دوای ئەوەی سەرۆکی پێشووی یانەی وەرزشیی برووسك دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی کارگێڕیی یانەکە کرد، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسند کرد، لە شوێنی ئەویش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکە (محەمەد حەمەخان) سکرتێری یانەکە بەفەرمی بە سەرۆکی تازەی یانەی وەرزشیی بروسك هەڵبژێردرا، لەم بارەشەوە محەمەد حەمەخان لە بارەی باشترکردنی دۆخی یانەکە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاسی متمانەی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەم کە متمانەیان بە من بەخشی وەکو سەرۆکی یانەکە، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی زیاتری یانەکە بکەین، سوپاسی سەرۆکی پێشووی یانەکەش کاك محەمەد دەکەم کە ئەرك و ماندووبوونی زۆری کێشا، ئێستا من کارەکانی ئەو تەواو دەکەم، هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوە دەبێت یانەی برووسك ببەمە دۆخێکی تازە، جگە لەوەش یانەی برووسك هەڵسێنینەوە و بیکەینەوە بە بروسکەکەی جاران، کە بەردەوام لە ناو کێبڕکێکردن بوو لەگەڵ سەرجەم یانەکانی کوردستان»، سەبارەت بە ئامانجیان بۆ داهاتووی یانەکەش محەمەد حەمەخان گوتی: «پێویستم بە پشتگیری و پاڵپشتی هەموو لایەکە بۆ ئەوەی بتوانین بە هەمان ڕۆحییەتی جاران خزمەتی زیاتری یانەی بروسك بکەین، کە بۆ ماوەیەکی زۆر کاپتنی یانەکە بووم، ئێستاش کە سەرۆکی یانەم دەمەوێت برووسك ببینە لووتکەی یانەکانی کوردستان، ئەویش بە هیمەتی هەموو لایەك، هەرچی لە توانامدا دابێت درێغی ناکەین بۆ هەستانەوەی یانەی برووسك و، جارێکی دیکەش هاندەرانی یانەکەمان بە تیپەکان و یاریگەکەمان ئاشت دەکەینەوە، هەر چەندە شانسی گەیشتن بە خولی نایابی کوردستان نە پێکا، بەڵام هەوڵی خۆمان دەدەین تیپی تۆپی پێی و سەرجەم تیپەکانی تر ببەینە لوتکەی یارییەکان و ئاست و ئەنجامی شایستەمان هەبێت لە یانەی بروسك».

# سەیفەدین فەتاح لە پیشەگەرییەوە چاوی لە ئەنجامی گەورەیە



یاریزان و ڕاهێنەری یانەی غەرافەی قەتەری (سەیفەدین فەتاح) ماوەی چەند وەرزێکە لە ڕیزی ئەو یانەیە لە وڵاتی قەتەر یاری دەکات و، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی یاریزانان و یانەکانیش، لە ئێستادا ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لە چەندین خول و پاڵەوانێتی، لەم بارەشەوە سەیفەدین فەتاح-ی پیشەگەری کوردی یاریزان و ڕاهێنەری یانەی غەرافە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « وەکو یاریزان و ڕاهێنەر بەردەوامم لە ئامادەکاری بۆ ئەوەی بتوانم لە خولەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، بەتایبەتی کە هەردوو پاڵەوانێتی جامی سمو ئەمیر و جامی قەتەرمان لە پێشە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بۆ تیپەکەمان بەدەست بهێنین، وەکو یاریزانی پیشەگەری کوردیش لە وڵاتی قەتەر چاوم لەوەیە ئاستی باش پێشکەش بکەم و، ئەنجامی شایستە بۆ تیپەکەم بەدەست بهێنم»، لە بارەی گرێبەستەکەشی گوتی: «گرێبەستی من و یانەی غەرافە تا ساڵی ٢٠٢٣ یەو، لەم ماوەیەدا گرێبەستەکەم تازە کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانم ئاست و ئەنجامی شایستەتر پێشکەش بکەم، لە ماوەی ڕابردووش زۆر ئاسوودەبووم لەگەڵ یانەکەم و، سوپاسی هاوکاری و پاڵپشتییان دەکەم، هەرچی لە توانام بێت ئەنجامی دەدەم بۆ سەرخستنی یانەکەم و، ئەوەی لە دەستم بێت بۆ یانەکەم درێغی ناکەم و دەمەوێت یانەکەم لە لوتکەی یانەکانی وڵاتی قەتەر بێت، گوتیشی: «لە ئێستادا من وەکو یاریزانی پیشەگەر مەشقەکانم بەردەوامی هەیە بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام لە ئامادەکاری دابم بۆ ئەوەی لەو ئاستەی خۆم بەردەوام بم و بتوانم پارێزگاری لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆم بکەم بۆ ئەوەی بەردەوام لە لوتکەدا بم و ببمە جێگای متماتەی یانەکەم و یانەکانی تری وڵاتی قەتەر».

# ئاسۆ ڕۆستەم چەندین گرێبەستی پێشکەش کراوە




دوای دەستپێکردنەوەی یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانەی نەورۆز خۆی ڕێکخستووەتەوە و، دەیەوێت بگەڕێتەوە نێو کەشی ڕکابەرییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەم قۆناغەدا، کاپتنی یانەکەش (ئاسۆ ڕۆستەم) پێی وایە ئاستی یانەی نەورۆز گۆڕاوە و ئەنجامەکانیشی باشتر دەبێت، لەم بارەشەوە ئاسۆ ڕۆستەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئاستی یانەکەمان زۆر باشە و لەم قۆناغەدا تیپەکە سەر لەنوێ ڕێکخراوەتەوە و، گرفتەکانی قۆناغی یەکەمان چارەسەر کردووە، پێشتر ئامادەکاریمان وەکو پێویست نەبوو، جگە لەوەش یاریزانی باشمان نەبوو، بۆیە ئەنجامەکانمان وەکو پێویست نەبووە، لە ئێستادا تیپەکە چاوی لەوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بچێتە نێو کەشوهەوای یارییەکان»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستیش لە یانەکانی دیکە ئاسۆ گوتی: «بەڵێ لە چەندین یانەی ناوەخۆی عێراقی گرێبەستم پێشکەش کراوە، جگە لەوەش لە دەرەوەی عێراقیش بۆم هاتووە، بەڵام تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك نەگەیشتوومەتە ڕێککەوتن، هەروەها بەڵێنی ئەوەشم بە یانەی نەورۆز داوە کە ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکە تەواو دەکەم و هەرچی لە توانامدا بێت پێشکەشی یانەکەی دەکەم، بۆ ئەوەی ئاستمان بەرز بکەینەوە و یانەی نەورۆزیش بکەینە ژمارەیەکی گەورە لەسەر ئاستی خولی عێراقی، بۆ دوای تەواو بوونی وەرزی ئەمساڵیش نازانم لەگەڵ نەورۆز دەبم، یان دەچمە یانەیەکی دیکە».




# بۆچی نیشانەکانی کۆڤید١٩ لە تووشبووواندا جیاوازییان هەیە؟

نیشانەکانی کۆڤید ١٩ لە هەندێک تووشبوودا سووکن و لە هەندێک تووشبوودا سەخت و کوشندەن، هەروەها لە هەندێک تووشبوودا هیچ نیشانەیەك بەدی ناکرێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا، زانایانی زانکۆی ئێدنبرەی ئینگلتەرا ڕوونیان کردووەتەوە کە چەند فاکتەرێکی بۆماوەیی (جینی) ڕۆڵیان لە مەسەلەکەدا هەیە، ئەمەش وا لە زانا و پسپۆران دەکات کە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری کاریگەرتر بن بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە بە هەمان شێوە جینەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئەگەری ڕوودانی مەیینی خوێندا Blood clotting بەوەی کە ئاستی فاکتەر Factor 8 لە تووشبوواندا جیاوازیی هەیە، بۆیە هەندێك تووشبوو دوچاری مەیینی خوێن دەبن، کەچی هەندێك تووشبووی دیکە دوچاری نابن. لە لایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر مارك کۆلفیلد لە زانکۆی شاژن ماری لە لەندەن ڕوونی کردووەتەوە کە چەند گۆڕاوی جینی نوێی Novel gene variants دۆزیوەتەوە، کە کەسانێك ڕووبەڕووی تووشبوون بە نەخۆشیی سەخت دەکەنەوە، ئەمەش دیسان هاندەر دەبێت بۆ گرتنەبەری تێست و چارەسەری نوێ بۆ کۆڤید١٩.

# چۆن سترێس دەبێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ؟

سترێسی درێژخایەن زیان بە هەموو بەشەکانی لەش دەگەیەنێت، دڵیش لەم زیانە بەدەر نییە لەوکاتەی کە کۆئەندامی دڵ و سووڕان بەشێکی گرنگی کاردانەوییە بەرانبەر بە سترێس. سترێس هۆکارە بۆ زیادبوونی ریسکی تووشبوون بە: نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەتایبەتی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، نەخۆشیی ماسوولکەی دڵ، جەڵتەی مێشك. میکانیزم لەپاڵ پەیوەندی سترێس بە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، بریتییە لەوەی کە بەشێکی مێشك بە ناوی ئەمیگدەڵا (Amygdala) کە بەرپرسە لە کاردانەوەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەرانبەر بە سترێس زیاد چالاك دەبێتەوە، لەگەڵ هەوکردنی خوێنبەرەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی پرۆتینی C-reactive protein کە ئاستی هەوکردن لە لەش پیشان دەدات، هەروەها زیادبوونی چالاکیی مۆخی ئێسك بە زیاد دروستکردنی خڕۆکە سپییەکانی خوێن کە هاندەرە بۆ هەوکردنی خوێنبەرەکان و ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك، هەروەها سترێس هاندەرە بۆ زیادبوونی ڕیسکەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکەن، پەیڕەوکردنی ستایلی ژیانی ناتەندروست کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات وەك: کەمکردنەوەی چالاکیی فیزیکی، زیاد خواردن و زیادبوونی کێشی لەش، لەگەڵ جگەرەکێشان وخواردنەوەی ئەلکهول.



# نیشانەکانی کەمیی پرۆتین لە لەشدا

بۆ کەسانی پێگەیشتوو پێویستە کە ١٠٪ ی وزەی خۆراکی ڕۆژانە لە پرۆتینەوە بێت، یان ٠,٨ گرام بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش، یان ڕۆژانە ٥٦ گرام بۆ پیاو و ٤٦ گرام بۆ ئافرەت، هەروەها لەکاتی دووگیانی و شیردانی سرووشتیدا پێویستە کە ئافرەت ڕۆژانە ٧١ گرام پرۆتین لە خۆراکەوە وەربگرن. کەمیی پرۆتین لە خۆراکی ڕۆژانەدا بە تێپەڕبوونی کات هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی تەندروستی وەك: ئاوسانی لەش Edema کە باوترین نیشانەیە، بەتایبەتی لە دەوری سك و دەست و پێیەکاندا، لەبەر کەمبوونی پرۆتینی ئەلبومین Albumin، گۆڕانی مەزاج بە شێوەی خەمۆکی، یان زیاد نارەحەتبوونی دەروونی، کەمبوونەوەی بارستایی و پووکانەوەی ماسوولکەکان، هەستکردن بە برسیبوون، وشکبوون و تفرکردنی پێست، پەیدابوونی هێڵی بەرجەستە لەسەر نینۆك، ناسکبوون و تەنکبوونی قژ، بێهێزیی گشتی لەش، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، لاوازبوونی بەرگریی لەش بەرانبەر بە هەوکردنە ڤایرۆسی و بەکترییاییەکان، زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر، سستبوونی گەشەی گشتیی لەش لە منداڵدا، زیادبوونی ئەگەری شکانی ئێسك بە زەبری سووك یان مامناوەندی، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، کەمبوونەوەی ڕێژەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە. سەرچاوە خۆراکییەکانی پرۆتین: گۆشتی سوور و پەلەور، ماسی، هێلکە، شیر و بەرهەمەکانی، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و کازو، پاقلەمەنییەکان و نیسك و سۆیا.



# ئایا سۆشیال میدیا زیانی هەیە؟

لەم ١٠ساڵەی دواییدا، سۆشیال میدیا Social media ڕێگەی پەیوەندیکردنی خەڵکی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە، بۆنموونە نزیکەی یەك بلیۆن کەس بەکارهێنەری ئاکتیڤی سۆشیال میدیان، وا پێدەچێت کە ئەم ژمارەیە لە ئایندەدا زۆر زیاتر بێت، ئەگەرچی سۆشیال میدیا گەلێك ڕووی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام زیاد بەکارهێنانی گرفتی دەروونی لێ دەکەوێتەوە. گەلێك توێژینەوە جەختیان کردووەتەوە کە زیاد بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هاندەرە بۆ ئەگەری پەستی، خەمۆکی، ترس لە ونبوون Fear of missing out یان دوورکەوتنەوە لە زانیاری، کەمبوونەوەی باوەڕبەخۆبوون، هەروەها هەستکردن بە چەند هزر و بیری نێگەتیڤ، بەتایبەتی لە نەوجەوانانەدا کە زیاتر فەیسبووك، سناپ چات، یان ئینستاگرام بەکاردەهێنن. لە دوا توێژینەوەی زانکۆی پەنسلڤانیادا هاتووە کە بە سنووردارکردنی کاتی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە قوتابییانی زانکۆ، ئەگەری خەمۆکی و تەنیابوون کەمتر دەبێتەوە. تۆش هەوڵ بدە کە ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا کەم بکەیتەوە، مۆبایلەکەت لەسەر ئێرپلەین مۆددا Airplane mode بنێ لەکاتی ژەمی خواردن و کاتی ئیشدا، سۆشیال میدیا بەکارمەهێنە لەکاتی چوونە سەر تەختی نووستن، ناوە ناوە سۆشیال میدیا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەکارمەهێنە، واباشە کە هەرگیز نەهێڵیت سۆشیال میدیا ببێتە جێگرەوەی پەیوەندییەکانی ژیانی ڕاستەقینەت.



## ئایا نووستنی پاش نیوەڕۆ زیانی تەندروستیی هەیە؟

ئایا نووستنی پاش نیوەڕۆیان بۆ تەندروستی سوودبەخشە، یان زیانبەخش؟. لە توێژینەوەیەکی نوێی سویسریدا هاتووە کە نووستنێکی ماوەکورتی پاش نیوەڕۆ Napping ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ کەم دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە لێکۆڵینەوەیەکی چینی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ دا باسی لەمە کردبوو کە نووستن پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی زیاتر لە ٩٠ خولەك ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك تا ڕێژەی ٢٥٪ بەرزدەکاتەوە بەراورد لەگەڵ نووستن بۆ ماوەی تەنیا یەك سەعات تا ٣٠ خولەك. ئەو کەسە پێگەیشتووانەی کە شەو بۆ ماوەی ٩ کاتژمێر یان زیاتر دەخەون، ئەوا ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی مێشك دەگاتە نزیکەی ٢٣٪ بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شەوانە بۆ ماوەی ٧-٨ کاتژمێر دەخەون، بەتایبەتی کەسانی بەساڵاچوو، تووشبووان بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆل، هەروەها لە کەسە جگەرەکێشەکان و کەسانی قەڵەودا، کە لەوانەیە دوچاری هەناسەتەنگی ببن لەکاتی خەودا Sleep apnea، ئاماژە بەوەش کراوە کە نووستنی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی یەك کاتژمێر، یان زیاتر، هەفتانە یەك تا دوو جار، هێشتا ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و پەککەوتنی دڵ بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم ناکاتەوە.

## سەرسووڕان لەکاتی هەڵسانەوەدا

هەموو کەسێك نزیکەی جارێك، یان زیاتر دوچاری سەرسووڕان دەبێت لەکاتی هەڵسانەوەی کتوپڕ، یان خێراهەڵسانەوەدا، بەڵام حاڵەتەکە لە هەندێك کەسدا بەردەوام دەبێت. ئەم حاڵەتە بریتییە لە دابەزینێکی خێرای پەستانی خوێن لەماوەی ٣٠ چرکەی هەڵسانەوە پاش دانیشتن، یان پاڵکەوتن Orthostatic hypo-tension کە هاوکاتە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی ماوەکورتی وەك: هەستکردن بە سووکبوونی سەر، لێڵبوونی بینین، هێڵنج، شێوان. ئەگەرچی لەش لە ماوەی تەنیا یەك خولەکدا خۆی ڕادێنێتەوە، بەڵام نیشانەکانی وەکو سەرسووڕان، لێڵبوونی بینین و هێڵنج تووشبوو نارەحەت دەکەن و هەندێك جار دەبنە هۆی کەوتن، هۆکارەکان: دانیشتن، یان پاڵکەوتن بۆ ماوەیەکی زۆر، کەمبوونەوەی شلەی لەش De-hydration، کەمبوونەوەی لێدانەکانی دڵ، گرفت لە زمانەکانی دڵدا، نۆرەی دڵ، پەککەوتنی دڵ، نەخۆشیی گلاندی دەرەقی، نەخۆشیی شەکرە، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، خۆربردن، دووگیانی، نەخۆشیی پارکیسنۆن Parkinson›s، پاش خواردنی ژەمە سەرەکییەکان Post-prandial hypo-tension بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا.



# ئەو ئامێرانەی ئازاری پێوەدانی مێرووەکان کەم دەکەنەوە




که هاوین دادێت گزه و ویزەی مێشووله (پێشکه) زۆر دەبێت، که پێوەدەدا جگه لەو ئازارەی هەیەتی، پەڵەیەکی سووریش لەسەر جەستە بەجێ دێڵێت، کە هەنگ پێوەدەدا سەرەڕای ئازارێکی زۆر شوێنی پێوەدانەکە دەئاوسێت. مێرووەکانی دیکەش هەر کامیان ئازار و کاریگەری خۆیان هەیە..

به کرێم و دەرمانی تایبەت ئازارەکان کەم دەبنەوە و شوێنی ئازارەکان نامێنن، بەڵام دەرمان و کرێمەکان لە مادەی کیمیایی دروستکراون وکاریگەری نەرێنیان هەیە.. بۆیە تەکنەلۆژیای نوێ چارەسەری ئەم ڕێگایەشی دۆزیوەتەوە، ئەوانەی لێرەدا باسیان دەکەین چەند ئامێرێکن بۆ نەهێشتنی ئازاری مێرووەکان.

## ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ژانی پێوەدان Bite Away

ئامێرێکی دیکەی تایبەت بە نەهێشتنی ژانی پێوەدانی مێشووله و هەنگ و زەردەواڵە و مێشەکەرە، ئامێری bite Awayیە. قەوارەی ئامێرەکە ١٥,٤ سانتە. ئەو ئامێرە بۆ نەهێشتنی ژانی پێوەدان، خوران، سووربوونەوە و ئاوسان زۆر گرنگە. تەنیا بەهۆی گەرمییەوە ئازارەکان کەمدەکاتەوە، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی نییە بۆ سەر منداڵان و ئافرەتانی دووگیان. ئامێرەکە بەشێکی لە سیرامیك دروستکراوە، تەندروستە و دژە بەکتریایە و بۆ ئەوانەی هەستیارن کێشەیەك نایەنێتە پێش. بۆ منداڵان ٣ چرکە و بۆ گەورەساڵان ٦ چرکەی پێویستە. هەتا ئەوکاتەی شوێنی پێوەدانەکە دەمێنێ دەبێ ئامێرەکەی لێبدرێت. لە ماوەی کەمتر لە خولەکێك هیچ شوێنەوارێك نامێنێ.

## تەندروستیت بەو ئامێرە بسپێرە




تەکنەلۆژیای سەردەم، هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ئەو ئامێرەی دەبینن کە بە Eve Room ناسراوە، تایبەتە بە زانیاری گرنگ تەندروستی لە ژووری نووستن و ژوورەکانی دیکەشدا.

ئامێرەکە، زانیارییەکانی وەك کەش و هەوای ژوور، ڕێژە شێ و ڕێژەی ئۆکسجین دەستنیشان دەکا و زانیارییەکان بۆ مۆبایلێکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە پەیوەنددراوە دەنێرێ. نە تەنیا ئەوانە بەڵکو بۆنە ناخۆشەکان، وەك کرانەوەی غاز (گاز)ی ژووری چێشت لێنانیش دەست نیشان دەکا. لەگەڵ هەردوو سیستەمی مۆبایلی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. تەنانەت ئەو شوێنانەش دەست نیشان دەکا کە گازە زیانبەخشەکان لەوێ کۆبوونەتەوە. خۆی شەحن دەبێتەوە هەتا زیاتر لە مانگ و نیوێك پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە.






## ئازاری Beurer ئامێری پێوەدان کەمدەکاتەوە

ئامێری Beurer تایبەتە بە نەهێشتنی ئازاری مێشوولە و هەنگ و مێرووی دیکە. ئەو ئامێرە تەواو سروشتیە و بۆ چارەسەری پشت بە مادەی کیمیایی نابەستێت. ئامێرەکە وەك قەڵەمێکی ئەستوور دەچێت. قەوارەی قەڵەمەکە نزیکەی ١٣ سانتە. کاریگەری ژەهری مێش و هەنگ و مێرووەکان ناهێڵێ، بەهۆی گەرمداهاتنی سەری ئامێرەکە کە لە سیرامێك پێکهاتووە وا دەکات کە ئازارەکە نەهێڵێت. بۆ ئەوانەی کە پێستێکی هەستیاریان هەیە ٣ چرکە و بۆ ئەوانەی کە پێستی ئاساییان هەیە تەنیا ٦ چرکە پێویستە.




## Bite helper کەمکەرەوەی ئازاری پێوەدان

ئامێری Bite helper کاریگەرییەکی زۆر خێرای هەیە لە کەمکردنەوەی ئازاری پێوەدانی مێش و مێشوولە و مێرووی زیانبەخشی دیکە.. کارێك دەکات هیچ خورانێك نەمێنێ. هەم بۆ منداڵان دەبێت و هەم بۆ بەساڵداچووان، بەڵام بۆ منداڵی خوار تەمەنی ٤ ساڵی نابێت. ئامێرەکە شەحن دەکرێتەوە و کاتێك بەکاری دەهێنێ ئیدی پێویستت بە کرێمی و دەرمانی کیمیایی نامێنێ. ئەو ئامێرە لەلایەن تاقیگا ناسراوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە تاقی کراوەتەوە.

## کۆمپیوتەرێکی بچووک هاوتای کۆمپیوتەرە مەزنەکان




سەردەمی ئامێرە زل و زەبەلاحەکان نەماوە، ئیدی باوی کۆمپیوتەری گەورە وکێش زۆر نەماوە کە هەم شوێنێکی زۆر داگیر بکا و هەم کارکردێکی واشی نەبێ. سەردەم سەردەمی کۆمپیوتەرە بچووکەکانە، واتەی مینی کۆمپیوتەرەکان.

کۆمپیوتەری GMKtec NucBox2 Plus بە کارکرد و خێراییەکەی هاوتای کۆمپیوتەرە مەزنەکان دێت. ئەم کۆمپیوتەرە یەکەی لێکدانەوەی Core i5یە. رامەکەی هەشت گیگابایتە و داتاگەکەی کە لە جۆری SSDیە ٢٥٦ گیگابایتە. شوێنی دانانی چوار USB و دوو جێگای HDMI هەیە. لەگەڵ کەلێنێکی Thunderblut. دیارە مۆدێلێکی سەرووی ئەو کۆمپیوتەرش هەیە کە رامەکەی ١٦ گیگابایتە و داتاگەکەی ٥١٢یە. سیستەمی بەگەڕخەری ویندۆز١١ی لەسەرە.

کۆمپیوتەرە بچووکەکە دەکرێت شاشەیەکی 8Kی بۆ دابندرێ، یان دەتوانرێ دوو شاشەی 4Kی بۆ دابندرێ.



# درۆنەکان و دیزاینێکی ناوازە

کوادکواپتەر یا بە واتایەکی دیکە فرۆکەی بچووکی بێ فرۆکەوان و کە بەگشتی drone یان پێدەگوترێت، جگە لە بوارەکانی فیلم هەڵگرتنەوە و سینەمادا زۆر کاری دیکە ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا لە بواری شەڕ و سوپادا وەك ئامرازێکی گرنگ شەڕ سەیر دەکرێت.
بەشێك لە درۆنەکان بۆ منداڵان بەرهەم دێن و وەك ئامێری یاری سەیردەکرێن. دیزاین و شێوازی درۆنەکان جۆراوجۆرە. درۆنی جۆری Parrot Disco رێك وەك فرۆکەیەکی راستی شەڕ دەچێت. هەمان ئەرکی درۆنەکان ئەنجام دەدات و دەکرێت وەك ئامرازی فیلم هەڵگرتنەوە سوودی لێوەربگیرێت. کێشی درۆنەکە ٧٠٠ گرامە. لە پلاستیکی نەرم بەرهەمهاتووە. هەشتا کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات و ٤٥ خولەك بەئاسمانەوە دەبێت. ٥٠ مەتر بەرز دەبێتەوە. بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت بە هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios, لەگەڵ ئەوەشدا ریمۆتی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە. هەتا دوو کیلۆمەتر بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت. کامێرایەکی مامناوەندی لەسەرە، میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن بزانم مۆبایلەکەم هاك کراوە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر رێگا هەن بۆ زانینی ئەوەی کە مۆبایلەکەت هاك کراوە. ئەگەر هەستت بەوەی کرد باتری مۆبایلەکەت بەبێ هیچ کێشەیەك زوو دادەبەزێت.

ئەگەر هەستت بەوەی کرد ئینتەرنێتی هێڵەکەت بەبێ ئەوەی سوودێکی وای لێوەربگیریت بەخێرایی دادەبەزێت.

ئەگەر هەستت بەوەی کرد کە پرۆگرامی نەخوازراو بەبێ ئەوەی کە داتبەزاندبن لەسەر شاشەی مۆبایلەکەت دەرکەون.

ئەگەر هەستت بەوەی کرد، مۆبایلەکەت گەرم دادێت.. یان هەستت بەوەی کرد بارگەی واتە میمۆری مۆبایلەکەت لەخۆوە پڕ بووە، ئەمانە گشتیان هۆکارن بۆ ئەوەی کە مۆبایلەکەت هاك کراوە و دزەی کراوەتە سەر.



## بچووکترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە

ئەو کامێرایەی کە دەبینن، ئامێرێکی گەیم نییە، بەڵکو کامێرایەکی راستەقینەیە و بە ناوی Y2000 ناسراوە. کامێراکە HDیە. قەوارەکەی ٢٧ لە ٢٦ ملمدایە. بە داگرتنی دوگمەیەك فیلم دەگرێت. لە باترییەکی لیتیۆم بۆ وزەی بەکارهێنانەکەی سوود وەردەگرێ و لە microSDدا تۆماری دەکا.


کوالیتی فیلم گرتنەکەی زۆر نییە، تەنیا ٢ میگاپیکسلە. بەڵام دەکرێ بڵێن بچووکترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوەیە. بە داگرتنی دووگمەیەکی لەمسی فیلم هەڵدەگرێتەوە. نە تەنیا فیلم بەڵکو وێنەش دەگرێ. میمۆری کارتی ٣٢ گیگابایتی و فلاش میمۆریش دەخوێنێتەوە. لە کاتی شەحنکردنەوەش دەتوانی فیلم هەڵبگرێتەوە.



# چاوی کامێرا

دەستەواژەیەکە هەیە دەڵێت، هیچ شتێك لەچاوی کامیرا بزر نابێت، بەڵام کامێرای جۆری Eeycam بەڕاستی چاوی کامێرایە، وەك چاوێکی ئاسایی برۆ و مژۆڵی هەیە و چاو لەسەریەك دادەنێ و هەرکردارێك کە بەکارهێنەرەکەی بیکات ئەویش دووپاتی دەکاتەوە. کامێراکە تایبەتە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. رای کۆمپانیای بەرهەمهێن وایە کە ئەم چاوە وەك ئەوە دەچێت ئەوەی لەگەڵی لە پەیوەندیدای وەك لەلات بێ هەستی پێبکەی. گشت جوڵەکانی چاوەکە بەهۆی هەستەوەرەێکەوە ئەنجام دەدرێن. چاوەکە لە کۆمپیوتەر یا لە تەلەڤزیۆنە زیرەکەکان دەخرێت.

کامێرای چاو Eyecam بیرهێنەرەوەی رۆبۆتێکە کە لەلایەن گروپی توێژینەوەی دێزینی بەرهەم هاتووە تا کو جوڵەی چاوەکانی مرۆڤ وەك خۆی دووبارە بکاتەوە. سەیرکردنی کامێرای چاو لە باری دەروونییەوە ئەو هەستە بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێ کە پێیوایە، رووبەڕووەکەی مرۆڤێکە و لەپەنای دانیشتووە.



## ماڵپەڕێک بۆ دەنگدان لەسەر وێنەی پرۆفایلەکەت


چەندین وێنەت لەسەر مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت هەیە، بەڵام نازانی کامەیان شیاوە بۆ وێنەی پرۆفایل، بۆ ئەوەی کە ڕای کەسانی دیکە بەر لەدانانی وێنەکە وەربگری، سەر لە ماڵپەڕی photofeeler.com بدە. لەم ماڵپەڕەدا پاش ئەوەی کە چەند وێنەیەکی خۆتی بۆ دیاری دەکەی و پێی رادەگەیەنێ کە وێنەی پرۆفایلەکەت بۆ پێشەیەکی کۆمەڵایەتی، یا سیاسی یا هونەری یا هەر پیشەیەکی دیکەیە. یان ئەگەر وێنەیەکەت چەند کەسێکی تێدایە دەستنیشانی وێنەی کەسەکان دەکەی. ئیدی دەیسپێری بە رای پرسی و کەسانی دیکە جا پسپۆر شارەزا بن یا ئاسایی بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن و دوای ئەوە دەتوانی بە دڵنیایی وێنەی پرۆفایلەکەت دابنێی.

# پرۆگرامی تەمەنی پیریت ببینە

چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەپلکەیشنێکی تایبەت بە مۆبایلە زیرەکەکان بەرهەم هات کە بەناوی FaceApp ناسراوە. ئەپێك کە بە هاوکاری زەینی دەستکرد تەمەنی بەساڵداچوونی مرۆڤەکانی نیشان دەدا.

ئەم پرۆگرامە ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە و لە ئەپدیتە نوێیەکەیدا زۆر تایبەتمەندی پێوە زیادکراوە و زۆر لە راستی نزیکتر بۆتەوە.

پرۆگرامەکە گالێرییەکی تایبەت بەخۆی بەناوی Demo Photos تێدایە کە بەکارهێنەر دەتوانێت تاقیکردنەوەی لەسەر بکات. تایبەتمەندییەکی تێدایە بەناوی Impressions کە بەهۆیەوە دەتوانی رەنگی پێست و روخسار، شێوەی پێکەنین و بۆ پیاوان بە ریش و بێ ریشی ببینی. دەکرێت دەستکاری چاو و برۆی بکەی، هەروەها پێکەنین و زەردەخەنەی بۆ زیاد بکرێت. بۆ زانینی تایبەتمەندییە نوێیەکان دایبەزێنە و تاقی بکەوە.





# ئارایشتە دەستنیشانکراوەکان بۆ ڕۆژی مارەبڕین و زەماوەند

خانمانی بووك و ئەوانەشی لە سەروبەندی هاوسەرگیریدان، لە ڕۆژی زەماوەنددا پێویستیان بە ئارایشتێکی ناوازەهەیە، بووکێکی نازداریان لێی دەربچێت، بۆیە پسپۆرانی قژ و جوانکاری چەند ئارایشتێکیان بۆ خانمان داناوە، ئەو ئارایشتە بۆ ڕۆژی مارەبڕین و زەماوەند شیاوە، سەرەتا ئارایشتی کێرلی: ئەوەی لە نێوان کچان بە (کارێ) ناسراوە، مۆدێکی نایابە لە جوانیدا، کە زۆربەی قژ لەم شێوازەدا بەلایەکی سەرەدا دەکەوێت، دەتوانرێت بەشەکەی دیکەش بە ئێکسسوار بڕازێندرێتەوە، ئارایشتی سادە بە تاج، مۆدێکی ناوازەیە و زۆربەی کچان ئەو شێوازەیان بەلاوە گرنگە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان درێژە، دەتوانن تاجێکیش لە پرچیان بدەن و، بەمەش وەك بووکێکی شاهانە دەردەکەون، ئارایشتی هەڵگیراو، شێوازێکی نایابە، کە زۆربەی بەشی پێشەوەی پرچ هەڵدەگیرێت بەرەو سەرەوە، چ سادە بێت، یان کەزیی بچووك و لکی لێی بێتە خوارەوە، کە لە شێوەی بازنەیی، یان شێوەی کێکدا دەردەکەوێت. هەروەها ئارایشتی کەزیی تەنیشت، یەکێکە لە مۆدە باوەکان، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان خاو و کورتە، جگە لەوەی بەشی پێشەوە بە لایکدا دێت، هەروەها کەزیی لوول بەلای تەنیشتی سەردا دەچێ و دەشتوانرێت ئێکسسواریشی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت، کۆتا مۆدی ئارایشتی ئاڵترۆ، بۆ ئەوانەیە کە پرچیان کورتە و یان قژیان تەنکە، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی حەز ناکەن پرچی دەستکرد بۆ قژیان زیاد بکەن، دەتوانن ئەو ئارایشتە هەڵبژێرن، دانانی ئێکسسواریش زیاتر پرچت ڕازاوەتر و جوانتر دەکات.



## خلْخاڵ خشڵێکی سەرنجڕاکێش و ناسک بۆ خانمان

چەندین جۆر خشڵ و ئێکسسوار هەن، کە هەر یەکێك بۆ شوێن و مەبەستێك دەپۆشرێت و لەبەر دەکرێت، ئەوانەی لە وەرزی بەهاردا دەردەکەون، بەهۆی ئەوەی جلی تەنك و کورت دەپۆشرێت زیاتر باو دەبن، وەك بازن وگوارە و، خلْخاڵیش یەکێکە لەو خشڵانەی کە لەم ماوەیەدا دەردەکەوێتەوە، بە تایبەت لەگەڵ جلی کوردی، یان پانتۆڵی سێ چارەگ و کورت، خلْخاڵ ناسکی و ناز بە جەستەی خانمان دەبەخشێت و، تەمەن بچووکتر دەردەخات و، سەرەنجڕاکێشتری دەکات، خلْخاڵ لە دێر زەمانەوە لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە پۆشراوە، لە ئێستادا وەك خشڵێکی جیهانی لەلایەن مارکە بەناوبانگەکانی جیهانەوە کاری لەسەر دەکرێت، و وەك کەرەستەیەکی سەرەکی لەگەڵ دەستە جلەکانیان ئامادەی دەکەن، سەرەتا مارکەی زوی شیکۆ(zoe chicco) مۆدێکی خلْخاڵی بە ناوی litty bitty هێناوە، ڕەنگی زێڕین و لە شێوەی دڵە و زنجیرێکی ناسکی هەیە، مارکەی جینیڤەر زونەر، مۆدێکی خانمانی پێوە دیارە، مۆدی ئەنامێل، مارکەی شایی، مۆدێکی جوانی خلْخاڵی هێناوەتە کایەوە، مارکەی ڕۆز سیمۆنز مۆدێکی خلْخاڵی لە شێوەی ئیتاڵی دروست کردووە، ناسکیی پێوە دیارە و لە شێوەی ڕەنگی ئەڵماسە بە جیاواز لەگەڵ ڕەنگی زەردی زێڕین.



## بیرۆکەکان بۆ ئوتووکردنی جلوبەرگ

جل ئوتووکردن یەکێکە لە هێماکانی جوانی و کەشخەیت، بۆیە تا دەکرێت جلەکانت ئوتوو بکە، تاوەکو لە نێو کەسانی دیکە و شوێنی فەرمیدا بە جوانی دەربکەویت، جل ئوتووکردن کات و ماندووبوونی دەوێت، بۆیە دەبێ هەفتەی جارێك کات بۆ ئوتووکردنی جلەکانت تەرخان بکەیت، هەندێ جار کاتت نابێ بۆ ئوتووکردن، بۆیە دەتوانیت ڕێگەی دیکە بگریتەبەر، سەرەتا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشك کەرەوەی قژ، دەتوانیت هەندێك ئاو بهێنێت و بەیۆەی سپرا لە جلەکەتی بدەیت، پاشان هەوای وشك کەرەوەی لێ بدە، ئەو کاتە بە ئاسانیی جلەکەت ئوتوو دەبێت، یان دەتوانیت ئوتووی قژ بۆ ئوتووکردنی جلەکانیشت بەکاربهێنیت، هەرروەها لە ڕێگەی بوخارەکانی سەر کتری چای، یان شوێنی گەرم، یان دەقکردنی جلەکانتەوە بە جوانی ئوتووویێکی سادەی دەبێت، ئەو هەنگاوەش لە بیر مەکە کاتێك جلەکانت دەشۆیت، بە جوانی هەڵیابنخە، تاوەکو دەقی جلەکە نەشکێت لە دوای وشکبوونەوەی و، بە شێوەیەکی ئاسایی دەقەکەی بمێنێتەوە، ئەو جلانەش ماددەی پەموویان تێدایە زوو دەقی دەشکێت و بە ئاسانیش ئوتوو نابێت.




# مۆم بە مۆرکی کولتوور و مۆرکی کوردەواری




مۆم وەك كەرەستەیەكی ڕووناكی و جوانكاری بۆ دیكۆر لە ماڵ و ئۆفیس و شوێنی تایبەت و، هەروەها كەرەستەیەك بۆ ڕازاندنەوەی بۆنە و ئاهەنگ و یادەكان بەكاردێت، جگە لەوەی سەرچاوەی ڕووناكییەكی كزی ڕۆمانسییە. (هودا سەرهەنك) ئەو خاتوونەی هەڵساوە بە دروستكردنی مۆم بە مۆركی كوردی لە كوردستان، ئەو خاتوونە كە خاوەنی پرۆژەی (لالە كەندڵز)ـە بۆ دروست كردنی مۆم، دەربارەی كارەكەی دەڵێت: ئەوە بیرۆكەی خۆم بوو، من مۆمم لا جوانە، بۆیە ویستم كارێك بكەم ئیدی هەر پرۆژەیەك بێت، هەروەها مۆمەكانیش بەرهەمی دەستی خۆمان بێت، گرووپەكەمان لە پێنج كەس پێك دێت، من وەك خاوەن پرۆژەكە ویستم بزنسیكی تایبەت بە خۆمم هەبێت، هەرچەندە بڕوانامەی بەكالۆریۆرسم لە سیاسەت هەیە، بەڵام حەز و خولیام لە كاری مۆمدا هەبوو، توانیم سەرەتا كارگەیەكی بچووك دابنێم، و بە نووسینی كوردی شیعر و پەخشان و ڕستەی ناوداران لەسەر مۆمەكە دەستمان پێ كرد، مۆمەكان بە شێوەی جۆراوجۆر دروست دەكەین، كە هەندێكیان شێوەی كۆلێكشنی ڕۆمانسی، یان بۆ جوانیی دیكۆر لە ماڵ و، بۆ شوێن و ئۆفیسەكانیش ئامادە دەكەین، تەنانەت بۆنە و یادەكانیش بە مۆمی دروستكراوی كوردستان و بە دەستی كارمەندانی خۆمان دەڕازێنینەوە، ڕۆژانە دەیان مۆم دروست دەكەین و داواكاریی زۆریشی لەسەرە، چ بە شێوەی ئۆنلاین بێت، یان لە ڕێگەی پێدانی مۆمەكان بە بریكار و شوێنە گشتییەكانی فرۆشتن و بازاڕكردن.



# کەنداو و کۆشکی فیرعەون



كۆشك و كەنداوەكەی فیرعەون پێچەوانەی ڕەفاتر و شێوەی خۆیەتی، چونكە كەنداوێكی دڵرفێنە و دەكەوێتە ناوجەرگەی بەشە وشكانیی ئاوە سافەكانی (سینا)، ئەو كەنداوە بە مەرجان و گیای دەریایی سەرنجڕاكێش بەناوبانگە، بە دووری (١١) كیلۆمەتر دەكەوێتە باشووری ناوچەی (ئیلات) و كەنداوێكی بەردییە، هەروەها كۆشكەكەش لە دەیان ژوور و هۆڵی گەورە و باخچە پێك








## وێنەگرتن بە بەرگگرتنی نایلۆن

بە چەند چرکەیەك وێنەگرتن گەورەترین یادگاری تۆمار دەکرێت، لە دێر زەمانەوە وێنەگرتن بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە، بەم دواییە چەند شێوازێکی سەیری وێنەگرتن دەرکەوتووە کە جێگەی سەرسامی هەمووانە، وەك ئەو وێنەگرە ژاپۆنییە کە شێوازێکی تازەی لە دونیای وێنەگرتندا بە دیهێناوە، (هاوهیکۆ کاواجوشی) وێنەگرێکی ناوداری ژاپۆنە و ئێستا لە شاری تۆکیۆ بە کارە ناوازەکانی بەناوبانگە، لە پرۆژەیەکی تازەیدا بە نایلۆن کارەکانی ئەنجام داوە وەك ئەوەی لە وێنەکانیدا دەردەکەون، بیرۆکەکەی لەژێر ناوی ( Flesh love) هاتووە، کە بە واتای گرێدان، یان لەحیمکردنی خۆشەویستی دێت، بۆ نموونە: دوو کەسی هێناوە و بە نایلۆن خۆیان و ئەو شوێنەی وێنەیان گرتووە سەراپای بە نایلۆن بەرگ گرتووە و داپۆشیوە، وەك هاوسۆزییەکی نێوان ئەو دوو کەسە و ئەو شوێنەی لێی وەستاون، یان دانیشتوون. ئەوانەی لە وێنەکاندا و لە نێو نایلۆنەکاندا دەبن، هەناسەیان نامێنێت، بەهۆی ئەوەی بە نایلۆن ڕووپۆش کراون، بۆیە وێنەگرەکە تەنیا (١٠) چرکەی پێویستە کە هەناسەیان ببڕێت تا وێنەکەیان دەگیرێت.



دێت. ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٤) کیلۆمەتر دووجا، پلەی گەرمی لەو شوێنەدا بە درێژایی ساڵ لە نێوان (١١ تا ٢٢) پلەی سەدییە، بەم هۆیەش بووەتە شوێنێکی گەشتیاری و، زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن سەرنجیان بۆ کۆشکەکەی (ڕامسیسی سێیەم) دەچێت کە بە فیرعەون ناسراوە و، لە نزیکەوە وێنەی لەگەڵدا دەگرن، ئەو کۆشکە لە ساڵی (١١١٦) زایینی لەلایەن سەڵیبیەکان دروست کراوە و تا ئێستا ماوە.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا، هەردوو زلهێزەکەی جیهان ڕکابەرن لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، یەکێکیان سامان و پارەی جیهانە، ئەوەی دیکەش دەستبەسەرداگرتنی وزە و نەوتە.

# نمایشی باڵندەی خۆماڵیی ڕەنگاوڕەنگ

کێڵگەی (بیل جۆزی)، کە دەکەوێتە شاری (گیلفۆردی لە ویلایەتی کۆنتیتیکتی ئەمریکی)، بە عەلەشیش و نەعامەکانی سەرسامت دەکەن، بەهۆی ئەوەی زۆربەی باڵندەکانی ئەو کێڵگەیە ڕەنگاوڕەنگن، واتە عەلەشیش دەکەوێتە بەرچاوت بە ڕەنگی پرتەقاڵی و سەوز و زەرد و وەنەوشەیی و شین و هتد...، ئەوەش دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی هەموو ئەوانە کە سەردانی کێڵگەکە دەکەن، خاوەن کێڵگەکە ماوەی شەش ساڵە ئەوە نمایش دەکات، سەرەتای ئەو بیرۆکەیە لە ساڵی (١٩٤٠) دەرکەوتووە، کە بە هێنانی وشترمر (نعامە) دەستی پێ کردووە تا جێگەی سەرنجی خەڵك بێت و سەردانی بکەن، بەڵام ئەمجارەیان عەلەشیشی ڕەنگاورەنگ لەو کێڵگەیەدا سەرنجی هەموانی ڕاکێشا، خاوەنی کێڵگەکەش هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەو باڵندە ڕەنگاوڕەنگانە نەداوە، وەك ئەوەی نهێنی خێزانییە و بابەتێکی تایبەتە.






## نوکتە

کوڕێك بە دوای کچێك کەوتبوو، لە خۆیەوە دەیگوت: چوار خانوومان هەیە، دوو ئوتۆمبێل، دوکانی زێڕەنگری و خاوەن پارەیەکی زۆرین، کچەکە ئاوڕی دایەوە و کوڕەکەی بەلاوە جوان نەبوو پشتگوێی خست و ڕۆشت، کوڕەکەش لەبەر خۆیەوە گوتی، هەموومان فرۆشت!




## لوسی و دیسی - Lucy And Desi




باس لە دوو هاوڕێ دەکات بە ناوی (لۆسیل باڵ و دێزی ئارناز)، کە بەیەکەوە بە بەخت دەبن و لە دووری یەکتریش بەختیان باش نابێت، دواتر دەبن بە دوو هاوڕێی نزیکی یەکتر و دەبن بە کەپڵ، فیلمەکە لە مانگی دووی ئەمساڵ بەرهەمهێنراوە، کە لە دەرهێنانی (ئەیمی پۆیلەر) لە نووسینی (مارك مانرۆی) یە، لە نواندنی کۆمەڵە ئەکتەرێکی ناوداری جیهانن، بەهۆی ئەوەی فیلمێکی دیکیۆمێنتارییە، ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە بریتیین لە: نیکۆڵ کێدمان، خافێر باردیم، لیندا لاڤین، ئالیا شیوکەیت، جەی کەی سینمۆنز، نینا ئەریاندا، جەیك لەیسی، تۆنی هەیل، کاراك گریگ، ئەم فیلمە یەکێکە لە فیلمەکانی وەرگیراو لە زنجیرە فیلمەکانی (Being the Re-chard) کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نمایش دەکرا.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە دەبینیت هەنگاوەنت گەورەدەبن و بەرەو ئامانجەکانت دەڕۆیت و، هەست بە ئاسودەیی دەکەیت، هەمیشە لە کاتی گونجاودا گفتوگۆ لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکە، ناکۆکیی زۆر لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت، توشی ماندوبونت دەکات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاتەکانت بە فیڕۆ مەدە، بیر لە داهاتووت بکەرەوە، ئەم ماوەیە ڕووبەڕووی قورساییەکی زۆر دەبیتەوە لە کارەکەت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە هەندێك گۆڕانکاری ڕووبدات و بێزار ببیت، لە لایەنی تەندروستییەوە وا باشترە گرنگی بە خواردنی میوەکان بدەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

قۆناغەکانی کارکردن ڕەنگە پەستانی دەروونیت بۆ دروست بکات و جەستەشت ماندو بێت، هەوڵ بدە ڕۆژێك پشوو بدەیت، هەندێك پرسیار خۆشەویستەکەت توورەدەکات و هێندە بایەخی نییە، باشترە بزانیت چۆن دەدوێیت، لەو ساتانەی لە ناخەوە توڕەیت، پاراستنی ئارامی لە ڕەفتارەکانتدا زۆر گرنگە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەی ڕابردوو بێزاریت پێوە دیار بوو، بارودۆخی کارەکەت زۆر باشە بۆ ئەوەی لە ئێستادا کاربکەیت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، بە خێرایی بڕیار لەسەر خۆشەویستەکەت مەدە، بەڵکو لە نێوانتاندا متمانە دروست بکەن، ڕاهێنانی وەرزشی بەیانیان زۆر بەسوودە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕێگە مەدە کێشەکان کارەکانت تێك بدەن، بەپێچەوانەوە پێویستە زۆر لۆژیکی بیت و بتوانیت بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵبیت، خۆشەویستەکەت چاوەڕێی هەنگاوێکە لە تۆوە، بەتایبەت بۆ ئەو بابەتانەی لە ڕابردوودا بەڵێنت پێ داوە، بایەخ بە تەندروستی دەروونیت بدە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە گۆڕانکاریی گەورە ڕوودەدات و وا باشترە لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بیت، کە پێت سپێردراوە، خۆت بەدوور بگرە لە هەر هۆکارێك کە دەبێتە هۆی ناکۆکی لەگەڵ خۆشەویستەکەت، یان هاوبەشی ژیانت، متمانەت بە خۆت هەبێت و لە خواردنی خراپ دوور بکەوەرەوە.



## پەند و وتە

نووسەری شانۆیی ئەڵمانی (ئیگوین بیرتۆلت فریدریشچ برێشت) لە ساڵی ١٨٩٨ لە شاری ئۆگسبۆگ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خوێندنەوەی کتێب دەڵێت: ئەوانەی هەست بە برسێتیی عەقڵ و بیرکردنەوە دەکەن، یان هەست بە برسێتی دەکەن، با کتێبێك نۆش بکەن، مەبەستی وایە بخوێننەوە، چونکە کتێب چەکە بۆ داکۆکیردن لە عەقڵ و بیرکردنەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کە کۆمەڵێك وێنەی گیانداران و دار و گیا و گوڵ هەن، هەروەها مرۆڤێکیش لە وێنەکەدا هەیە، هەوڵ بدە مرۆڤەکە بدۆزیتەوە.

بۆ زانیاریت

# ئاو خواردنەوە

ئاو خواردنەوە زۆربەی کات کارێکی باش و تەندروستە، بەڵام هەندێك کات پێویست ناکات ئاو بخۆیتەوە، چونکە زیانی هەیە، ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو کاتانەی کە نابێت ئاوی تێدا بخۆیتەوە: ڕاستەوخۆ پاش چوونە ناو جێگا، چونکە لەکاتی خەودا گورچیلە سست دەبێت و ناتوانێت بەباشی ئاوەکە بپاڵێوێت، بۆیە خواردنەوەی باش نییە و بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستیت دەبینیت ڕوخسارت دەئاوسێت. لەکاتی وەرزشکردن، بەهۆی ئەوەی لەکاتی وەرزشدا پلەی گەرمیی جەستە بەرز دەبێتەوە، خواردنەوەی ئاو لەناکاو دایدەبەزێنێت و، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرئێشەو گێژبوون، بۆیە بەپێی توێژینەوە پزیشکییەکان ڕێنمایی دەکرێین دوای وەرزش ئاو بخۆینەوە. ئەگەر میزەکەت هیچ ڕەنگی نەبوو، مانای ئەوەیە ئاوی زۆر لە جەستەتدایەو سۆدیۆم لەجەستەت کەمبووەتەوە، بۆیە تا ماوەیەك ئاو مەخۆرەوە. لەکاتی خواردنی توونی، کاتێك شتی توون دەخۆیت نابێت بۆ نەهێشتنی کاریگەرییەکەی ئاو بخۆیتەوە، چونکە زیاتری دەکات، بەڵکو دەتوانیت شیر بخۆیەتەوە. لەکاتی نانخواردن، کاتێك نان دەخۆیت ئاو خواردنەوە زیان بەپرۆسەی هەزمکردن دەگەیەنێت و باش نییە. ئەگەر ئەو ڕۆژە ئاوت زۆر خواردبویەوە، نابێت ڕۆژانە لەڕێژەی پێویست زیاتر ئاو بخۆیتەوە، چونکە زیانی دەبێت بۆ گورچیلە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپیشەکانت ڕەنگە قورس بێت، بەڵام دەبێت بە نەرمونیانی هەوڵ بدەیت زاڵبیت بەسەر هەمو بارودۆخێکدا، بەخشینی سۆز بە خۆشەویستەکەت، کاریگەری لەسەر پەیوەندیتان هەیە و زیاتر متمانەی بە تۆ دەبێت، خواردنەوە ڕووەکییەکان فەرامۆش مەکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

متمانەت بە خۆت هەبێت و سوود لە ئەزموونەکانت وەر بگرە، بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانت، گرنگە پەیوەندیی سۆزداریت لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بێت، ئەگەر کێشەیەکی تەندروستیت هەیە، فەرامۆشی مەکە و زوو سەردانی پزیشك بکە، لە پێناو تەندروستییەکی باشتر.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بەشێکی زۆر لە کارە ئاڵۆزەکان ڕوون دەبێتەوە و پەیوەندییت لەگەڵ هاوپیشەکانت چالاك دەبێت، لە بەردەمتدا کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ هەیە، کە پێویستە ئەنجامی بدەیت لە پێناو سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداریتدا، لە هەندێك ڕەفتار و دابونەریتی خۆت دووربکەوەرەوە کە دەبێتە هۆی تووڕەبوونت.

**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی تۆ دەبێت و سوود لە ئەزمونی ڕابردوو وەربگرە، هەستەکانی خۆشەویستەکەت روونە و، ئەو هەوڵ دەدات زیاتر لێت نزیك ببێتەوە، لەڕووی تەندروستییەوە خۆت بەدووربگرە لە هەموو ئەو خۆراکانەی کە زیان بە گەدەت دەگەیەنێت.


**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە بەردەمتدا کۆمەڵێك ئەرك و کاری زۆر هەیە، کە پێویستە لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەیت، بۆ ئەوەی پرۆژەکانت بە باشی بەڕێوە بچن، هەرگیز لە داواکاریی خۆشەویستەکەت بێزار مەبە، هەوڵ بدە تێگەیشتن هەبێت، شێوازی ژیانت بگۆڕە بۆ شێوازێکی تەندروست، لەپێناو پاراستنی تەندروستیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


لە خۆتەوە هەموو کارێك ئەنجام مەدە، بەڵکو هەوڵ بدە بە وریاییەوە کارەکانت بکەیت و مامەڵەی هەموان بکەیت، بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبیت، هێندە پەستان مەخەرە سەر خۆشەویستەکەت، چونکە زیان بە پەیوەندیتان دەگەیەنێت، خۆت بەدوربگرە لە بیرکردنەوەی نەرێنی.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
March 28, 2022 Issue,No.1310

TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626